# ڕۆڵی باشووری کوردستان لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا

# و

# چەند بابەتێکی مێژوویی

ڕەسوڵ بۆسکێنی

چاپی دیگیتاڵی

٢٠٢٢

ئامادەکردنی: هەواڵنامەی کتێب

چاپی دیگیتاڵی

٢٠٢٢

ئامادەکردنی: هەواڵنامەی کتێب

# ڕۆڵی باشووری کوردستان لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا

و

# چەند بابەتێکی مێژوویی

ڕەسوڵ بۆسکێنی

## ڕۆڵی باشووری کوردستان لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا

### بارودۆخی نالەباری دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری

نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بۆ هەردوو ئیمپڕاتۆری ئێران و تورکیا قۆناغی هەرەس هێنان و داتەپین بوو، ئاشوب سەرانسەری ئیمپڕاتۆری تەنی بۆوە، هەردوو ئیمپڕاتۆری لەسەرە مەرگ دابوون، بە ئەندازەیەك گیرۆدەی تەنگوچەڵەمەی سیاسی و نائارامی ببوون سەریان لێ شێوا بوو، نەدەپەڕژانە سەر هیچ شتێك.

کوردستان لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لەناو ڕەوشێکی تا دوا ڕادە بەربادو وێراندا دەژیا، جەنگ و شوێنەوارەکانی جەنگ هەموو گۆشەیەکی ئاوەدانی کوردستانی وێران کردبوو، باجی زۆر و زوڵمی باجگرەکانی هەردوو دەسەڵاتی ناوەندی، جوتیارانی هەردوو دیوی سنووریان دادۆشیبوو، قورسایی زۆری بودجەی جەنگەکانی عوسمانی و سەربازگیری کوردەکان بڕستی لە کوردەکان بڕیبوو، دارِزانی ئابووری ئیمپڕاتۆری عوسمانی و قاجاری هێندەی دیکە بینی لە ئابووری کوردستان گیرکردبوو، زۆربەی جار سوپای ناوەند بەسەر نێزە و چەك باجی زۆریان بۆ خەزێنەی بەتاڵبوویان کۆدەکردەوە و گوند و شارۆچکەکانیان خەڵتانی خوێن دەکرد، ڕەنگە ڕووداوی کانوونی یەکەمی (١٨٧٢)ی مەرگەوەڕ کە سوپای ئێران بۆ باج سەندن وماڵیات وەرگرتن ئاگریان لەو ناوچەیە بەردا و ڕانە مەڕیان دەدزی نموونەیەکی زۆر بچوك بێت.

لە کاتی جەنگی ڕووسی – عوسمانی (١٨٧٧) سوڵتان عەبدولحەمید بانگی جیهادی دا، بۆ بەشداری موسڵمانان لە غەزای ڕووس دا، شێخ عوبەیدوڵڵا لەگەڵ چەند سەد کەس لە موریدەکانی خۆی، بەدەم ئەم بانگەوازەوە چوو بۆ قۆڵی بایەزید، کە لەلایەن سوپای ڕووسەوە داگیرکرابوو، لە ڕۆژانی شەردا نزیکەی پێنج هەزار کورد، کەلەسەرانسەری کوردستانەوە هاتبوون، لەژێر سەرکردایەتی ئەودا کۆبوونەوە.

لە بانگەوازی جیهاد، کوردان لەهەموو لایەکەوە بەدەوری شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا کۆبوونەوە، چونکە ئەم شێخە ناوی (سوڵتان ئەلعەشایر)ی لە خۆینابوو، کەوتبووە سەر کەڵکەڵەی سەروەری و سەربەخۆیی، لەهەموو لایەکەوە، خەریکی کۆکردنەوەی کەرەستە و چەك و چۆڵی شەڕ و سەربازی بوو، لەساڵی (١٢٩٤ك – ١٨٧٧ز) کە دەوڵەتی عوسمانی هەرا و پشێوی تێکەوت شێخ عوبەیدوڵڵا شێخانی ئالی عوسمانی چوونە لای و فەرماندە و سەرانی لەشکری عوسمانیش ئامادەبوونی ئەمیان بەهەلزانی و بەوپەڕی ڕێزەوە هێنایانە ناو (شار) و هاتنی ئەویان بەتەلگراف بەسوڵتانی عوسمانی ڕاگەیاند و لە (بابی عالی)شەوە فەرمان بە سەرکردەکانی لەشکر درا، تا چادر و کەرەستەی شەڕی بۆ ئامادە بکەن و سوروساتی خۆیان بەگوێرەی پێویست بۆ دابین بکەن.

کوردەکان حەزیان نەدەکرد بەشداری ئەو جۆرە کردەوە جەنگەڵیانە بکەن، هەر لەسەرەتای شەڕەکەوە نارەزایی و مل نەدانی خۆیان پیشانی سەرۆکە شێخەکانیان داو هەر ئەوەندەی هەلیان بۆ هەڵکەوت مەیدانی شەڕیان بەجێ هێشت.لەبروسکەی فایق پاشا لە (١٧)ی تەموزی ساڵی (١٨٧٧) بۆ موختارپاشای ناردبوو، ئاشکرا ئەو ترسە گەورەیەی دەردەخات چۆن کوردەکانی سەر بە شێخ عوبەیدوڵڵا بەهۆی کەمی ئازوقە و نەبوونی چادرەوە نیازی بڵاوە لێ کردنیان هەیە و چەکە کۆنەکانیان فڕێ دەدەن و چەکی نوێ تر و شتی تر کۆ دەکەنەوە و دەیبەن. زۆری نەبرد کوردەکان کەوتنە ئەوەی دەستە دەستە وازبێنن، ئەمەش شێخ عوبەیدوڵڵای ناچار کرد واز لەو هێزە بێنێ کە ئابلۆقەی بایەزیدی دابوو بەرەو (بارگیر) بگەڕێتەوە.

ئەگەرچی هێزەکانی میلیشیای کورد لەلابەلا کردنی چارەنووسی ئەم جەنگەدا دەورێکی کاریگەر یا باشی نەگێڕا، جەنگ بەسەرکەوتنی ڕووسیا و تێشکانی عوسمانی دوایی هات، بەڵام پایەی شێخ عوبەیدوڵڵا لەناو کوردا لەجاران زیاتر بەهێز و جێگیر بوو، هوشیاری سیاسی زیاتر قوڵ بوو، چاکتر شارەزای دیوی ناوەوەی ئیمپڕاتۆری عوسمانی و لاوازیەکانی و گیروگرفتەکانی بوون، سروشتی دینیی دەوڵەت و جیهاد و غەزای عوسمانی ناسی، نفوزی کاریگەری بێگانە و پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان تێگەیشت، ناسیاوی زۆرتری لەگەڵ گەورە پیاوەکانی کورد و ناوچەکانی پەیداکرد، چاك تر ئاشنای هەلومەرجی ژیانی خەڵکی کوردستان بوو، هەندێك چەك و تفاق جەنگی دەستکەوت، ئەزموونی جەنگی بەدەست هێنا. شوێنی شێخ عوبەیدوڵڵا لەناو کوردا، ناوبانگی لەناوچەکەدا، نەك وەکو شێخێکی تەریقەت، بەڵکو وەکو ڕابەرێکی ناسراوی دینی، سیاسی، سوپایی درەوشایەوە.

بەدرێژایی ساڵەکانی (١٨٧٨- ١٨٨٠) ئابووری کوردستان لە دوا باری تێکچوون و وێرانەیی دابوو، برسێتی بڕستی لە خەڵکی کوردستان بڕیبوو، بەنموونە تەنیا لەناوچەیەکی وەك هەکاری دە هەزار کەس لەبرسان مردن، برسێتی کوردە کۆچەرەکان و نیمچە کۆچەرەکانیشی گرتبۆوە، هەزاران کەس لە ڕەوشێکی بێ هوودەیدا دابوون و بەرەو ناوچەکانی باکوور بۆ سەر سنوورەکانی ڕووسیا ڕایاندەکرد، بەو هیوایەی نەوایەك و ژەمە خواردنێك لە ڕووسیا بەدەست بخەن، ڕەوشی کوردستانی بندەستی ئێران لە کوردستانی بن دەستی عوسمانی چاکتر نەبوو، ڕۆژنامەی " مشاك" لەو بارەیەوە نووسیویە:

" برسێتی لە زۆر ناوچەدا وایان لە خەڵکەکە کردووە هۆش و گۆشیان لەدەست بدەن و باکیان بەسیستم و یاسا نەماوە و بەکۆمەڵ پەلاماری ئەنبارەکانی دانەوێڵە دەدەن، بۆ تاڵان کردنی" لەناو ئەم ڕەوشە پڕ برسێتی و تێکشکانە سیاسی و ڕۆحییەدا شێخ عوبەیدوڵڵا وەکو سەرکردەیەکی کارسماتیکی ڕۆحی و دونیایی بە دیارکەوت. دۆخی قورس و ناهەموار کوردەکانی هان دەدا پشتگیری هەوڵ و تەقەللاکەی شێخ عوبەیدوڵڵا بکەن، ئەو هەوڵ و تەقەللایەی بۆ لێدانی موچەخۆر و دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی تەرخان کردبوو، ئەو دەزگایانەی کار و پیشەیان ڕووتاندنەوەی خەڵك بوو.

شێخ عوبەیدوڵڵا بەو دادپەروەریەی دەینواند، بەو ژیانە ساکار و خاکی و خۆبەکەم زانینەی هەیبوو، خەڵکەکەی ژێردەستی ناچارکردبوو ڕێزێکی زۆری لێ بگرن، " قەت ڕەشوەتی وەرنەدەگرت، ڕێگای نەدەدا خەڵکەکەی دەوروپشتیشی وەری بگرن، ئەوەی لای بدایە بەشی کوشتن بوو، مرۆڤێکی ڕۆشنبیر بوو، بەپێی توانا هەوڵی دەدا لە بیروباوەڕ و جۆری ژیانی کۆمەڵگای خاوەن شارستانیەتی وردبێتەوە، دژی دزی و جەردەیی و تاڵان کردن بوو، حەزی دەکرد نەتەوەکەی ببێتە نەتەوەیەکی دامەزراوی پێشکەوتوو، ڕێزێکی زۆریان لێ دەگرت، وەك سەرۆکێکی دادپەروەر و مرۆڤ خواز سەیریان دەکرد، ناوداری و پایەبەرزی شێخ عوبەیدوڵڵا گەیشتە ڕادەیەك کوردە موسڵمانەکان پاش سوڵتان و شەریفی مەککە بەپیرۆزترین کەسی دابنێن.

شێخ عوبەیدوڵلا بەهۆی ناو و شۆرەتی لەڕووی پاکی و لەخواترسیەوە، بەهۆی توانای شەخسیەوە، وە بەهۆی حەماسەتی لایەنگرەکانیەوە، توانی دەسەڵاتێکی زۆر فراوان و بەرین بەسەر کوردەکاندا وەدەست بێنێ. لەبەرئەوە سەرخێڵ و هۆزە جۆراو جۆرەکان ئامادەبوون گوێ ڕایەڵی بکەن.  وروژاندن و هەستێکی زۆر لەناویاندا بەگشتی خولقێندرا بەو واتەواتەی لەئارادابوون، سەبارەت بەو ئیمتیازاتانەی درا بە ئەرمەنیەکان، گریمانێکی زۆریش هەیە شێخ سوودی لەمە وەرگرتبێ، دەستنیشانی یەکێتی نێوکوردەکانی کردبێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خودی خۆیان. ئامانج و نیازی شێخ یەکگرتنی هەموو کورد بوو، لەهەردوو خاکی تورکیا و ئێراندا، بۆ ئەمارەتێکی سەربەخۆ یا نیمچە سەربەخۆ بەسەرۆکایەتی خۆی.

لەو ماوەیەدا شێخ چەندین نامە و بانگەوازی بۆ سەرۆك هۆزە کوردەکان نارد تا هاوکاری بکەن، بۆ وەدەرنانی دەسەڵاتدارە عوسمانیەکان لە کوردستان، گومانی تێدانیە ئامانجی شێخ لەو نامە و وتارانەدا لەم ماوەیەدا ناردوونی بۆ سەرخێڵە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ڕێکەوتون لەسەر دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتوو بۆئەوەی لە دۆخێکدا بن بتوانن خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوەببەن بەبێ دەستێوەردانی دەسەڵاتدارانی تورکیا یان ئێران.

## سەرەتای دەست پێکردنی ڕاپەڕینەکە

شێخ عوبەیدوڵلا لە بارودۆخی نالەباری وڵات و پەرۆشی بۆ نەتەوەکەی خۆی لەهەوڵی بێ وچان دابوو، بۆ یەکخستنی کورد و ئاراستە کردنیان بۆ ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری، هەرچەندە ئەوەی لەبەر دەستماندایە چەند زانیاریەکی کەمن دەبارەی سەرەتای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە شێخ عوبەیدوڵلا هەر لەبەهاری ساڵی (١٨٧٩) دەستی کرد بە ئامادەکاری بۆ بەرپاکردنی بزوتنەوەیەکی کوردی هاوبەش لە ئێران و تورکیا، هەروەها کاری کرد بۆ ڕاکێشانی ئەو سەرکردە و شێخانەی خاوەنی زۆرترین دەسەڵاتن، لەسەر هەردوولای سنووری نێوان تورکیا و ئێران. بۆئەوەی لابدە لای ڕاپەڕینەکەی.

لەهەمان کاتدا شێخ هەوڵی دەدا بۆ بەدەستهێنانی کۆمەك و یارمەتی دەرەکی بۆ بزووتنەوەکەی لەمەشدا زیاتر شێخ لەمەیدانی سیاسەتکاریدا پشتی زیاتر بە ڕووسیا دەبەست نەك بەریتانیا، کە دەهاتە سەر ئەوەی هەڵوێستی ڕوون بکاتەوە دەیوت: ”باشتر وەهایە لایەنگیری شێر بیت نەك هی ڕێوی“.

بۆ گەشەی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵلا لەوە گەیشتبوو هەتا سەرۆکە کوردەکان یەك نەگرن کورد سەرکەوتن بە خۆیەوە نابینێ، مەرجی هەر گەورە و بەئامانج گەیشتن، تەنیا لە ڕێی یەکێتیەکی ڕاستەقینەی کوردەکان و خۆ ئامادەنێکی قایم و پتە و بۆ پێکهێنانی ڕاپەڕینێك دەهاتەدی، لەبەر ئەوە نوێنەرانی خۆی نازدە هەر چوارقوڕنەی وڵات و داوای لە سەرۆکە کوردەکان کرد بەیەکەوە لە ڕووی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانییە داگیرکەرەکان ڕاست ببنەوە.

شێخ عوبەیدوڵلا لە نامەکانیدا ئەو ڕاسیتیەی دەست نیشان دەکرد تا چ ڕادەیەك میللەت لە دۆخێکی قورس و تاڵ دا دەژی، ئەوەشی دووپات دەکردەوە دەوڵەتی عوسمانی و ئێران کەم و زۆر مافی ئەوەیان نیە سەرداریێی کورد بکەن، کە دەهاتە سەر ڕاپەڕینی چەکداریش شێخ لەوە دەدوا ئەگەر بێتو هەموو سەرۆکە کوردەکان پشتگیری ڕاپەڕینەکە بکەن، سەرکەوتن مسۆگەرە و گومانی تێدا نییە، شێخ لەتەك نامە ناردنیشدا نوێنەری شارەزا و قسەزانی خۆی نازدە لای سەرۆکە کوردەکان، بەو نیازەی مەبەستی شێخیان بۆ ڕوون بکاتەوە و بەلای بزووتنەوەکەدا ڕایان بکێشن، ئەو نوێنەرانەی شێخ گەیشتنە ڕووسیاش، بەناوی شێخەوە داوایان لە کوردەکانی ئەوێ کرد بدەنە تەك ڕاپەڕینە گشتیەکەی کورد.

لە هەمووان زیاتر سێ کەس لە سەردارانی کورد بوونە سۆنگەی بزواندنی شێخ عوبەیدوڵلا، هەمزاغای مەنگوڕ و عەبدوڵلاخانی زەرزا و محەمەد ئاغای ڕەوەند و سەرانی تری عەشایریش پشتیوانیان کرد.

دوای ئەوەی هەمزاغا چووە لای شێخ عوبەیدوڵلا هانیدا دەبێ ڕاپەڕێت، ئەویش کە هەستی بە پێویستی بارودۆخەکە کرد، سەرانی خێڵەکانی بۆ ڕاپەڕین بانگهێشتن کرد. لەهەموو لایەکەوە کوردێکی زۆر لەدەوری شێخ عوبەیدوڵلا کۆبوونەوە.

## یەکەمین پێکداهەڵپژانی کورد و عوسمانی ١٨٧٩

تا ئێستا هەموو ئەوانەی لەسەر مێژووی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلایان نووسیوە، بە درێژی باسی ڕاپەڕین و لەشکرکێشی شێخ عوبەیدوڵلایان لە ساڵی (١٨٨٠) کردووە بۆ سەر دەوڵەتی قاجاری، بۆ ڕزگارکردنی کوردستانی بن دەستی ئێران، بەڵام زانیاری ورد و باوەڕ پێکراو دەربارەی سەرەتای شۆڕش لە نیوەی دووەمی ساڵی (١٨٧٩) بەدەستەوە نادەن، بەتایبەت سەرەتاکانی شۆڕش و یەکەمین پێکداهەڵپژانی کورد و عوسمانی، چۆن سەرەتا شۆڕشەکە دژ بە بابی عالی بەرپابوو، چۆنیش دواتر ڕەوتی ڕووداوەکان وەرسوڕانەوە بۆ لەشکرکێشی بۆ سەر ئیمپڕاتۆری ئێران، بێگومان کۆمەڵێك هۆکار و ڕووداوی جیۆپۆلیتیکی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی ڕۆڵیان بینی لە تەقینەوەی شۆڕشەکە و ئاراستەکردنی شۆڕشەکە ڕووە و ئێران. لەوانە: شکانی ئیمپڕاتۆری عوسمانی لەبەرامبەر ڕووسیای قەیسەری، بەشی زۆری هەرێمە موسڵمانە ناتورکیەکانی لە ڕۆژهەڵات دژی بابی عالی ڕاست کردەوە، دواتر کۆنگرەی بەرلین (١٣ی تەموزی ١٨٧٨) و هێنانەپێشەوەی پرسی ئەرمەن لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، بەپێویستیەوە ڕووبەڕووی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کورد دەبوونەوە، مادەی (٦١)ی کۆنگرەی بەرلین، کە داوای چاکسازی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەکرد.

بەداخەوە تائێستا مێژووی یەکەمین پێکداهەڵپژانە چەکداریەکانی عوسمانی و شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا ڕوون نیە، چۆن و کەی و لەکوێ سەری هەڵدا، بەڵام بەڵگەنامەکانی باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عوسمانی ئاماژەیان بەو ڕووداوانە داوە، کە (د. نەجانی عەبدوڵا) لە دووتوێی کتێبێکدا چاپی کردوون، ئەگەرچی پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زیاترە، بەڵام هەندێك زانیاریمان لەسەر ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە بۆ ڕوون دەکەنەوە، ئەو بەڵگەنامانە گرنگی زۆریان هەیە، سەرەڕای ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بوون، بەهۆی ململانێ نێودەوڵەتیەکانەوە هەریەك لە ڕووسیا و بەریتانیا ڕۆڵی زیاتریان هەبوو لەبەرپابوونی شۆڕشەکەدا وێڕای ئێرانی و عوسمانیەکان، بەڵام فەرەنسا ئەوەندەی ڕووسیا و بەریتانیا خاوەن بەرژەوەندی نەبوون و بێ لایەنانە تر ڕەفتاریان کردووە، ئێمە لێرە جارێکی دیکە ئەوانە بیر دێنینەوە، تا شارەزایانی ئەو بوارە زیاتر بەدواداچوونی بۆ بکەن.

## سەرەتای ڕاپەڕینەکە

شێخ عوبەیدوڵلا کە شوێن ئامانجی کوردستانێکی سەربەخۆ کەوتبوو، سەرەتا ڕاپەڕینەکەی لە کوردستانی بندەستی عوسمانی دەست پێکرد، لە وان و موسڵ بەئاراستەی ڕەواندز و کەرکوك و سلێمانی، سەرەتای

ڕاپەڕینەکە لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٩ لە هەردوو ویلایەتی وان و موسڵدا ڕوویدا، دواتر بەرەو ئاراستەی ڕەواندز و شاری کەرکوك پەرەی سەند و توانیان کۆنترۆڵی لای چەپی ڕووباری دیجلە تا ئەو بەری کەرکوك بکەن، لەوبارەیەوە باڵوێزخانەی فرەنسا لە بەشی ئەتاشەی سەربازی لە تێراپیا (١٢)ی ئۆکتۆبەری (١٨٧٩) دەربارەی ڕاپەڕینی کوردستان بۆ وەزیری وڵاتەکەی دەنووسێت:هەوەڵین نیشانەی ئاشوبی (ڕاپەڕین)ی کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی بەر لە پێنج مانگ، شۆڕشەکە لە تخوبی هەردوو ویلایەتی دیاری کراوی وان و موسڵدا دەستی پێکرد، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی حوزەیرانەوە بەڕێز سیوفی (Siofi) کارداری جێگری کونسولی فرەنسا لەموسڵ ئاماژەی کرد بۆ دەستپێکی ئەم بزاڤە لەناو هۆزەکانی نێوان دەربەندی زابی گەورە، لەڕۆژهەڵاتی چیای ( Dschoudid- چیاییەکانی کاردۆخ) و ناو قەزای ئامێدی و ئاکرێ، کە سەر بە ویلایەتی موسڵن، لەو کاتەوە شۆڕش بە بەرفراوانیەکی زۆرەوە خوارووی ڕۆژهەڵات، بە ئاراستەی ڕەواندز و تا کەرکوکی گرتبۆوە.

بەڕێز (سیۆفی) ئاماژەی بەوە داوە سەرۆکی هەرە دیاری ئەم فیۆداڵیتەی کورد شێخێکی چیاییە، ناوەکەی لەکاتی جەنگی (ڕووسی – عوسمانی) لە ساڵی (١٨٧٧) دا هاتۆتە ناوانەوە، پێی دەڵێن شێخ عوبەیدوڵڵا. ئەوەی ئەوە دەچەسپێنێ ئەوەیە ئەم سەرۆکە بە پۆلێکی (٧٠٠) تا (٨٠٠) لایەنگیرەوە دەستی پێکردووە و لەمانگی تەمووزەوە ژمارەیان بوو بە (٥٠٠٠) کەس، لەو کاتەوە هێزەکانی ڕۆژبەڕۆژ زیاد دەکەن، لەلایەکی دیکەوە شێخ عوبەیدوڵڵا هیچ شتێکی فەرامۆش نەکردووە، لەوەتای بڕیاری داوە سەرکردایەتی ئەم بزووتنەوەیە بگرێتە دەست، کە بنچینەکەی وا پێدەچێ خۆکردی (عفوی) (١) بێت، بۆ ئەوەی هەموو گرنگیەکی پێ بدات، کە بشێ بیخاتە بندەست خۆیەوە، شێخ لەبەرامبەر هاونیشتمانیەکانیەوە بەرپرسیارێتی ئەم چەك هەڵگرتنەی خستەسەر شانی خۆی و بەئاشکرا ڕایگەیاند پاڵەوانی کوردە چەوساوەکانە، بە بانگەوازی کردنی کوردەکان بۆ خۆگردکردنەوە لە دەوری ئەو چەندین نامە و بانگەوازی دۆستانەی بۆ هەموو هۆز و بەگەکان نارد، تا بانگهێشتیان لێ بکات بۆ ئەوەی پەیوەندی پێوە بکەن، تەواوی ناوچەی باشوور و ڕۆژهەڵات کە ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی ئەو دابوون، یەکەمین ناوچە بوون وەڵامی ئەم دەست لەپشت دانەیان دایەوە و هەموویان بەتەواوی ڕابوون، هەقی ئەوەمان هەیە وابیر بکەینەوە کوردەکانی باکوور بە پیر جوڵانەوەکەوە دەچن، چونکە لە کۆتایی تەمووزەوە لە موسڵەوە نووسیویانە، ژمارەیەکی زۆر پەیوەندیان پێوە کردووە، و بێ وەستان دەگەنە ئامێدی و قەزایە هاوسێکانی.

شێخ عوبەیدوڵڵا بەو نیازەی پشتگیری نەتەوە دراوسێکانی تریش مسۆگەر بکات، لەگەڵ مارشەمعونی سەرۆکی ئایینی ئاسووریەکان و شەریفی مەککە و خدێوی میسر کەوتە گفتوگۆ، عەرەبەکانی ویلایەتی بەغدا، لەڕێی فەرغان پاشای سەرۆکیانەوە شێخ عوبەیدوڵڵایان ئاگادارکرد ئامادەن پشتگیری بکەن.

بەپێی ئەو ڕێکەوتنە دەبوو هێزەکانی کورد دوای داگیرکردنی موسڵ لەگەڵ هێزەکانی عەرەب یەك بگرنەوە، دابەش کردنی هێزەکانی ڕاپەڕینەکە بەم جۆرە بوو: بەشێك لە هێزی ڕاپەڕیوەکان بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادری کوڕە بچووکی شێخ عوبەیدوڵڵا لەگەڵ هێزەکانی عەشرەتی مەنگوڕ و مامەشی ئێران دەبوو شارەکانی ئامێدی، موسڵ داگیربکەن. بەشێکی تریش بەسەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا دەستگا بەڕێوەبەرایەتیەکانی شاری وان بگرن.

لەو ڕۆژانەدا کاتێك ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە خۆ کۆکردنەوەدابوو، لەشوباتی ساڵی (١٨٧٩) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی گۆماوی وان بزووتنەوەیەکی لە خۆڕا (عفوی)(١) لەناو عەشرەتی حیدرانلی دژی دەوڵەتی عوسمانی سەری دەرهێنا، بەقسەی ڕائید تروتێری کونسولی ئینگلیز لە ئەرزروم هۆی سەرەکی ڕاپەڕینی حیدرانلی هەژاری و برسێتی و بێ سەروشوێنی بوو. بزووتنەوەکەی حیدرانلی چالاکانە دایە پاڵ شێخ عوبەیدوڵڵا.

شێخ عوبەیدوڵڵا لە سەرەتای ئابی ساڵی (١٨٧٩) لەسەر کوردەکانی گەراکلی هەڵی دایە و نوێنەرانی خۆی ناردە لای کوردە دراوسێکان و داوای لێکردن لابدەنە تەك ڕاپەڕینەکەی و بانگەوازێکی بڵاوکردەوە، لەو بانگەوازەدا لەوە دەدوا جاران ناوچەکانی کوردنشین لەژێردەستی عوسمانیدا نەبوون، ئەوەشی تیا ئاشکرا کرد کە خەریکی خۆ ئامادەکردنە بەو نیازەی پەلاماری ئامێدی بدات. شێخ عەبدولقادری کوڕیشی ناردە سەر هێزەکانی سەرداری موسڵ کە بێ بەزەییانە خەڵکی ناوچەکەیان دەچەوساندەوە.

لەم ڕووەوە کرێبلی کونسولی ڕووس لە ئێران لە کانوونی یەکەمی ساڵی (١٨٧٩) دەنووسێت: شێخ نیازی وایە ڕاپەڕینێك دژی دەوڵەتی عوسمانی هەڵگیرسێنێ، بەتەمای ئەوەیە لە کوردستانی عوسمانی حکومەتێکی سەربەخۆ بەسەرۆکایەتی خۆی پێك بێنێ و شاری موسڵیش بکاتە بنکە و بارەگا.

یەکەم کردەی شۆڕشەکە لە هەر کوێیەك هەستیان بکردبوایە باڵادەستن کاربەدەستە تورکەکانیان ڕاودەنا. وەك ئەوەی دەڵێن لە بەرواری ژووروو و لە ڕەواندز ڕوویاندا. لەموسڵ واباوە شێخ بۆ ڕاپەڕین عەبدوڵڵا ئاغای بەگی کوردی زێباری هانداوە بۆ ئەوەی بەهێرشێکی لەناکاو شوێنی چکۆلەی ناوەندی بەهێزی ئامێدی بگرێ، کە دەیەوێ بیکات بە بارەگای حکومەتەکەی.

لەهەموو ئەم جاڕنامانەدا شێخ عوبەیدوڵڵا ڕایدەگەنێت بڕیاری داوە دەست بکات، بەخەباتێکی تاسەر دژ بەتورکەکان و هەمیشە ئەوە زیاد دەکات کوردەکان بێ تاقەت بوون لە دانی باج و چەوساندنەوە، داوای خاوەندارێتیەکی هاوچەشنی ئەوەی بوڵگارەکان هەیانە دەکات، بەپێشکەوتنی ڕووداوەکانەوە شێخ ڕایدەگەیەنێ سەرکردایەتی ئەم دەوڵەتە نوێیە وابەستەیە دەگرێتە ئەستۆی خۆی، کە ساڵانە سەرانەیەکی سادە بە دەسەڵاتی سوڵتان بدات.

## تەنیا مەبەستی کوردستانی نێو قەڵەمڕەوی عوسمانی نییە

شێخ لایەنی دیپلۆماسیشی پشت گوێ نەخست، بۆ ئەم مەبەستە لەمانگی ئەیلولدا دووجار پێوەندی بەڕووسەکانەوە کرد و داوای هاوکاری لێ کردن، بۆ ئەمەش یوسف ئاغای ناردە کونسوڵخانەی ڕووسیا لەوان، بەڵام ڕووسیا ئامادەیی دەرنەبڕی بۆ هاوکاری کورد، وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لەو بڕوایەدابوو شێخ عوبەیدوڵڵا تەنیا مەبەستی کوردستانی نێو قەڵەمڕەوی عوسمانی نییە، بەڵکو پەلاماری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانیش دەدات، ئەم کارەیان لەبەرژەوەندی خۆیان نەدەبینی، جارێکی دی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ئۆکتۆبەری ١٨٧٩ پێوەندی بەکونسوڵخانەی ڕووسیاوە کرد، لەناو دەوڵەتی عوسمانی کە هاوکاری بکەن، بۆ جاری سێیەم سەید محەمەد سەعیدی وەك نوێنەری خۆی نارد بۆ لای کامساراکانی کۆنسوڵی ڕووسیا، سەید محەمەد بۆ ڕووسەکانی ڕوون کردەوە، خراپی دەسەڵاتی عوسمانیەکان بەرامبەر بەکورد، داوای هاوکاری لە ڕووسەکان کرد و بیری خستنەوە، کە چۆن هاوکاری ڕووسیا بوون،

لە کاتی ململانێکان لەگەڵ عوسمانیەکان و بەریتانیەکان، بەڵام ڕووسەکان بەهیچ شێوەیەك هاوکاری کوردیان نەکرد، بەپێچەوانەوە دژایەتیشیان دەکردن. لەگەڵ ئەوەشدا شێخ عوبەیدوڵلا لە هەوڵە دیپلۆماسیەکانی بەردەوام بوو لەگەڵ کاربەدەستانی ڕووس و بەریتانیا.

## گەشەکردنی ڕاپەڕینەکە

لەماوەیەکی کەمدا ڕاپەڕینەکە پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینی و زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە، سەرەتا دەوڵەتی عوسمانی ویستی لەڕێگای نوێنەر و ئاگادارکردنەوە، وابکات شێخ واز لە ڕاپەڕینەکەی بێنێ، لەوبارەیەوە باڵوێزخانەی فەرەنسا لەپاشکۆی ڕاپۆرتی ژمارە (١٤٩) تێراپیا (٢٨)ی ئۆکتۆبەری (١٨٧٩) دەڵێت: لەوەتای دوا بروسکەنامەی (٣٩)دا کە شەرەفی ئەوەم هەبوو لە مێژووی (٨)ی سێپتامبەری ڕابردوو بۆ جەنابی بەڕێزتان ڕەوانە بکەم، شۆڕشی چەکداری کورد چووەتە قۆناغێکی ناسك و گرنگی زۆری بەخۆیەوە گرتووە، لە ژمارەیەك لە مزگەوتدا ناوی شێخ عوبەیدوڵلا سەرۆکی ڕاپەڕینەکە لەجیاتی ناوی سوڵتان لە خوتبە یا نوێژی هەینی دا خوێندراوەتەوە. هەروەها لەوەشیان دڵنیا کردمەوە ئەم شێخە لەقەبی پاشای بە ژمارەیەك لە نزیکانی خۆی بەخشیوە. ئەوەشی ڕاگەیاندووە تورکەکان بەهیچ شێوەیەك موسڵمانی تەواو نین.

بۆیان نووسیوم فەیزی پاشا دوو کەسایەتی کورد یەکێکیان لە کەرکوك و ئەوی دیکەشیان لەسلێمانیەوە وەکو وەفد ناردۆتە لای شێخ عوبەیدوڵلا، تا ئاگاداری بکەنەوە و هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی بڕیار بدات مل بدات، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود بووە و ئەم نێراوانە سەرنەکەوتوون.

ڕاپەڕینەکەی کورد گەلێك لە ناوچەکانی کوردستانی تورکیا و ئێرانی گرتەوە، لەبەرئەوە مایەی سەرسوڕمان نەبوو ئینگلیز بەئاگاداریەوە چاوی تێ ببڕێت و هەوڵی لەناوبردنی بدات. مێجەر ترۆتێری کونسوڵی بەریتانیا لە ئەرزروم ڕاپەڕینەکەی کوردی هێندە لا گرنگ و سامناك بوو، ناچار ماوەیەکی درێژ لە ئەرزروم مایەوە و بەشداری هەموو ئەو خۆئامادەکردنەوەی کرد بۆ کە لێدانی ڕاپەڕینەکەی کورد لە گەڕدابوو.

ئەستەمبوڵ دوای ئەوەی زانیاریەکی باشی لە خۆئامادەکردنەکەی شێخ کۆکردەوە، کەوتە خۆی لە پایزی (١٨٧٩) موشیرسامی پاشای لەشکری چوارەمی ڕاسپارد ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر و بەرەو ڕاپەڕینەکە بچێت، حکومەتی عوسمانی کەهەستی بەمە کرد خێرا موفتی وانی نارده لای شێخ، بەنیازی ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، هەرچەندە گفتوگۆکە هەفتەیەکی نەخایاند، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی نەدا بەدڵی کاربەدەستانی عوسمانی بێت، شێخ عوبەیدوڵلا مەبەستی خۆی بۆ موفتی خستەڕوو، بەتایبەتی نارەزایی خۆی دەربارەی دەستگاکان و خراپ بەکارهێنانی بەڕێوەبەرایەتی ئەو دەستگایانە دەربڕی.

## داوای گفتوگۆ لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلا لەلایەن عوسمانیەوە

هەموو ئەو دەنگوباسانەی لەلایەن چاوەڕاکانی ئینگلیزەوە دەربارەی کوردستان کۆدەکرانەوە، خێرا دەگەیشتە سامی پاشا. ئەمەش وای کرد سامی پاشا ئاگای لە دۆخی ڕاپەڕینەکە بێت و بزانێت چۆن هەنگاو هەڵ بێنێ و چی بکات. سامی پاسا حەزی کرد چاوی بەشێخ بکەوێت و داوای ڕوون کردنەوەی هۆیەکانی ڕاپەڕینەکەی لێ بکات، بەڵام شێخ ڕازی نەبوو چاوی پێی بکەوێت و لەگەڵیدا کۆببێتەوە.

شێخ هۆی پەلاماردانی پیاوەکانیشی بۆسەر ئەو هێزەی لە موسڵەوە هاتبوو، بەوە ڕوون کردەوە لەبەر پاراستنی نیشتەنیە بێ دەسەڵاتەکان بووە" پاراستنی ئەوانە لەدەست درێژی کردنی نارەوای سەربازەکان" بە ئەرکێکی پێویستی سەرشانی داناوە.

سامی پاشا هەر کە گەیشتە وان خێرا داوای لە شێخ کرد لەگەڵ بەحری بەگی نوێنەر و یاوەری سوڵتان عوبدولحەمیدی دووەمدا بکەوێتە گفتوگۆ، بەحری بەگ ڕاسپێرابوو بەهەموو جۆرێك جا لەڕێی پارەوپول و دەم چەورکردنەوە یان لەڕێی بەڵێن و گفت بەخشینەوە بێت وا لەشێخ بکات واز لە نیازی ڕاست بوونەوە بێنێت. کاتێ بەحری بەگ کە گەیشتە هەکاری ئەم وتەیەی دا:"من دەعوەتی شێخ دەکەم بچێت بۆ ئەستەمبوڵ، ئەگەر بەرهەڵستی بکات، ئەوا منیش لای خۆمەوە بە هێزەکانی ئیمپراتۆریەتەوە دەکشێمە سەری".

لەپاشکۆی نامەیەکی ئیرل گرانڤێل بۆ مستەر گۆشن ی ناردووە، دەڵێت: " وروژاندنێك ئێستا لە ئارادایە بەحری بەگ دەچێت بۆ لای سەرۆك خێڵە کوردەکان و هەندێ جار بەڵێنیان دەداتێ، هەندێ جار ئیستعگاف، وەهەندێ جاریش هەڕەشە بەکاردێنێت، بۆ یەکخستنی هەموویان لەدەوری یەك سەرۆك هەمان سەرۆك کە شێخ عوبەیدوڵلایە." کە ڕاپەڕین نەکەن و وازبێنن، بەڵام ئەمەش سوودی نەبوو، هەتا زمان لوسی و بەڵێنەکانی بەحری بەگیش ئەنجامیان نەدا، شێخ فەرمانی دا بەهەموو کوردەکانی ژێردەستی باج و سەرانە نەدەن بە میری و لە ڕوویان ڕاست ببنەوە، ئەوەشی بەوە بۆ میری ڕوون کردەوە گوایە کاربەدەستان بێ بەزەییانە باجێکی لە پلە بەدەر لە میللەت دەستێنن.

ڕاپەڕینەکە لەماوەیەکی کەمدا ناوچەیەکی فراوانی گرتەوە، دەربارەی فراوانی ڕاپەڕینەکە لەیەکێك لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا هاتووە:"ئەم کۆمەڵەیە لە هەموو شوێنێك لکی هەیە.

## کۆتایی ڕاپەڕینی یەکەمی شێخ عوبەیدوڵلا

هەر لەسەرەتای ڕاپەڕینەکەوە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی دەدا بەهەر شێوەیەك بێت ڕاپەڕینەکە بوەستێنێ، لەبەرئەوە داوای لەشێخ کرد لەگەڵیاندا بکەوێتە گفتوگۆ، هەرچەندە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە نادیارە، بەڵام بەپێی فەرمانی لەشکرکێشی عوسمانی بۆ ئامێدی و لێدانی ڕاپەڕینەکە وادیارە گفتوگۆکان سەرکەوتو نەبوون، بەڵام شێخ عوبەیدوڵلا بۆ زیاتر خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینەکە بروسکەی بۆ سەرۆك وەزیران ناردووە، بەمەبەستی دواخستنی کاتەکە، بۆ باشتر خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینەکە، وەك لە هەمان ڕاپۆرتی باڵوێزخانەی فەرەنسا ئاماژەی بەو گفتوگۆیانە داوە و لەو بایەوە دەڵێت: "واپێدەچێ هیچ شتێکی ڕوون لەبارەی یەکەمین گفتوگۆکانەوە لەبەردەست نەبێ، کە نزیکەی یەك مانگی خایاند لە (١٥)ی حوزەیرانەوە تا (١٥)ی تەمووز، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ئەم گفتوگۆیانە هیچ ئەنجامێکی ڕەزامەندکارانەیان لێوەشین نەبوو، چونکە هەر لەیەکەم ڕۆژەکانی مانگی تەمووزەوە فەرمان بۆ سەرکردایەتی سەربازی موسڵ هات، کە بەیەك بەتالیۆن (٤٥٠) سەرباز، کە دابەش دەبن بۆ سەر سێ ڕەتلی گەڕۆك، بەرەو هەرێمەکانی ڕاپەڕیوەکان بەرێ بکەون، چەند ڕۆژێك دواتر ئەفسەری گشتی ژەنەراڵی لیوا ئەدهەم پاشا گەیشت بۆ ڕایی کردنی فەرمانێکی نوێی حکومەت بۆ سەرپەرشتی ئۆپەراسیۆنەکان بکات، ڕۆژی (١٣)ی تەموز لەگەڵ (٢) لەشکری پیادە (١٦٠) سەرباز و یەك بەشی تۆپخانەی چیایی موسڵی جێ هێشت. کاتێك گەیشتە ئامێدی، داوای هاوکاری لە والی موسڵ کرد، بەڵام دواتر لەلایەن

ڕاپەڕیوان تێکشکێنراو نەیتوانی تیپی سەربازیش لە کوردستان دروست بکات، بابی عالی لە هەوڵی ڕێکخستن و ناردنی سوپادا بوو، بۆ تێکشکاندنی بزوتنەوەکە.

هەروەها فەرمان بۆ والی بەغدا دەرچوو بە خۆی و لیوایەکی گەرۆکی چوار بەتالیۆنەوە پێوەندی بەموسڵەوە بکات، لە هەمان کاتدا سریەیەکی سوارە لە ئۆردوی موسڵ و یەك بەتالیۆنی پیادە لە جزیرەوە بەرێکران بۆ پێوەندی کردن بە ئەدهەم پاشا لە ئامێدی، دواجار موشیر سامح پاشا کۆنە سەرکردەی سوپای ئەرزروم، وەکو کۆمیسێری ئیمپراتۆری لە کوردستان دیاری کراو فەرمانی پێدرا دەستبەجێ هاوڕێ لەگەڵ ژەنەراڵی تیپ ڕەجەب پاشا و کۆمەکێکی زۆر لەلایەن ئۆردووی سوڵتانەوە بکەونەڕێ. لەگەڵ گەیشتنی بروسکە ڕاستەوخۆکان لەلایەن شێخ عوبەیدوڵلاوە بۆ سەرۆك وەزیران ڕەوانە کران بابی عالی گۆڕانکاریەك بەسەر هەڵوێستی داهات. بێگومان شێخ عوبەیدوڵلا حەز دەکات خەباتەکەی دوا بخات، کە وا هەست دەکات هێشتا خۆی بۆ ئامادە نەکردووە، یا دەیەوێ بەلای کەمیەوە تا وەرزی سەرما و سۆڵە داهاتن دوای بخات، کە تەواو لە قازانجی پرسی ئەو دایە.

هەروەها باڵوێزخانەی فەرەنسا لە ڕاپۆرتی ژمارە (١٥٥) کۆنستانتینۆبل (٨)ی دیسامبەری (١٨٧٩) دەڵێت: شێخ عوبەیدوڵلا کوڕەکەی خۆی بۆ وان بۆ لای سەرکردەی سوپای چوارەم سامح پاشا ناردووە، بۆ ئەوەی دڵسۆزی خۆی بۆ سوڵتان نیشان بدات، ئەم سەردانە بووە هۆی ئەوەی لە ڕۆژنامە کۆنستەنتینۆبلیەکان، ژمارەیەك ڕاگەیاندنی ڕەسمی بڵاوبکەنەوە لەوەی دڵنیابوون سەرۆکی شۆڕش بێ گوناهە.

هەڵبەتە وادەرناکەوێ بتوانین لێرەدا شتێکی دیکە ببینین جگەلە مانۆڕێك، کە پێشتر سەرکەوتوانە بەر لەسێ مانگ لەلایەن شێخ عوبەیدوڵلا بەکارهاتووە و بێ هیچ گومانێك شێخ عوبەیدوڵلا بەرگەی بانگهێشتنە پڕ گوشارەکانی گرتووە، کە داوای لێ دەکەن خۆی پێشکەش بە دەسەڵاتدارە عوسمانیەکان بکات. ئەو کاتانە وەك بەرێز سیۆفی گوتەنی، هەموو ناوچەکانی نێوان موسڵ، کەرکوك و سلێمانی هێندە بەچەتە (پێشمەرگە)ی کورد تەنراون بەشێوەیەك کاروانی نێوان ئەم شارانە تەنیا بۆ ئەو کاروانانە دەبوو هێزێکی سەربازی بەهێزیان لەگەڵ دابووە، تەنانەت لە خودی کەرکوك، کەنیمچە گەمارۆ درابوو نرخی گەنم دە جاران لە نرخی ئاسایی خۆی بەرزبۆتەوە.

ئەوەی ئاسان نیە پێشبینی ئەوە بکرێ ئەم کاروبارانە بەکوێ دەگەن، بێگومان ئەمە دەوەستێتە سەر هۆیە سەرەکیەکانی خواستی کوردەکان و نەخوازەش ڕەوشی پێوەندی نێوان تورکیا و ئێران، ئەوەی کەمتر جێگای دڵنیاییە ئەوەیە وەك ئێمە پێشبینیمان کردبوو، تورکەکان بێ توانان لەوەی بە شێوەیەکی سەربازی تا بەر لەوەرزی داهاتنی خراپی زستان ڕەفتار بکەن و کوردەکان هەموو شوێنەکانی خۆیان پاراستووە و لەتەواوی زستاندا بێدەنگ دەبن و لە وانەیە لە خاکەلێوەدا چەندین ڕەوشی تێك ئاڵۆز بوو سەرهەڵبداتەوە و بەئاسانی کاری نیگەران بۆ تورکیا بهێننە پێشەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ شێخ بەلایەوە چاکتر وابوو دان بەخۆیدا بگرێت و چاوەڕوان بێت، ئەمەشی لەبەر ئەوە بوو، چونکە هێشتا بۆی نەکرابوو، بەتەواوەتی هێزی هەموو ئەو سەرۆکە کوردانە یەك بخات، کە هاتبوونە ڕیزی ڕاپەڕینەکەوە. نەیدەویست سەرکێشی بکات و ڕووبەڕووی هێزی عوسمانی چەکدار و مەشق پێکراو بوەستێ. کە زستان هات چالاکی ڕاپەڕیوەکان تەواو کز بوو. لە چالاکی کەوت و لە شوێنی خۆی چەقی، لەگەڵ ئەوەشدا کاربەدەستانی عوسمانی لە ئامانجە دوورەکان و دوا ڕۆژەکانی شێخ عوبەیدوڵلا دەسڵەمینەوە.

شێخ عوبەیدوڵلا ڕای وابوو کوردەکانی هەکاری ناتوانن بەتەنیا ڕووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی بوەستن و بچنە کۆڕی خەباتەوە. لەبەر ئەوە هەوڵی دا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ سەرۆکە کوردەکانی تردا پەیدا بکات، بەو نیازەی جۆرە یەکێتیەکی عەشیرەتەکان پێك بێنێ.

ڕاپەڕینەکەی کورد ئەو ڕاپەڕینەی شێخ بەشداری تێدا کرد و تووشی نەهامەتی هات، ئەوەش مایەی دڵخۆشی نەك عوسمانی بەڵکو بەریتانیای دۆستی عوسمانی بوو، کە کلایتۆن ئاماژەی بۆ کردووە" دەنگوهەواڵی دڵ خۆشکەرەی " بەسەرۆکەکەی گەیاند و ئەوەشی بەتایبەتی دەست نیشان کرد" بەگشتی بۆم هەیە ئەوە ڕابگەیەنم، ڕاپەڕینە ڕاستەقینە (جدی)یەکەی ئەمرۆی کورد تێداچوو و سەروشوێنی نەما".

دوابەدوای شکستی یەکەمی شۆڕشە چەکداریەکەی شێخ دژبە بابی عالی (١٨٧٩) و ناڕەزایی هەندێك لە سەرۆك هۆزە کوردەکان دژ بە شەڕی عوسمانی، ناچار شێخ دەبوایە بەدوای تاکتیکی دیکەدا بگەڕێ، شێخ پێی وابوو هێشتا نەیتوانیوە وەك پێویست خۆی بۆ ڕاپەڕینەکە ئامادە بکات، لەبەرئەوە بانگەوازەکەی بەناو سەرۆك خێڵەکاندا چڕتر کردەوە، بۆ ئەوەی لەدەوری کۆببنەوە و خۆی ئامادەبکات بۆ ڕاپەڕینێکی تر.

### کۆنگرەی سەرۆك هۆزە کوردەکان لەنەهری

دوابەدوای شکستی یەکەمی شۆڕشە چەکداریەکەی شێخ عوبەیدوڵلا دژبە بابی عالی ساڵی (١٨٧٩) و ناڕەزایی هەندێك لە سەرۆك هۆزە کوردەکان دژ بە شەڕی عوسمانی، ناچار شێخ دەبوایە بەدوای تاکتیکی دیکەدا بگەڕێ، شێخ بیری لە کۆنگرەیەکی فراوانی سەرۆك هۆزە کوردەکان کردەوە، بۆئەوەی لەم کۆنگرەیەدا ئامانجەکانی خۆی بەسەرۆکە کوردەکان بگەیەنێ و ئاراستەیان بکات، بەرەو ڕاپەڕین بەمەبەستی ئازادکردنی کوردستان، بۆ ئەمەش بانگەوازی سەرۆك هۆزە کوردەکانی کرد بۆ بەشداری کردنی کۆنگەکە لە نەهری.

ئەو کۆنگرەیە بەئامادەبوونی زۆربەی سەرانی خێڵەکان، ناودارانی کورد، پیاوانی ئایینی و نوێنەرانی هەموو چینەکانی کۆمەڵ لە گوندی نایری (نەهری) ناوچەی شەمزینان بەسترا، تێدا بڕیاری پێکەوەنانی (کۆمەڵەی خێڵە کوردەکان) درا ئەویش بە نۆرەی خۆی بڕیاری بەرزکردنەوەی ئاڵای خەباتی شۆڕشگێڕانەی دا دژی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران.

دوای بانگەوازی شێخ عوبەیدوڵلا زۆرێك لە سەرۆك هۆز و پیاوانی ناوداری کورد لە نەهری کۆبوونەوە، لەئەنجامدا یەکێتی کوردان"کۆمەڵەی کوردان" وەکو کۆنفدراسیۆنێکی خێڵەکی لەسەر دەستی شێخ عوبەیدوڵلا لە تەموزی (١٨٨٠) دروستبوو، ئەم کۆنگرە خێڵەکیەی سەرۆك هۆزە کوردەکان زیاتر کاریگەری هۆکاری ڕۆحانی شێخ عوبەیدوڵلا و ڕایەڵە زۆر و زەوەندەکانی تەریقەی نەقشبەندی بوو، نەوەکا هۆکاری بابەتی ناو کۆمەڵگا، کە سەرۆك هۆزە کوردەکان لەسەر بانگەوازی شێخ عوبەیدوڵلا هاتبوون بۆ نەهری.

شێخ لە کۆنگرەکەدا وتارێکی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە، وتارەکەی شێخ عوبەیدوڵلا و خواستەکانی بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەلایەن زۆربەی بەشدارانی کۆنگرەکەوە پەسند کرا، هەموو بەشداربووانی کۆنگرەی نوێنەرانی خێڵە کوردەکان بەتێکڕای دەنگ ئامادەیی خۆیان بۆ خەبات و گیانبازی لە پێناوی ڕزگاری کوردستان پیشاندا. دوای گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەو ڕۆژگارە بڕیار درا ئەمجارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن دەستی ئێران ڕاپەڕین ئەنجام بدرێ.

کاپتن کلایتن دەڵێت: شتێکی بەڵگەنەویستە نوێنەرەکانی لە هەموو لایەکدا سەرقاڵ بوون، هەوڵی ڕاکێشانی نەك تەنیا هەموو خێڵە کوردەکان، بەڵکو نەستوری و ئەرمەنیەکانیشیان دەدا، داوایان لێ دەکات بدەنە پاڵی. ئەو کوردانەی هاتوونەتە وان دەڵێن، شێخ عوبەیدوڵلا ناردوویەتی بەدوی خەڵکیدا و داوایان لێ دەکات دژی ئێران ڕاپەڕن، واتەواتیش هەیە دوای ئەوەی شێخ لە ئێرانیەکان دەبێتەوە لادەدات بۆسەر تورکەکان، من لەو باوەڕەدام ئەو (شێخ) پلانێکی بەربڵاوی هەیە بۆ ڕێکخستنی هەموو کورد، لەوڵاتێکی سەربەخۆدا بەسەرۆکایەتی خۆی. یەکەم شت هەلومەرجەکان سەرنجیان بۆ لای ئێران ڕاکێشاوە. هەوڵ دەدات حکومەتی ئێران ناچار بکات وەك فەرمانڕەوای کوردەکانی ئێران دانی پێدا بنێت، پاشان لائەداتەوە بۆ ئەو تەرەفە و هەوڵ دەدات مافەکانی لە تورکان وەدەست بێنێ.

### ئاراستە کردنی ڕاپەڕینەکە بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لەکاتی بەستنی کۆنگرەکە و دوای گفتوگۆی نێوان بەشدار بووانی کۆنگرە، چەند هۆکارێك بوونە هۆی ئەوەی ڕاپەڕینەکە لە کوردستانی بن دەستی ئێرانەوە دەست پێ بکات، شێخ عوبەیدوڵلا کاتێك هەستی بەدووڕایی لەناو کۆنگرەکەدا کرد، کە چەند سەرۆکێکی کورد حەز بەوە ناکەن لە دەوڵەتی عوسمانی ڕاست ببنەوە، ئەوسا بڕیاری دا نەخشەی ڕاپەڕینەکەی بگوڕێت بۆ کوردستانی بن دەستی ئێران، شێخ نەك دەوڵەتی عوسمانی، بەڵکو ئێرانیشی بەدوژمنی کورد دادەنا، دووربینی شێخ لەوەدابوو بارودۆخی هەڵکەوتووی لەدەست نەدا، ئەو بارودۆخەی وەك خۆی ڕوونی کردەوە، کە بریتی بوو لە دۆخی سیاسی و ئابووری ئێران، کە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەشەڕ دابوون، هەروەها نیاز وابوو ناوچە بەپیت و بەرەکەتەکانی کوردستانی ئێران ببنە بەردی بناغەی ئابووری دوارۆژی بزووتنەوەکە و پێشخستنی، بەتایبەت لە بەرپاکردنی شۆڕش لەئێراندا مەسەلەی دابین کردنی ئازوخەی هێزەکەی ئاسانتردەکرد، بۆ پێداویستیەکانی خۆی بۆ شەڕکردن لەگەڵ دوژمنی سەرەکی و بەهێزدا واتە دەوڵەتی تورکیا، هەروەها ئەو بەشەی کوردستان لەبن ڕکێفی ئێران دایە بارودۆخی لەبارترە، ئێران لەمڕۆدا لاوازترە، بەوە براکانی خۆمان ڕزگار دەکەین، شێخ عوبەیدوڵلا ئاوڕێکی تەواوی لە دووبەرەکی و ناحەزی ئایینی نێوان کوردە سونی مەزهەب و ئێرانیە شیعی مەزهەبەکان دایەوە، جگەلەمەش حیسابی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی کرد. ئەو پەیوەندیەی دوای شەڕەکەی ڕووسیا و عوسمانی سارد وسڕی تێ کەوت، هەروەها شەڕی ئێران لەگەڵ خێڵە تورکمانەکان. شێخ عوبەیدوڵلا ئەوەشی لەیاد نەکرد، ئاوڕ لە کێشەی دووبەرەکی بداتەوە، لەسەر کێشەکەی (گیرات) لە نێوان ئینگلیز و ئەفغانستاندا پەیداببوو، ئەو دووبەرەکی و بەیەکداچوونەی ئێرانی ناچار کردبوو، بەشێکی هێزەکانی بەرەو ناوچە ڕۆژهەڵاتیەکانی بنێرێت، ئەوەش بێگومان لەسەر حیسابی لاوازکردنی هێزەکانی بوو لە ناوچە ڕۆژئاواییەکاندا، سەرەڕای ئەوەش شێخ لەناو کوردەکانی ئێراندا ناو و شۆرەتێکی گەورەی هەبوو، گەلێك لە عەشرەتە کوردەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خۆیان بەپیاو و ژێردەستەی شێخ دادەنا، نەك حکومەتی ئێران، هەرچی کێشەی ڕزگارکردنی کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانییە، ئەوە خرایە قۆناغی دووەمی ڕاپەڕینەکە،سەرەڕای هەموو ئەوانەش لەهیرش بۆ سەر ئیران شێخ وای بۆ دەچووە، گریمانی هەراسان کردن و تورەکردنی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان کەمترە.

دوای تەواوبوونی کۆنگرە و دارشتنی نەخشەی کارکردن، شێخ عوبەیدوڵلا بڕیاری بەرپا کردنی شۆڕشی دەرکرد. لە وتارەکەی شێخ عوبەیدوڵلا لە کۆنگرەی تەموزی ساڵی (١٨٨٠)ی نوێنەری خێڵەکاندا خوێنرایەوە، دەردەکەوێ ئامانجی جوڵانەوەکە ڕزگاری کوردستان و پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بووە.

ویلیان جی ئابۆت کۆنسۆلی گشتی ورمێ بۆ میستەر تۆمسن دەنووسێت: ئێستا شێخ هیچ نهێنیەکی لە نیازەکانیدا نەهێشتۆتەوە، پڕۆژەکەی ئەوەیە خۆی بەسەرۆکی ئەمارەتێکی کوردی دابنێت و هەموو کوردستانیش لە تورکیا و ئێراندا بلکێنێت بەیەکەوە.

بەڵگەنامەکانی بەریتانیا دەڵێن دەوڵەتی ئێران لە زۆر دەمێکەوە چاودێری و ئاگاداری شێخ عوبەیدوڵلا بووە بۆ شۆڕش و بەم بۆنەیەشەوە لە ساڵی (١٨٧٨)هوە تا ساڵی (١٨٨٠) دەوڵەتی ئێران چەندین یاداشتنامەی بە دەوڵەتی عوسمانی پێشکەش کردووە، تیایدا دەوڵەتی عوسمانی لەوە هوشیار کردۆتەوە کە نزیکەی (٥) هەزار کوردی چەکدار، لەسەر سنوورەکانی ئێران- عوسمانی خڕ بوونەتەوە، ... کەچی دەوڵەتی عوسمانی هیچ جۆرە هەڵوێست و کاردانەوەیەکی لەبەرامبەر ئەم خۆسازدانەی شێخ عوبەیدوڵلا نەنواندووە، ... تا ناچار دەوڵەتی ئێران لە ڕێگای موحسین پاسای باڵوێزی ئێرانەوە لە ئەستەمبوڵ، ڕۆژی (٢٢- ١٢- ١٨٨٠) یاداشتنامەیەکی لەو بارەیەوە بۆ ئاگاداری بەدەوڵەتی بەریتانیا پێشکەش کردووە.

لەو کاتەدا عوسمانی بەدۆخێکی لاوازدا تێدەپەڕی بەو پێیەی پڕۆژە نەتەوەییەکانی ئەرمەن هەمان شێوە بەرەو ڕووی بەرژەوەندی بابی عالیش دەبوونەوە، بۆیە زۆر ئاسایی بوو هەر هیچ نەبێ تا کێشەکان دەگەنە بوارێکی قوڵتر عوسمانی لەبەرامبەر بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵلا چاوبپۆشێ و دواجار عوسمانی تێگەیشت بزووتنەوەکەی شێخ چەکێکی دووسەرەیە، هەم بۆ گوشار خستنە سەر ئیمپراتۆری قاجار و هەم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پڕۆژە نەتەوەییەکانی ئەرمەن، پێدەچێت شێخ لەسەر ئەم ئەنجامانەدا هاوکێشەی لەشکرکێشیەکەی پێچەوانە کردبێتەوە و ئەمجار ویستوویە لە کوردستانی بندەستی ئێرانەوە دەست پێ بکات، دواتر کوردستانی بندەستی عوسمانی ڕزگار بکات و بانگی یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان هەڵبدات.

ئەگەرچی ئەمانە و کۆمەڵێك هۆکاری دیکە بۆ ئەم کارە هەبوون، بەڵام تائێستاش ڕوون نیە ڕەوتی ڕووداوەکان لە گەرمەی شۆڕش و ڕاپەڕینی دژ بەبابی عالی چۆن کۆنترۆڵ کران و چۆن شێخ عوبەیدوڵلا کۆتایی بەم ڕاپەڕینە هێنا و ئاراستەی ڕاپەڕینەکەی لە دژی عوسمانی و بابی عالی واز لێهێنا و لەشکرکێشیەکانی ڕاپەڕینەکەی بۆ سەر ئیمپراتۆری ئێرانی قاجاری گۆڕی، بێ گومان دەبێ شێخ لەوە ئاگادار بووبێ، ڕووسیا دەوڵەتی ئێرانی بەنێچیری حەڵاڵزادەی خۆی دەزانی و ئامادە نەبوو ڕێگا بەکەسێکی دیکە بدات دەست بۆ ئەم نێچرە درێژ بکات، بێگومان دەبێ شێخ لەوەش بێ ئاگا نەبووبێ، دەوڵەتی عوسمانی هەر هێندە پشتیوانی دەکات تاکو گرفت و گێچەڵێك بۆ ئێران دروست بکات، تا بتوانێ لەو ڕێگایەوە داواکاریەکانی خۆی بەسەر ئێراندا فەرز بکات، بەتایبەت کە عوسمانی کۆمەڵێك کێشەی زەوی و ئاوی لەگەڵ ئێراندا هەبوو.

لەلایەکی دیکەش ڕۆڵی ئینگلیز لە ناوچەکە بەهیچ شێوەیەك دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی لەبەرژەوەندی ئەو نەبوو.هاوسەنگی ناوچەکەی تێك دەدا. بەتایبەت بۆ ئەم مەبەستە کلایتۆن سەرکونسولی ئینگلیز لە وان، ڕووبەڕوو لە دوو دانیشتن لەگەڵ خودی شێخ ئەوەی بۆ دووپات کردبووەوە، بەریتانیا ئامادەیە بەرەو ڕووی هەموو ”گەڕە لاوژەیەك“ و بێ یاساییەك بوەستێ، کە ببێتە مایەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر یەکێتی ئیمپراتۆری عوسمانی. لەکاتێدا هەموو مێژوونووسەکان لەسەر ئەوە کۆکن شێخ عوبەیدوڵلا دەیوست دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد دابمەزرێنێ، ئایا شێخ عوبەیدوڵلا حیسابی چۆن لەسەر ئەم ڕووداوانە کردووە، ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن بەهیواین لەداهاتوودا وەڵامەکەیمان بەڕووونی دەست کەوێت.

**شێخ عوبەیدوڵلا و کەمە نەتەوەکانی تر**

لە کوردستان دا، لە کۆنەوە چەند نەتەوەیەك پێکەوە دەژین، جگەلە کورد گەلی ئاسووری و گەلی ئەرمەنیش لەهەندێ جێگادا پێکەوە نیشتەجێ بوون، لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامی دا، دینی مەسیحی بە ڕەسمی ناسراوە، بەڵام هەرگیز مەسیحیەك ئەو مافانەی نەبووە، کە موسڵمانێك هەیبووە، زۆر جار جیاوازی دینیان لێ کراوە بەبەهانەی چەوساندنەوە و ئازاردان و کوشتن و تاڵان کردن. لە قەرنی ١٧ هەمدا دەوڵەتانی ئەوروپی چەوساندنەوەی مەسیحیەکانیان کردە بیانوی خۆخزاندنە کاروباری ناوچەکە. میسیونێری دینی بەناوی یارمەتیدان و پارێزگارییەوە بنکەی بەهێزیان تێدا دامەزراند، پاشتریش دەوڵەتە ئەوروپاییەکان مەسیحیەکانی ناو ئێران و عوسمانیان کردە بنکەی دەستوەردانە کاروباری ناوچەکە، بۆ دابینکردنی دەستکەوتەکانی خۆیان، کەڵکی زۆریان لەوان وەرگرت، دەسەڵاتدارانی ڕۆم و عەجەمیش ئەوەیان دەکردە بەهانەی توندکردنی چەوساندنەوەی مەسیحیەکان.

کورد گەلێکی موسڵمانە، هەم بەدین لە ئاسووری و ئەرمەنیەکانی هاونیشتمانیان جیا بوون، هەم بە زمان و ڕەگەز جیاواز بوون، ناکۆکی بەرژەوەندی ئابووری هەندێ جار ناکۆکی لەنێوان کورد و مەسیحیەکاندا دروست کردووە، جیاوازی دین و زمان ناکۆکیەکانی قوڵتر کردەوە، هەندێ لە مەلا و شێخەکانیش هەندێ جار ئاگری ناکۆکیەکانیان خۆش کردووە و هانی کوردیان داوە لە دژی ئەوان، میسیۆنێرە ئەوروپی و ئەمریکاییەکانیش هەندێ جار دەوری خراپیان گێڕاوە لە تیژکردنی ناکۆکیەکان و هاندانی مەسیحیەکان دژی کورد، دواتریش کونسولگەکانی بەریتانیا و ڕووسیا دەسەڵاتی بەهێزیان تێدا دروست کرد بوون و بۆ خزمەتی دەوڵەتەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنان.

هەر لەسەرەتای بزووتنەوەکەدا ئاشکرا دەرکەوت شێخ تا چ ڕادەیەك حەز بەچاکە و پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ دانیشتووەکاندا دەکات، بەتایبەتی لەگەڵ دانیشتووە گاور و ئەوروپاییەکاندا، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی فەرمانی دا دەستدرێژی و تاڵانی کردن لەو ناوچانەی شەڕیان تیادا دەکرێت قەدەغەیە.

کۆنگرەی سەرۆك خێڵەکان لە نەهری ڕووداوێکی مێژوویی بوو لە مێژووی گەلی کوردا، لەسەدەی نۆزدەهەمدا، بەڕای شێخ عوبەیدوڵلا ئامانجی هەرە گەورەی ئەو کۆنگرەیە، یەکخستنی هەموو عەشرەتە کوردەکان و پێك هێنانی ڕاپەڕینێکی گشتی بوو. بەڵام چەند سەرۆك عەشرەتێك ئەوانەی عوسمانی کڕیبوویانن هەر لە سەرەتای کۆنگرەکەوە ئەوەیان خستەبەردەم ئەو یەکێتی سەرۆکە کوردانە، ڕاپەڕینەکە دژی ئەرمەنەکان و گاورەکانی تر بەکاربهێنرێت، بەڵام شێخ بەتوندی دژی ئەم هەڵوێستە وەستا، بۆ هەمووانی ڕوون کردەوە:” ئەگەر ئەستەمبوڵ هەتا ئەو ساتە بەسەر زاری پشتی کوردی گرتبێت، ئەوە بەو مەبەستە بووە لە گاورەکانی ئەنادۆڵ ڕاستیان بکاتەوە، خۆ ئەگەر هاتوو ئەرمەنەکان لەئەنجامی ئەو هەڵوێستە تیاچوون، ئەوسا کورد لای کاربەدەستانی عوسمانی نرخیان نامێنێ و بەفلسێك نایان کڕێ...، ئەگەر ڕاپەڕینی کورد ئاراستەی ئەرمەنی بکرێ، ئەوسا دەوڵەتە ئەوروپاییەکان لە کورد ڕاست دەبنەوە“.

شێخ عوبەیدوڵلا لەو بڕوایە دابوو دوژمنایەتی کورد و ئەرمەن لە قازانجی دوژمنان دایە و قازانجی کوردی تێدانییە، بۆیە ویستی دۆستایەتی کورد و ئەرمەن پتەو بکا و هەرچی ناکۆکی هەیە لەنێوان کورد و ئەرمەن دا بەشێوەیەکی هێمنانە چارەسەری بکا، ئەو یەکێ لە ئەرمەنەکان کە ناوی (سیمۆن یاکۆ فلۆویچ گیلیکارۆف) بوو، بەوەزیری کاروباری دەرەوە دانا. لە هەمان کاتدا ئاسووورییەکان لە ماوەی ئەم ڕووداوانەدا یارمەتیەکی زۆری کوردیان داو پشتگیریان کردن، ئەمەی ئاسووریەکان لەبەر ئەوە بوو شێخ ڕەفتار و کردەوەی دۆستانەی لەگەڵ ئاسوورییەکانی ناوچەکەیدا هەبوو، ئەمەش بۆ ئینگلیزەکان مایەی پەژارە بوو.

شێخ عوبەیدوڵلا چەند جارێك نامە و نوێنەری ناردە لای ئەرمەنی و ئاسوورییەکان، بەمەستی بەشداری کردنیان لە ڕاپەڕینەکە دژی دەوڵەتانی ئێرانی و عوسمانی، بۆ ئەوەی لە کوردستانی سەربەخۆدا لەچەوسانەوە ڕزگاریان بن و بەمافەکانی خۆیان بگەن. بەهەوڵە بەردەوامەکانی ئەگەر شێخ نەیتوانی بێ دۆستایەتی ئەو گەلانە بەدەست بێنێ ئەوا هیچ نەبێ توانی وایان لێ بکا لە ململانێی کورد و دوژمنەکانی دا بێ لایەن ڕابوەستن.

**لەشکرکێشی و ڕاپەڕین بەرەو هەرێمی ئازربایجان**

بەپێی ئەو نەخشەی دانرابوو، دەبوو لەیەکەم هەنگاودا هێزی هەرە گەورە و چەپۆك هاوێژ بەسەرۆکایەتی عەبدولقادر و هەمزاغا، سابڵاخ و دوایی تەورێز داگیر بکات، هێزی دووەم بە سەرۆکایەتی موحەمەد سدیقی دووەم کوڕی شێخ ورمێ بگرێت.هەرچی هێزی سێیەمە بەسەرۆکایەتی خەلیفە موحەمەد سەید بوو، دەبوو ئەو ناوچانە بگرێت کەوتبوونە ڕۆژئاوای گۆماوی ورمێ، لەوانەش شاری سەڵماس و خۆی، شێخ عوبەیدوڵلا خۆی سەرکردەی گشتی ئەم دوو هێزەی دوایی بوو. سەرانی جوڵانەوەکە پێیان وابوو کردنی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بەئاگردانی شۆڕش دەرفەتێکی چاك بۆ پەرەسەندنی شۆڕش پێك دێنێ، ئەوان دەیانوویست پێشەکی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران ڕزگار بکەن و پاشان بادەنەوە سەر تورکیا و کوردستانی لێ بسەننەوە.

لاوازی و کەم دەسەڵاتی هەردوو ئیمپڕاتۆری عوسمانی و قاجاری، هەلێکی لەباری بۆ هەڵگیرساندنی جوڵانەوەیەکی ڕزگایخوازی بەربڵاو بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی پێك هێنا، لەسەرەتای دەستپێکی شۆڕشدا تەنیا ناوچەی شەمزینان لەژێردەسەڵاتی شۆڕشدا بوو، بەڵام هێندەی پێنە چوو گڕی شۆڕش زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی تورکیا و ئێرانی گرتەوە. لە پاشکۆی نامەیەکی ئیرل گرانڤێل بۆ مستەر گۆشن هاتووە،“ئەم کۆمەڵەیە ئێستا ٤٠٠٠ هەزار تفەنگی مارتینی هەیە کە ٢٠٠ دانەیان ئێرانیەوە ئەوەی ماوە تورکیە“

دوای ئەوەی بەڕێوەبەری سابڵاخ بەرامبەر کردەوەکانی هەمزاغا کەوتە ئازاردان و چاوترساندنی خەڵکەکە، ئەوسا هەمزاغا بانگی ڕاست بوونەوەی عەشرەتەکەی خۆی داو داوای پشتگیری و یارمەتی لە شێخ کرد، لە مانگی ئاب دا شێخ عوبەیدوڵڵا هەزار چەکداری بەسەرۆکایەتی عەبدولقادری کوڕی نارد بۆ یارمەتیدانی مەنگوڕ، عەشرەتی دڵسۆزی شێخ لەگەڵ ئەو هێزەدا لەسنووری ئێران پەڕیەوە، هەتا دەهات عەشرەتی تر لایان دەدایە لای ڕاپەڕینەکە.

شێخ عوبەیدوڵڵا پێنج هەزار کوردی سەربەقەڵەمڕەوی ڕۆم و دانیشتووی ئەو سنوورانەی بە شێخ عەبدولقادری کوڕی بچووکی خۆی و هەمزاغا و محەمەد ئاغا و عەبدوڵڵاخانی زەرزاشی لەگەڵ خستن و فەرمانی کۆکردنەوەی لەشکری کوردستان و داگیرکردنی هەرێمی ئازەربایجانی پێکردن. لە (٢٠- ٩- ١٨٨٠) جوڵاندنی هێزەکانی کورد لە قۆڵی یەکەم، بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوڕ بەرەو شنۆ و موکریان دەستی پێکرد. دواتر لەهەموو لایەکەوە هێزەکە گەشەی کرد، بۆ ئەمەش شێخ بڕیاری دا لەکاتی شەڕدا دەبێ گیان و ماڵی دانیشتوان پارێزراوبێ، ئابۆت کونسوڵی گشتی بەریتانیا لە تەورێز لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٨٨٠ دەنووسێت: دەرکەوتوە لەشکرەکەی شێخ ٣٠،٠٠٠ کەسن، بەشێکی زۆریان تفەنگی مارتینیان پێیە، بەڵام هەموو ئەو گوندانەی کەوتونەتە ڕێی پێشڕەوییەکەیان دەست لێنەدراون و تەنگیان پێهەڵنەچنراوە، هەموو ئەو زەخیرە و کەلوپەلەی پێویستیش بووبێ شێخ بەپارە کڕیونی.

هێزەکەی هەمزاغا و شێخ عەبدولقادر پێ ئەوەی لەلایەن هێزەکانی سەر سنووری ئێرانەوە بەرهەڵستی بکرێت، گەیشتە مەرگەوەڕ، لەوێش سەرۆکە کوردەکانی ئەو ناوچەیە چوونە ڕیزی هێزەکەوە، ڕاپەڕیوەکان ڕوویان کردە ناوچەی شنۆ. هەمزاغای مەنگوڕ بووە (سوپاسالاری) ئەم هێزە و لە (٢٥- ٢٧- ٩- ١٨٨٠ز) شارەکانی لاجان و شنۆ و سندوس ئازادکران.

شێخ عەبدولقادر لەڕۆژی (٧)ی مانگی شەوال دا (١٢٩٧ك) (١٣- ٩- ١٨٨٠ز- ٢٢- ٦- ١٢٥٩ هەتاوی) هۆردوی لە شنۆ خست و حاجی وەهاب خان و عەبدوڵڵاخان و ئیبراهیم خان و ئەمیر خان سەرلەبەری سوارە و پیادەیان، خۆیان گەیاندێ و دوای دوو ڕۆژ لەوێ جوڵان و لە دوو قۆناغەڕێی مەحاڵی شڵدوز قۆناغیان گرت.

هەر لەسەرەتاوە شێخ نامەی بۆ کاربەدەستانی ئێران و نوێنەرانی وڵاتانی ئەوروپی و بێگانەکان نارد، ئەو نامەیەی شێخ لە سەرەتای دەست پێ کردنی ڕاپەڕینەکە بۆ کاربەدەستانی ئێران و نوێنەرانی دەوڵەتە بێگانەکانی نارد، سروشتی ڕاپەڕینەکە، هۆیەکانی، هەروەها هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینەی دەوری شێخ عوبەیدوڵڵا لەو ڕاپەڕینە ڕوون دەکاتەوە و مانایەکی گرنگی هەیە. شێخ لەگەڵ دوو کەسدا نامەیەکی بۆ حەمزە میرزا حیشمەت وەلیعەهدی تەختی ئێران نارد، بەڵام ئەو هەردوو کەسەکەی گرتن و لەگەڵ نامەکەدا بۆ شای ئێران، ناسرەدین شای قاجار (١٨٣٢- ١٨٩٦ز)ی ڕەوانە کردن بۆ تاران.

ئەو دوو نامەیەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ (کۆهرانی)ی میسینێری ئەمەریکایی نارد لەورمێ، بەڕاستی مایەی سەرنج لێ دانن، شێخ لەو دوو نامەیەدا داوا لە کۆهران دەکات کۆنسۆڵی بەریتانیا لە ورمێ لەو هۆیانە ئاگادار بکات، کە کوردەکانی بەرەو ڕاپەڕین هاندا.

شێخ عوبەیدوڵڵا پەیوەندیەکی دیبلۆماسی فراوانی دەست پێکرد لەگەڵ کۆنسوڵ و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی و ئەوروپاییەکان، بۆ تێگەیاندنیان لەمەبەستی ڕاپەڕینەکە، گفتوگۆی نێوان شێخ و بیانیەکان ئەوەمان بۆ ئاسان دەکات لەنزیکەوە سەرنج لە هونەر و توانای دیبلۆماسیەتی شێخ بدەین و شوناسی لەگەڵدا پەیدا بکەین.

زۆری نەبرد ڕاپەڕینەکە هەموو ناوچەکانی کوردی تەنیەوە، لەنیوەی یەکەمی مانگی ئەیلولدا، کوردەکان دەوروبەری لاجان و سەردەشتیان گرت، هێزی ڕاپەڕیوەکان کە بەچەکداری دانیشتووەکانی تەواو پڕ ببوو، بووە هەڕەشەیەکی پڕ مەترسی، بەلای کەمەوە هەموو عەشرەتە کوردەکانی ئێران لایان دایە لای شێخ عوبەیدوڵڵا، لەوانە: مەنگوڕ، مامەش، زەرزا، موکری، دێبۆکری، گەورك، شکاك، جاف، پیران، ئاهو(ئاگو) (لەوانەیە ئاکۆ بێت)، زوودی و هی تر. لەماوەی چەند ڕۆژدا هێزێکی زۆری سوارە و پیادە کۆبوونەوە.

هەمزاغا هەوڵی دا هەموو سەرۆك هۆزەکان و هۆزەکانیان لەژێر ئاڵای شێخ دا کۆبکاتەوە، هەوڵی زۆری لەگەڵ محەمەد ئاغای مەزنی مامەش و بیوك خانی گەورەی قەرە پەپاخ دا ئەوانیش بەشداری ڕاپەڕینەکە ببن، محەمەد ئاغا لە سابڵاخ هەوڵێکی زۆری دا کاربەدەستانی عەجەم لە مەترسی و گەورەیی بزوتنەوەکە هوشیار بکاتەوە، بۆئەوەی هەر لە سەرەتاوە ڕێ لە تەشەنەکردنی بگرن، دوای ئەوەی لەوان نائومێد بوو، ڕاپەڕینەکە پەرەی سەند، ئەوسا ئەویش بەناچاری تێکەڵاوبوو.

هێز و دەسەڵاتی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ئێران بەجۆرێك پەرەی سەند، وای لە (ئابۆت)ی کۆنسۆڵی ئینگلیز کرد لە تەورێز، لە (١٥)ی حوزەیرانی ساڵی (١٨٨٠)دا بەترسەوە (تۆمسۆن) ئاگادار بکات کە: "شێخ توانی بەشێکی گەورەی عەشرەتی شکاك بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، ئەو عەشرەتەی جاران دۆست و جێی بڕوای شا بوو" (ئابۆت) سەر کونسولی ئینگلستان لە تەورێز داوای لەکاربەدەستانی ئێران کرد خێرا لیوا کوبوخان لە تەورێزەوە ڕەوانەی سەرسنووریکەن، بەو نیازەی چاوی بە نوێنەری عوسمانی بکەوێت، بۆ هێمن کردنەوەی دۆخی سەرسنوور لەگەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆ، ئابۆت دەنووسێت: " لەوەش زیاتر قەت حەز بەوە ناکرێت ڕێگای پێ بدرێت (واتە بە شێخ) هێز و دەسەڵاتی خۆی بەناو سنوورەکانی ئێراندا بڵاو بکاتەوە، ئەم ڕایەشم بە کاربەدەستانی ناوچەیی دەگەیەنم".

بەدرێژایی مانگی ئابی ساڵی (١٨٨٠) ڕووداوی وەها لە کوردستانی ئێران سەریان دەرهێنا، بوونە هۆ و هاندەری نوێ بۆ هەڵچوونی کوردەکان، هەمزاغای سەرۆکی مەنگوڕی ناسراوی کورد، پاش کۆبوونەوەی شەمدینان، چالاکانە کەوتە خۆ ئامادەکردن، هەمزاغا گەلێك لە سەرۆك خێڵەکانی تری ڕام کرد بوو لابدەنە لای ڕاپەڕینەکە، ئەو کۆبوونەوەیەی لە شەمدینان بۆ پێکهێنانی ڕاپەڕینەکە دانرا، لەلایەن گەلێك دانیشتووە کوردەکانی ئێرانەوە پەسند کراو پێشوازی لێ کرا، کۆنسۆڵی ڕووسیا لەوان ئەو هەواڵەی ڕاگەیاند، گوایە کوردەکان" لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە زۆریان لێ دەکرێت و دەڕووتێنرێنەوە سەریان بەرزکردۆتەوە و قین دایگرتوون، ئەوان (کوردەکانی ئێران) بەوپەڕی شادییەوە پێشوازی شێخ دەکەن و بەرزگار کەری دادەنێن، هەموویان بگرە کەس نەماوە لانەداتە لای".

ئابۆت کونسوڵی گشتی بەریتانیا لە تەورێز دەڵێت: کاربەدەستە ئێرانیەکان نارەزایی ئەوە دەردەبڕن چەند خێڵێك لەتەڕەفی تورکیادا ئەم کێشانەیان دروست کردبێ، بەواتایەکی تر کۆچڕەوەکان کە دڵسۆزن بۆ شا و

تارادەیەکیش سونین هاومەزەبەکانیان لەوڵاتی عوسمانیدا کاریگەریان لەسەریان هەیە، بەهەیبەت و ترسەوە دەڕواننە شێخ عوبەیدوڵلای سەرۆکە ڕوحیەکەیان لەهەردوو دیوی سنوورەکەدا. ڕۆژنامەی (وەقت)ی تورکی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی کوردی ئێران وەها ڕوون کردەوە کە " کوردەکان زوڵم و زۆرێکی زۆریان لێ دەکرێت و باج و سەرانیەکی زۆریان لێ دەسەنرێت"

ڕاپەڕیوەکان بێ ئەوەی بەرهەڵستیەکی ئەوتۆ بێتە ڕێیان بەرەو سابڵاخی شاری سەرەکی و گەورەی کوردستانی ئێران کەوتنەڕێ، موتەسەڕیفی شارەکە کە دیی دانیشتوانی شارەکە پشتگیری ڕاپەڕینەکە دەکەن بڕیاری دا لەگەڵ ڕاپەڕیوەکان بکەوێتە گفتوگۆ، لەئەنجامدا موتەسەڕیف بڕیاری دا بەخۆی و دەست و پێوەندەکانیەوە شار بەجێ بێڵێ و ماڵ و مڵك و چەك لەگەڵ خۆیدا نەبات، پاش ئەمە کوردەکان بێ ئەوەی یەك تەقەش بکەن شاری سابڵاخیان گرت. ئینجا عەبدولقادر ناردی بەدوای ئێلەکانی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات تا دەگاتە بانە و سەقز، داوای لێ کردن خۆیان ڕادەست بکەن، ئەوانیش گوێڕایەڵی داواکەی بوون، پاشان حکومەتێکی هەرێمی ڕێکخست، بەدانانی حاکم بۆ ئەو ناوچانەی ڕادەست بوون، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆی ناوچە ڕزگارکراوەکان شێخ دەزگای تایبەتی پێکەوەنا. و موتەسەریفی بۆ شاری سابڵاخ دیاری کرد. دوای ئەوە لەسابڵاخ پێشڕەوەی کرد بۆ ڕووباری تاتاو.

پاشنیوەڕۆی ٢ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٠ لەلایەن شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا لەگەڵ ١٠٠٠٠ کەس پەلاماری دواب ی دابوو هێرشەکە سێ سەعات پێش ڕۆژئاوابوون کرابوو. چوار سەعاتی خایاندبوو، سەلیم خان، چهار دەوڵەت، عەلی خان حاکمی مەراغە لەگەڵ محسن خانی بەختیاری دوای شەڕێکی بەرگریکارانە ناچاربوون هەڵبێن.

بەهەموو حیسابێك واپێدەچێ ئێلەکوردەکان بەفەرماندەیی شێخ عوبەیدوڵلا بەردەوام بن لەچوونە پێشەوەیاندا بۆ ناوخاکی ئێران، خێڵە ئێرانیەکان دەچوون و دەیاندایە پاڵ هێزەکانی شێخ و حکومەتی ئێرانیش لەشکری دەنارد، بەڵام ئەوەندە بەهێز نەبوون بتوانن بەرامبەر کوردەکان بوەستن، بارۆن جۆمین لەو باوەڕەدانەبوو لەم کاتەدا ئێرانیەکان بتوانن بەرەنگاری کوردەکان ببنەوە، ئەوا پێویست ناکا هێزەکانی ڕووسیا لەسنوور بپەڕنەوە، بەڵام ئەگەر ئێرانیەکان تێك بشکێن ئەوا بارودۆکە مەترسیدار دەبێت.

زۆری نەبرد هێزەکانی کورد گەیشتنە تەورێز، ئەم گورج و گۆڵی و چالاکیەی کورد نواندی و ئەو نزیك بوونەوە چاوەڕوان نەکراوە لە تەورێز، شارەکەی تۆقاند، خەڵکی شارەکە کەوتنە خۆیان و دەستیان کرد بە قایمکاری کردن، کونسوڵخانە بێگانەکان خێرا کەوتنە کۆکردنەوەی ئەرشیفەکانیان، بەو نیازەی دەربازیان بکەن، هەر ئەو ترس و پەژارە بوونە پەکی چالاکی و گۆستە و هەواڵ گەیاندنی خست.

بەوتەی پەیامنێری ڕۆژنامەی (تایمس) سەرکەوتنەکەی کورد لەبەر ئەوە بوو، دانیشتووە کوردەکانی وڵاتەکە بەچاوی ڕزگارکەر سەیری شێخ عوبەیدوڵلایان دەکرد، لەڕۆژانی بەیەکاچووندا لەگەڵ هێزە ئێرانیەکانی سەر سنووردا، نەجارێك و نە دوو ڕووی دا سەرباز و ئەفسەرە کوردەکانی سوپای ئێران هەڵ دەهاتن و دەچوونە ڕیزی ڕاپەڕیوەکانەوە.

لەو ڕۆژانەی هێزەکانی کورد بەرەو ناوچەکانی کورد و ئێران کشان، شێخ عەبدولقادر هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە نابێ هێزەکانی کورد دەستدرێژی بکەنە سەر ژیان و ماڵ و موڵکی خەڵکەکە، هاونیشتمانە ڕووسەکان ئەوانەی لە ئێران دەژیان سوودیان لەم بانگەوازەی شێخ عەبدولقادر دی، (شولژێڤسکی) مووچەخۆری ڕووس لەتەورێز، لەبیرەوەریەکەیدا لە (٢٠)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٨٠)دا نووسیویەتی دەڵێت: "ئەریتۆن نەزار بەگ (هاونیشتمانێکی ڕووس) بەدرێژایی ئەو ماوەیە لە سابڵاخ بووە، چەند جار شێخ عەبدولقادری دیوە، شێخ چەند کەسێکی لەگەڵدا نارد بۆ ئەوەی عەمبارەکانی هاونیشتمانە ڕووسەکان لەشار لە دەستدرێژی بپارێزن، داواشی لێ کرد ئەگەر هاتوو هێزەکان پێویستیان بەگەنم و جۆ بوو ئەوە پێیان بفرۆشێت و پسولەیان لێوەرگرێت".

**هێرشی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ سەر شاری ورمێ**

هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵلا ئەوەندە چالاکانە هێرشەکانیان ئەنجامدا، لەماوەیەکی کەم توانیان ناوچەیەکی زۆر ئازاد بکەن و گوشاربحەنە سەر شاری ورمێ، لەو بارەیەوە ئابۆت کۆنسوڵی گشتی بەریتانیا لە ورمێ لە ٧ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٠ بۆ تۆمسن دەنووسێت، ورمێ لەژێردەستی کوردەکان دایە بەفەرماندەیی شێخ سادق، هیچ شتێك نیە ڕێ لە شێخ سادق بگرێ بۆ داگیرکردنی ورمێ، ئەو هێزانەی لەبەردەستی ئیقبال الدولە دان دوو فەوجن، بەڵام لەناوچەکەدا پەرش و بڵاو بوونەتەوە، ئەگەر کوردەکان لەپڕ پەلاماری ورمێ بدەن، زۆر زەحمەتە حاکمەکە بتوانێت بەرگری بکات، ناتوانێت بەهەموو زیاتر لە ٧٠٠ کەس کۆبکاتەوە، ورمێ یش بێگومان هەمان چارەنووسی سابڵاخی دەبێت.

بەڵام ئەو هێزەی بەسەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵلا پەلاماری ورمێی دا، قۆرتی هاتەڕێ، کاربەدەستانی ئێران بەیارمەتی هێزە ناوچەییەکانی ئەوێ بۆ ماوەیەك خۆیان پێ ڕاگیرا. دۆخی ناوەوەی هێزەکانی کوردی دەوری ورمێ کە بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵلا بوو کەمێك ئاڵۆزی تێکەوت، کاربەدەستانی ئێران بەیاریدەی هێزەکانی ناوشار توانیان ماوەیەکی درێژ خۆیان ڕاگرن و بەرهەڵستی بکەن، شێخ عوبەیدوڵلا کە ئابڵوقەی ورمێی دابوو، لە (٢١)ی تشرینی یەکەمدا دوو کەسی بە نامەوە نارد بۆ شاری ورمێ و داوای لە دانیشتوانی شار کرد بەخواستی خۆیان شارەکە بدەن بەدەستەوە، ئیقبال الدولە بڕیاری بەرگری داو خۆی بەسێ فەوجەوە لەنێو دیوارەکاندا قایبم کرد. مەلا گەورەکانی شار لە وەڵامی ئەمە دا دڵسۆزی و مل کەچێتی خۆیان پیشانی شێخ دا، بەرامبەر بەمە ئیقباڵ ئەلدەولەی بەڕێوەبەری شاری ورمێ کەوتە خۆ کۆکردنەوە و قایم کردنی شوورەی شارەکە.

پێنج کەس لە خەڵکی شاری ورمێ بەنوێنەرایەتی چوون بۆ لای شێخ بۆ مۆڵەت وەرگرتن بەمەبەستی دواخستنی لە گرتنی شاری ورمێ، نوێنەرەکانی شار بۆ ئەوەی شێخ لە گرتنی شارەکە دوابخەن چوون داوای مۆڵەتی لێ بکەن چەند ڕۆژێك هێرشەکە دوا بخات بۆ ناو شاری ورمێ، ئەو نوێنەرانە بریتی بوون لە: سەید مورتەزای ئەمین شەرع، ئاغا میر جەعفەری پێشنوێژ، ئاغا سەید ئیسماعیلی سەرۆك بازرگانان، حاجی میر جەباری ڕەوزەخوێن و ئاغا میرزا غەفوور، ئەم دەستەیە لەسەرووی چۆمی (ئاجو)ی شارەوە، تووشی شێخ عوبەیدوڵلا و لەشکرە فراوان و ئامادە و پڕجۆش و هەراوهوریاکەی بوون، کە بە زرێ و چەك و ئاڵای سپی و تەدارەکی جەنگی و گۆوەندەوە، لەهاوئاوزەنگی و تەك شێخ عوبەیدوڵلا بەرەو شار دەهاتن، نوێنەرەکان لە ئەسپەکانیان دابەزین و ئاوزەنگیان ماچکرد و عەرزیانکرد، تەشریف هێنانی

حەزرەتی شێخ بۆ ورمێ ئینشائەڵلا یەکجار موبارەك و پیرۆزە و هەموو دانیشتوانی شار، چاویان لە چاکەی حەزرەتی شێخە، زۆر بەپەرۆسەوە تامەزرۆی ئەوەن لەبەرامبەر هەموو هاوشاردا، بەمیهرەبانی و دڵنەرمیەوە لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بفەرموێ.

شێخ لەوەڵامدا وتی: ”ئەگەر ئێوەی خەڵکی ورمێ کەڵلەڕەقی مەزهەبی بەلاوە بنێن، هەروا دەبێ، و سۆزی زۆرتان بەرامبەر دەنوێنرێ“، ئەوانیش وتیان لەحەزرەتی شێخمان داوایە، دوو ڕۆژی ترمان مۆڵەت بەخەڵکی ورمێ پێ مەرحەمەت بفەرموێ، تا لەگەڵ ئیقبال دەولەدا قسەبکەین، چونکە ئێمە لەگەڵ هەموو خەڵکی شاردا بەڵێنمان داوە گوێڕایەڵی فەرمانتان دەبین و ئەگەر ئەویش هەروا نەکات، لەشار دەریدەکەین و ئەوسا تەشریف بۆ شار دەهێنن.

شێخ عوبەیدوڵلا تێ گەیی مۆڵەتەکەیان بۆ بەدەستەوەدانی شار نەبوو، بەڵکو بۆ تەفرەدانی ئەو و بۆ بەسەربردنی کات بووە، تا خۆیان بۆ بەرگری ئامادەبکەن، شێخ لەوەڵامی ئەوانەدا وتبووی دەزانم ئێوە درۆ لەگەڵ مندا دەکەن و ڕووی لە میرزا غەفوور کرد وتی: ئەی پێم نەوتیت، مەیەڵن ئیقبال دەولە بێتە شار؟ ئەی چۆن هێشتان و ڕێگاتان دا بێتە شارەوە؟

دوای تەواو بوونی ماوەی مۆڵەتەکە، ئەوسا شێخ بڕیاریدا پەلاماری شارەکە بدات، ئیقباڵ ئەلدەولە بەو نیازەی وەخت وەدەست بخات، پەنای بردەبەر (ئابۆت)ی کۆنسۆڵی بەریتانیا و داوای لێ کرد بکەوێتە نێوانیانەوە و ناوبژیان بکات، ئابۆت لەو نامەیەی لە (٢٢)ی تشرینی یەکەمدا نووسیویەتی دەڵێت:” ئیقباڵ ئەلدەولە داوای لێ کردم پیاوەتی لەگەڵدا بکەم و وا لەشێخ بکەم لەگەڵیا بچێتە مەیدانی گفتوگۆوە و ڕازی بکات، بۆ ماوەیەك واز لەشەڕ بێنێ، بەڵکو لەو ماوەیەدا بتوانێ دەنگی خۆی بە پایتەخت یان تەورێز بگەیەنێ“.

(ئابۆت) گورج هاتە مەیدانەکەوە و کەوتەکار، هەر ئەو ڕۆژە کەوتەڕێ، بەو نیازەی خواستەکەی ئیقباڵ ئەلدەولە بەشێخ بگەیەنێ و داوای لێ بکات بۆ ماوەیەك پەلامارداني شارەکە بوەستێنێ. بەڵام شێخ گفتی نەدا لەگەڵ ئیقبال ئەلدەولە دانیشێ و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، شێخ عوبەیدوڵلا ئامانجی ڕاپەڕینەکەی کوردی بۆ (ئابۆت) ڕوون کردەوە، هەروەها ناحەزی و نابەدڵی خۆی بەرامبەر کاربەدەستانی ئێران دەرخست، هەر دوای ئەمە شێخ، خەلیفە سەید موحەمەدی دونیادیدەی ناردە لای (ئابۆت) بەو نیازەی وا لە (ئابۆت) بکات بڕوا بەنیاز پاکی و پەیوەندی چاکخوازی شێخ عوبەیدوڵلا بەرامبەر بە دەوڵەوتە ئەوروپاییەکان بکات و عەدالەتی ڕاپەڕینەکەی کوردی بۆ دووپات بکاتەوە، سەید موحەمەد دۆخی کوردەکانی بۆ (ئابۆت) ڕوون کردەوە، ئەو دۆخەی لەوەدا نەمابوو چاوی لێ بپۆشرێت، ئەوەی بۆ دەرخست چۆن کاربەستان و مووچەخۆرە ئێرانیەکان یاسا دەخەنە ژێر پێ، بەتایبەتی کردەوە نارەواکانی موتەسەڕیفی ورمێی دەست نیشان کرد، لە ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیە، (ئابۆت) دەنووسێت: ” شێخ نیازی وایە لە هەموو ئەو عەشرەتانەی تورکیا و ئێران بدات کە خەریکی تاڵانی و جەردەیین، چونکە ئەو دوو دەوڵەتە ئەوەیان لەباردانیە و لە دەستیان نایە سنوورەکانیان لە جەردەیی و تاڵانی کردن بپارێزن و یاسا بچەسپێنن و مافی ڕەوا بە گاور و موسڵمانەکان بدەن و بەیەك چاو سەیریان بکەن و ڕێگا بۆ گەشەکردنی خوێندەواری و پیشەسازی و قوتابخانە و کڵێسەکان پاك بکەنەوە.

ئەوەی دەیەوێت تەنیا یەك شتە ئەویش پشتگیری کردنی مەعنەوی دەوڵەتە ئەوروپاییەکانە، شێخ داوا دەکات تاقی بکرێتەوە، ئەگەر نەیتوانی کوردستان پێك بهێنێ و لەوێ حکومەتێکی قایم و بەهێزی دروست نەکرد، ئەوە با لەبەردەم دادگای نوێنەرانی ئەوروپادا دادگایی بکرێت و ئەنجامی ئەوەش چی دەبێت باببیێت“.

بەریتانیا نەیدەویست دەسەڵاتێکی تازەی گەنجی خاوەن هێز لەناوچەکە سەرهەڵ بدات، لەبەر ئەوە (ئابۆت) لە نوێنەری شێخی گەیاند دووبەرەکی نێوان کورد و ئێرانی بەلاوە گرنگ نیە و گرنگیەکی ئەو تۆی پێ نادا، (ئابۆت) ئاگای لەوە بوو (٣٠٠) لە ئاسوورییە شاخاوییەکان بە سەرۆکایەتی میترۆپۆل ماریۆزیف، لایان داوەتە تەك کوردەکان هەوڵی دا ئاسوورییەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە دەوروبەری گۆماوی ورمێ دەژیان، لە دوارۆژدا نەدەنە تەك کوردەکان، هەر بۆ ئەو مەبەستە خێرا خۆی گەیاندە کڵێسە و لەوێ لە خەڵکەکەی گەیاند بەریتانیا هەمیشە چاوی لە چاکە و چارەنووسی دانیشتوانە گاورەکانە، لەبەرئەوە دەبێ لە بزووتنەوەکەی کورد دوورە پەرێز بووەستن.

ئابۆت دەڵێت: کاتێ ورمێم جێ هێشت شێخ بە ٦٠٠٠ کەسەوە بارگەی لەخوار چیای سیر لێدابوو، نامەیەکی دامێ بۆ کوڕەکەی (سدیق) کە زۆر بەڕێز و لوتفەوە پێشوازی لێ کردم.

**شێخ عوبەیدوڵلا بڕیاریدا پەلاماری ورمێ بدات**

شێخ هێرشی بۆ سەر ورمێ لە ٢٢ی تشرینی یەك دەستی پێکرد لەهەموولاوە گەمارۆی شار درا، بەڵام تا ٢٨ی مانگیش هیچی ئەوتۆیان نەکرد، بۆ سەردیوارەکان کوردەکان تەنیا یەکجار تا ناو دەروازەی چەرباش هاتن، بەڵام بە زیانەوە پاشەکشەیان پێکرا. دانیشتوانەکە ویستیان تەسلیم بن، بەڵام ئیقبال الدولە بڕیاری دا بەرگری لەشارەکە بکات.

لە (٢٣)ی ئەیلولدا کاتێك شێخ بڕیاری دا پەلاماری ورمێ بدات، (ئابۆت)ی ئاگادارکردەوە بۆ ئەوەی گاورەکانی ورمێ پیا بگەن شارەکە بەجێ بهێڵن. داوای لە (ئابۆت) کرد لەگەڵ سیمۆن ئاغای ئەرمەنیدا شار بەجێ بهێڵن و شار بەجێ هێشتنیش بۆ دانیشتووە گاورەکان ڕێك بخات. (ئابۆت) لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێت: ” بەو پێشنیارە ڕازی بووم، بەیانی سەعات نۆ لەگەڵ دکتۆر کۆهران و دوو پۆستەچیە ئێرانیەکانم ڕوومان کردە دەروازەی گەورەی شار“، بەڵام ئیقبال ئەلدەولە کەوتە گوللە باران کردنیان و ناچاری کردن بگەڕێنەوە، شێخ کە بەمەی زانی داوای لە (ئابۆت) کرد بەڵگەنامەیەکی بداتێ تا لە دوارۆژدا بەبەڵگە دەرکەوێت کردەوەکەی شێخ تا چ ڕادەیەك پیاوانە و مەردانە بووە، بەڵام ئابۆت خواستەکەی بەجێ نەهێنا.

تورکیا بەوپەڕی ئاگاییەوە دەیڕوانیە تەشەنەکردنی ڕووداوەکان لە ئێران، تورکیا لەسەرێکەوە کە بۆ سوودی خۆی دەگەڕا یارمەتی پێکهێنانی ڕاپەڕینەکەی دەدا دژی ئێران، لەسەرێکی تریشەوە لەسەرکەوتنەکانی کورد دەسڵەمیەوە، لەبەرئەوە هەر لەسەرەتا کە بزووتنەوەکە لە خۆکۆکردنەوە دابوو، ئەستەمبوڵ کەوتە خۆئامادە کردنێکی جەنگی تەواو، هەر لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکەدا هێزی جەنگی عوسمانی لە ئەرزوروم کۆبوونەوە.

## لێدانی ڕاپەڕینەکە لەلایەن ئێران بە هاوکاری دەوڵەتە بێگانەکان

لەم دۆخە ناهەموار و ئاڵۆزەدا حکومەتی ئێران بەهەموو جۆرێك هەوڵی دەدا بزووتنەوەکەی کورد لەناوبەرێت، بەفەرمانی ڕاستەوخۆی شا هێزە سەرەکیەکانی ئێران بەسەرکردایەتی گشتی ئیعتماد ئەلسەڵتەنە بەرەو تەورێز کەوتنەڕێ، بەشێکی تری هێزی سوپاش بەسەرۆکایەتی حەمزە میرزا حیشمەت الدولە، لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٨٨٠ لەتارانەوە کەوتەڕێ، ژمارەی هێزە بەیەك گەیشتوەکانی ئێران ٢٠هەزار سەرباز و ٢٠ تۆپخانە و ١٢یان تۆپی کرۆپ، بوون. ئەفسەری ئەورووپایی (نەمساوی) لەگەڵ ئەم هێزەدا بوون، بەقسەی زۆر سەرچاوە ئەو هێزانەی لە تارانەوە هاتبوون لەلایەن ئەفسەرە نەمساوییەکانەوە مەشقیان پێ کرابوو، چەندین هێزی تر بەرەو ناوچەی شەڕەکە هاتن، لەو کاتەدا هێزەکانی کورد گەمارۆی تەورێزیان دابوو.

ئێران داوای پشتگیری کۆمەکی سەربازی ڕووسیای کرد دژی کوردەکان، بەو باوەڕەی ئەو سەرهەڵدانە ئەوەی چاوەڕێ دەکرێ زۆر گەورەتر دەگرێتەوە و بۆ سنووری ڕووسیاش بڵاوبێتەوە، ڕێگا بەهێزەکانی ڕووسیا دەدرێت لە خاکی ئێراندا مانۆڕ بکات بۆ ئەوەی شۆڕشەکەی کورد دامرکێنێ.

هاوزەمان لەگەڵ ناردنی هێزەکانی دەرباری قاجار بۆ شەڕەکە، تەقەللا دیپلۆماسیەکانی شا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کاتێك هێزی کورد هەڕەشەی لە تەورێز کرد، تەنگەتاوی دەوڵەتی شای ئێران گەیشتە ڕادەیەك هاواری بردەبەر هەردوو دەوڵەتی ڕووسیا و ئینگلیز بۆ بڵاوە پێکردنی جوڵانەوەی کورد داوای یارمەتی و پشتگیری لێ کردن، تزاری ڕووس هات بەدەنگ بانگەوازی شاوە و بۆ ئەوەی جوڵانەوەکە لە چوارچێوەی خۆی نەترازێ و ناوچەی تر نەگرێتەوە سوپای ڕووسیای لەسەر سنوور مۆڵ دا، ئەلیکساندەری دووەم فەرمانی دا بەهێزەکانی ڕووسیا لەقافقاس بچنە سەر سنووری ئازەربایجانی خوارووی، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بەقازانجی ئێران خۆیان لە شەڕ هەڵقورتێنن، کاربەدەستانی چار کە ئەرکی دۆستایەتی سەرشانیان بەرامبەر حکومەتی شا بەپێویست دادەنا، هێزێکی گەورەیان لە نەخچەوان لە نزیك سنووری ڕووسیا و ئێران بەسەرۆکایەتی ئەلخازۆف کۆکردەوە. لە ئەنجامدا کوردستان وەك قەڵەمڕەوێکی داخراو بۆ هەر سێ سوپاکەی ئێران و تورکیا و ڕووسیای تزاری مایەوە.

ژمارەیەکی زۆر قۆزاقەکان گەیشتنە نەخچەوان و بۆ جولفا، پێدەیچێت ڕووسیا تەعزیزاتی زۆری لە زەخیرەی جەنگ بنێرێت بۆ قارس، ڕووسیا مەترسی ئەوەی هەبوو ئەگەر یاخی بوونی کوردەکان بە کوردستانی تورکیا و ئێرانەوە سەربکەوتایە و ئەمارەتێکیان پێکبهێنایە، ڕووسیا دوژمنێکی یەکجار گەورەی بۆ پەیدا دەبوو، لەنزیك قارس و بایەزیدەوە بەرەنگاری بوایەتەوە، ئامادەبوو دەوروبەری ئەلیکساندەر پول و تفلیس کاول و وێران بکات، لەبەرئەوە حکومەتی ڕووسیا ڕیوشوێنی خۆپاراستن دانا، بەرامبەر هەر ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو.

شای ئێران هەر بەوەش نەوەستا خۆی بۆ لێدانی بزووتنەوەکەی کورد ئامادە بکات، بەڵکو پەنای بردە بەر ڕووسیا و بەریتانیاش، بەو نیازەی بەجووتە زۆر لەتورکیا بکەن ڕێ و شوێنێك بدۆزێتەوە بزووتنەوەکەی کوردی پێ لەناوبەرێت. لەلایەکی تر گەلەکۆمەکێی دیپلۆماسی، ڕووسی، بەریتانی، ئێرانی لە ئەستەمبوڵ توانی بابی عالی ناچار بکات، هێزەکانی خۆی لە موش، بدلیس، ئەرزروم، ئەرزنجان، وان کۆبکاتەوە و بەرەو هەکاری و مەڵبەندەکانی ڕاپەڕینی بنێرێ، شوێنە ستراتیجیەکان بگرن و سنووری ئێرانی – عوسمانی قایم بکەن.

تەیمورخانی سەرداری ماکۆ بەگەرمی خۆی بۆ لێدانی ڕاپەڕینەکەی کورد ئامادەکرد، تاڕادەیەکی زۆر هەموو هێزە جەنگیەکانی خانێتی پڕ چەك کرد، مینۆرسکی لەو گەشتەیدا کەبەخانێتی ماگین دا کردی لە ڕاپۆرتەکەیدا دەنووسێت: ”لە منداڵ و پیاوانی پیری بەتەمەن بەولاوە کەسی تر نەماوەتەوە“، جگەلەمەش تەیمورخان زۆری لە دانیشتووانە ئەرمەنەکان کرد بەشداری پەلاماردانەکەی کورد بکەن.

شێخ کەبیستی تەیمورخان بەلەشکرێکی پێنج هەزار کەسەوە لە سەڵماسەوە بەرەو ورمێ کەوتۆتەڕێ سوپایەکی دوو هەزار چەکداری بەسەرۆکایەتی موحەمەد سدیق ناردەسەر، بەڵام تەیمورخان توانی ڕێگاکەی خۆی بگۆڕێت و لە ڕێگایەکی ترەوە بەرەو شاری ورمێ بڕوات، ئەوسا شێخ عوبەیدوڵڵا ناچاربوو ڕووبەڕووی تەیمورخان بووەستێ.

### سەرەتای شکستی ڕاپەڕینەکە

پێکداهەڵپژانی خوێناوی لەنێوان سوپای ئێران بەپشتگیری جاشە دەرەبەگەکانی ئێران بەسەرکردایەتی تەیمورخانی سەرداری ماکۆ و لەنێوان کورد ڕوویدا، لەیەکەم بەیەکداچووندا لە نزیك (بیلاوی) شێخ عوبەیدوڵڵا تووشی نەهامەتی هات، لە ١٩ی تشرینی دووەمی ١٨٨٠ هێزەکانی شێخ لە ورمێ کشانەوە. شێخ ناچار بوو بەهێزەکەیەوە بەرەو جانیسقەڵا بگەڕێتە دواوە. دوای ئەو شەڕانە شێخ عوبەیدوڵڵا ناچاربوو ڕوو بکاتە کێوە سەختەکانی کوردستان. دوای هێرش و تێکهەڵچوونی دژوار و خوێناوی، بۆ ماوەی نزیکەی (٢٢) ڕۆژ لە (١٢- ١١- ١٨٨٠) هێزەکانی کورد بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا لە قۆڵی ورمێ بە تێکشکاوی بەرەو مەرگەوەڕ و برادۆست پاشەکشێ دەکەن، تەیمورخان شوێنی کەوت، لەڕێگاش کەوتە ئازاردان و تاڵان کردنی دانیشتووە بێ دەسەڵاتەکانی کورد و ئەرمەن و ئێرانیەکانی ورمێ.

ڕاپەڕیوەکانی تریش ئەوانەی بەرەو ساباڵخ – تەورێز دەڕۆیشتن کەوتنە دۆخێکی ناهەموار و تەنگانەیەکی پڕ ئەندێشەوە، کاربەدەستانی ئێران بێ بەزەییانە تۆڵەیان لە کوردەکان سەندەوە. هەوڵی داگیرکردنی (موراغا)شی دا لەدواییدا بەبۆنەی شەڕی ناوخۆوە نەیتوانی هێرش بکاتە سەر تەورێز و هێزەکەی پارچە پارچە بوو. لە١٢ی تشرینی دووەم ١٨٨٠ هیزەکانی شیخ قادر و هەمزاغا کشانەوە، لەو کاتەدا لەشکری کورد ١٥٠٠ کەس زیاتر نەبوو، چونکە زۆرایەتی خێڵەکان ڕۆیشتبوونەوە بۆ ماڵەکانیان بەو تاڵانیەی دەستیان کەوتبوو لە میاندواو.

خۆفرۆشتنی سەرۆکە کوردەکان، ڕاکردن و بەجێ هێشتنی هێزی ڕاپەڕیوەکان شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای ناچار کرد خێرا بگەڕێنەوە بەرەو دواوە، هێزی ڕاپەڕیوان زیانێکی زۆریان لێ کەوت.شێخ عەبدولقادر لەو نامەیەدا بۆ باوکی نارد هۆی سەرەکی لێ قەومان و ژێرکەوتنەکەی دەباتەوە سەر خۆفرۆشتنی سەرۆکە کوردەکان،“ هەندێك لە پیاوەکانم وازیان هێنا و لایان دایە لای دوژمن، هەر لەبەر ئەمەش تووشی نەهامەتی هاتین، پیاوەکانم ئارەزووی هەڵاتنیان هەبوو، ماوەی چەند ڕۆژێك هەوڵم دا دەست بەسەر ئەو کەموکوڕییەدا بگرم، ئەگەر ترس و لەرز داینەگرتنایە ئەوە لەسەرخۆ و بەئاسانی دابین دەکران.“

ئەو زیانەی ساڵی (١٨٨٠) لە ڕاپەڕیوەکان کەوت، بەزۆری بەهۆی ئەو سەرۆك عەشرەتە کوردانەوە بوو، تەنیا جەردەیی و تاڵانی کردن هانی دابوون بێنە ڕیزی ڕاپەڕینەکەوە، دۆخی ڕاپەڕینەکەش هێندەی تر بەرەو نووشوستی چوو، لەئەنجامی ئەوەی چەند دەرەبەگێکی کوردی بەشداربووی ڕاپپەڕینەکە ئامانج و مەبەستیان تەماع و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بوو.

دوای کشانەوەی شێخ عوبەیدوڵلا لە ورمێ ئێرانیەکان دەستیان کرد بە سوتاندنی گوندەکانی کوردە سونیەکان لە ١٣ و ١٤ی تشرینی دووەمی ١٨٨٠ چەندین هەزار لە هێزی نیزامی و هاوڵاتیان ڕۆیشتن بۆ باڵۆ و تاڵانیان کردووە، ماڵەکانیشیان ئاگرتێبەرداوە، وا باس دەکرێ ٥٠ کەس لە دانیشتوانە نێرینەکان سەربڕدرابن، ئەو هێزەی بەدوای شێخدا چوو دۆزیبونیەوە، زۆر لەکابرایەك کرابوو کەﷲسەری کوڕە کوژراوەکەی بکات بەدامێنی جلەکانیەوە و بەناو کەمپەکەدا بیانگێڕن و پیشانی خەڵکی بدات، پاشان سەربازە ئێرانیەکان تەجاوز و خراپەکاریان کردە سەر گوندی تریش. خراپەکاری و تەجاوەزی زۆری هێزە ئێرانیەکان لەورمێ و ساباڵخ دا، بۆتە هۆی نارەزایی سەفیری تورك لەتاران بەرامبەر حکومەتی ئێران.

هێزەکانی ئێران بەدرێژایی ئەو ڕێگاوبانەی پێیدا دەڕۆیشتن گوندەکانی کوردیان تاڵان دەکرد و دەسوتاند، هەر کوردێکیان بەردەست بکەوتایە دەیانکوشت، بەزەییان بە منداڵ و ئافرەت و پیرەکاندا نەدەهاتەوە، هێزەکانی سوپاسالار کەلە تارانەوە نێردرابوو، گەلێك لە گوندەکانی دەوروبەری سنەیان سوتاند، بەوتەی ڕۆژنامەی (وەقت) سوپاسالار فەرمانی دابوو هێزەکانی بەزەییان بەکوردا نەیەتەوە و گوندەکانیان بسوتێنن و هەرچی گەنم و جۆیەکیان هەیە لەناوی بەرن و بەبرسیەتی بەجێیان بهێڵن.

## پیلان گێڕانی مەزنانی کورد و شکانی هێزی کوردان

ئەم مەزنانەی کورد ژێربەژێر و بەنهێنی لەناو خۆیاندا بڕیاریاندا بوو شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بگرن و بیاندەنە دەست ئیعتماد سەڵتەنە، ئەوانیش بە پیلانەکەیان زانی و لە نیوەشەودا بەچل سوارەوە ڕووە و ساباڵغ ڕۆیشتن، دووسێ ڕۆژێ لە ساباڵغدا مانەوە و دوایی عەبدولقادر و هێزەکەی ڕوویان کردە مەرگەوەڕ، لەگەڵ باوکی بەیەك گەیشتەوە. ڕۆژی (١٠- ١١- ١٨٨٠ز) دوو سەعات دوای خۆئاوا بوون، شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوڕ، لە ساباڵخ چوونەدەرێ و هەر ئەو شەوەش بەدوایاندا نزیکەی (٥٠٠) خێزانی ساباڵخی بەخۆیان و ماڵ و منداڵەوە لە ساباڵخ دەرچوون و ڕوویان لە (سەردەشت) و (بانە) و شوێنە سەختەکانی تر کرد. تەقەی تفەنگ و دەمانچە و هاوار و ناڵەی ژنان و منداڵان و هاتوهاواری سەیر و سەمەرە، لەساباڵخ و دەروبەری هەڵدەستا، و تا بەرەبەیانی ئەو شەوە هەر بەردەوام بوو. کەڕۆژ بووەوە، لە ئاماری (١٤٠٠) بنەماڵە، تەنیا (٣٠٠) خێزان لە ساباڵخدا مابوونەوە، کۆشك و تەلاری ماڵان لە گۆڕستان دەچوو. شێخ عوبەیدوڵلا و عەبدولقادر و محەمەد سدیقی کوڕی لەگەڵ هەندێ لە هێزەکانی لەمانگی (ذی الحجەی ١٢٩٧ – تشرینی دووەمی ١٨٨٠) لەسنوور پەڕینەوە بۆ ناو خاکی عوسمانی و گەڕانەوە بۆ ناوچەی شەمدینان. هەمزاغاش ڕووە و لاجان بە ئێلەکەی خۆیەوە چووە ساری قامیش، کەجێگایەکی سەخت و هەڵەموتە، قایمکاری دامەزراند، عەبدوڵلاخانی زەرزا و مەزنانی تریش هەریەکەیان ڕووی لەلایەك کرد و هەندێ لەسەرانی موکری لەوانە خانباباخان و قادرئاغا و گوڵاوی ئاغا و ئەحمەد بەگ هاتنە لای لەشکری ئێران و هەریەکەشیان پاکانە و پۆزش و تاوانی خۆی ڕوون کردەوە و داوای لێبوردنیان خواست. بەڵام خان بابا خانی کوڕی مەجیدخان کوژرا. لەبەرئەوەی

ئەو گوندەی لەشکری ئێران ناردرا بۆ پاراستنی لەو گوندەوە تەقە کرا بوو، هەندێ سەربازی ئێرانی کوژرابوون، لە ئەنجامی ئەوەش ئیعتماد ئەلسەڵتەنەش بۆمبارانی گوندەکەی کرد و خانیشی سەربڕی،ڕاپەڕینەکەش شکستی هێناو تەنانەت نەیتوانی ناوچەکانی سنە و کرماشان بگرێتەوە کە بەشێکی گرنگ و فراوانی کوردستان بوو.

میستەر تۆمسن دەڵێت: ئێستا هیوای حکومەتی ئێران بوژاوەتەوە بەوەی بتوانێت لە ڕێگای گفتوگۆوە یەکبوونی کوردەکان بترازێنێت و لەت لەتیان بکات، ئەم هیوایەش لەو نارێکیانەوە دێت، ئێستا لەناو کوردەکاندا دەرکەوتووە هەندێ لەو کوردانە شێخیان بەجێ هێشت و حەز دەکەن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان بۆ لای شا.

## کشانەوەی هەمزاغا و هێزەکەی بۆ سنووری عوسمانی

پاش ئەوەی ڕاپەڕینەکە شکستی هێنا و کشانەوە شێخ عوبەیدوڵلا و شێخ عەبدولقادر چوونە خاکی تورکیاوە، زۆربەی عەشرەتە کوردەکانی ئێران ملکەچی خۆیان پیشانی شادا، عەشرەتی مەنگوڕ بەسەرۆکایەتی هەمزاغا لەمەیداندا مایەوە و دەستبەرداری بەرهەڵستی کردن نەبوو، ئەو عەشرەتەی لەسەرەتای ڕاپەڕینەکەوە لەگەڵ کاربەدەستانی ئێراندا نەگەیشتە یەکالاکردنەوەیەکی مام ناوەندی، شا هێزێکی چوار فەوجی سوارەی نیزامی بەسەرۆکایەتی عەلی خانی ئەفشار ناردەسەر ئەم عەشرەتە مل نەدەرە، سەربازە ئێرانیەکان گوندەکانی هەمزاغایان وێران کرد، گەلێك لە کوردەکانیان کوشت و بەدیل گرت، بەوتەی هەواڵ نووسی هێزەکانی ئێران، هەزارەها وشتر بە باری گرانی تاڵانیەوە لە گوندەکانی عەشرەتی مەنگوور بەدی دەکران.

هەمزاغا لەگەڵ چەند چەکدارێکی کوردا خۆی گەیاندە ناوچە شاخاویەکانی سەرسنووری تورکیا -ئێران، لەوێ کەوتە خەباتی پارتیزانی، هەمزاغا شەبەیخونی لە هێزە پێشڕەوەکانی ئێران کرد و ترس و لەرزی لەناویاندا بڵاوکردەوە.

هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لە قۆڵی موکریان، دوای پاشەکشێ پێکردنی هێزەکانی کورد لەناوچەکانی: میاندواو، موکریان، ڕۆژی دووشەمە (٢٢- ١١- ١٨٨٠ز) هەموو بەئامادەبووونی (میرزا حسین سوپاسالار) لە گوندی (قەرەقشلاق)ی نزیك ساباڵغ، یەکیان گرتەوە، و ڕۆژی سێ شەمە (٢٣- ١١- ١٨٨٠ز) لە قەرەقشڵاق کۆبوونەوەیەکی بەربڵاوی سەربازییاندا لە قەرەقشڵاق بڕیار دەدەن ببن بە دوو بەشەوە، بەدوو قۆڵدا بچن بۆ شوێن کەوتنی هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵلا و شێخ عەبدولقادر، لە قۆڵی (مەرگەوڕ) و هێزەکانی هەمزاغای مەنگوڕ، لەناوچەی لاجان و سەردەشت، هێزی یەکەمیان بە سەرکردایەتی (حیسامولمولك) بۆ قۆڵی مەرگەوەڕ، هێزی دووەمیان بەسەرکردایەتی (حەسەن عەلی خانی گەڕووسی) پێکهات، ئەوەشی دەمێنێتەوە، بۆ سندوس (نێوان ساباڵغ و شنۆ) بگوێزرێتەوە.

## ڕاپەڕینەکە و بەند و باڵۆرەی دوژمنانی

دوژمنانی کورد بۆ کەم کردنەوەی بایەخی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد هەمیشە بەندوباڵۆرەی ئەوەیان لێ داوە، ئەم شۆڕشانە بە دەستکیس و پیلانی لایەنی تر دروست بووە، تائێستاش بەردەوام لێی دەدەنەوە، گوایە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەستنێژی ئینگلیز و ئەمریکایی و سەهیۆنیزم و ئێران و سۆڤیەت و

گەلێك لایەنی دیکەن، تائێستا لە زمان بەڵگەنهێنیەکانی حکومەتی بەریتانییەوە ڕادەی بێ ویژدانیی ئەو جۆرە بوختان و تۆمەتانەمان بەپێی توانا نیشان دەدەن، یاخود ناو ناتۆرەی ناشیرینیان دەربارەی بڵاو کردۆتەوە وەکو کوشتن و تاڵانی و ڕاو و ڕووت کردن، لە ٣ی ئابی ١٨٨٠ مستر گۆشن بۆ ئێرل گرانڤیل دەنووسێت:" دەربارەی مەسەلەی کوردەکان لە ویلایەتی وان دا، زۆر کەم مەسەیەك هەبووە ئەوەندە قسەم لەسەر کردبێ، لەگەڵ عابدین پاشادا ئەوەندەی پێویستی مامەڵە کردن بەتوندی لەگەڵ ئەم باندە ڕووتکەرەوانەدا، من زۆر جار گەڕاومەتەوە بۆ ئەو ڕاپۆرتە بەردەوامانەی پێم دەگات دەربارەی ئەو تاڵانیانەی دەکرێن، ئەو سیستەمەی بابی عالی پەیڕەوی کردووە لەوەڵامدا ئەوە دەردەخات پێوەنانێکی زۆر هەیە، بەو ڕاپۆرتانەی بەمن و خەڵکی تریش دەگەن، بەڵام ئەو سەرپێچی کردنانە کە ڕووی داوە پێویستە بخرێتە پاڵ ئەو باندانەی سنووری ئێرانیان بەزاندووە، سوپاس بۆ خوا لەویلایەتەکەدا تائێستا هیچ شتێك ڕووینەداوە شایانی باسکردن بێ، زیاتر لە هەموو کاتێ کەسانی نیەت خراپ هەوڵ دەدەن ئاسایی ترین شت زل بکەن، ئێمە هەوڵ دەدەین سروشت و گرنگی هەر حاڵەتێك بەبێ دواکەوتن بڵاو بکەینەوە. شەوی پێنج شەمەی ڕابردوو دەنگە دەنگێکی گەورە پەیدابوو دەربارەی حاڵەتێك کە ٨٠٠ سەر مەڕ دزراوە، بەخێرایی دوو تابور نێردرا بۆ لێکۆڵینەوە، بەپێی شایەتی قەشەکانی کڵێسە ژمارەی مەڕە دزراوەکان کەم کراوەتەوە بۆ ٣٠ سەر، ئەمە سیستەمی پێوە نانە. لەکاتێکدا کاربەدەستانی کونسوڵخانەکانی ڕووس هـ بەریتانیا ڕاستیەکانیشیان زانبیوە، بەڵام هەرگیز درێغیان نەکردووە لەبڵاوکردنەوەی ئەم تانە و تەشەر و بەند و باوانە بۆ بەدناو کردنی کورد و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵلاش بەهەمان شێوە لە کاردابوون بۆ بەدناوکردن و گومان خستنە سەر ڕاپەڕینەکە.

### گەیشتنەوەی هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ نەهری و تەقەللای هەستانەوە

دوای شکستی ڕاپەڕینەکە و کشانەوەی هێزەکە، زیانێکی زۆری ماڵی و گیانی بەر ڕاپەڕیوان و دانیشتوانی گوندە کوردنشینەکان کەوت، هەردوو قۆڵەکەی ئازربایجانی خۆرهەڵات (موکریان و میاندواو) و ئازربایجانی خۆرئاوا (ورمێ) نەیانتوانی مەبەستەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، لەهەردوو قۆڵی سابڵاغ و ورمێ، بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر و شێخ عوبەیدوڵلا و هەمزاغای مەنگوڕ و فەرماندەکانی تری هێزەکان، کە لە (١٠ و ١٢- ١١- ١٨٨٠ز) سابڵاغ و ورمێیان جێهێشت، هەردوو هێزەکە، بەرودوا بەتێکشکاوی بەرەو مەرگەوەڕ کشانەوە، سەرەڕای ئەوەی هێزەکانی عوسمانی سنووریان بە (١٨) بەتالیۆن سەرباز و (٣٦) عەرادە تۆپەوە تەنی بوو، بەڵام گەیشتنەوە شوێنەکانی جارانی خۆیان، شێخ عوبەیدوڵلا و شێخ عەبدولقادر و تەواوی هێزەکەیان لە گوندی مەرگەوەڕ لەسنوور پەڕینەوە و چوونە خاکی عوسمانی، بەشێکیشیان بەسەرکردایەتی هەمزاغای مەنگوڕ، بەرەو لاجان و سەردەشت پاشەکشێ دەکەن و هەمزاغا لە سنووری سەردەشتەوە چووە ناوچەی پشدەر لە باشووری کوردستان، بن دەستی دەوڵەتی عوسمانی. پاشان گەلە کۆمەکێی لەشکرەکانی ئێرانی و عوسمانی و ڕووسیا بەریتانیا دەرفەتی تەقەلای سەربازییانە و هەڵسانەوەی شۆڕشی کوردیان نەداوە.

زۆربەی ئەو سەرۆك خێڵە کوردانەی ئێرانیش لەڕاپەڕینەکەدا بەشداریان کردبوو، یان خۆیان بۆ پاڵ ئێران چوونەوە، یان دەوڵەتی ئێران تەقەللای هێنانەوە و نیشتەجێ کردنەوەیانیدا و لە ئاکامدا بەتەنیا هەر (هەمزاغای مەنگوڕ)، لەگەڵ بەشێك لە خێڵەکاندا لەناوچەی (سەردەشت) و (لاجان) و سنوورەکانی

ئێران- عوسمانیدا مایەوە و جارجار شەڕی پارتیزانانەی دژی هێزەکان و پیاوانی دەوڵەتی ئێران دەکرد.هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانیش کە لەو ناوچانەیەدا(حەسەن علی خانی گەڕوسی) سەرکردایەتی دەکردن بە هەموو توانایانەوە تەقەلای گرتن و کوشتنیانی دەدا.

دوای گەڕانەوەی شێخ عوبەیدوڵلا و هێزەکەی بۆ ناو خاکی عوسمانی، شای ئێران داوای لە عوسمانی کرد، ئێستا شێخ عوبەیدوڵلا شکێنراوە، پێویستە لەسەر بابی عالی دەبێ شێخ بگرێت، یان سزای بدات، یان ڕادەستی کاربەدەستانی ئێرانی بکاتەوە، یانیش ڕێگا بەهێزەکانی ئێران بدات لەسنوور بپەڕنەوە و لەگەڵ هێزی عوسمانیەکاندا هاوکاری بکەن بۆ دەستگیرکردنی سەرکردە باڵاکانی سەرهەڵدانەکە.

لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ١٨٨١دا، موحسن خانی سەفیری ئێران لە ئەستەمبوڵ نامەی ئاراستەی هەموو هێزە ناوبژیکەرەکان کردبوو، داوای بەگەرخستی دەسەڵاتیانی کردبوو، تا کاریگەرییان لەسەر بابی عالی هەبێت، هەنگاو بنێت بۆ ڕێگاگرتن لە شێخ عوبەیدوڵلا، کە ئێستا لەناو خاکی تورکیا دایە سنووری ئێران نەبەزێنێت، سەفیری ڕووسیش سەبارەت بە پەلاماری کوردەکان پشتگیری داواکاری موحسن خانی سەفیری ئێرانی کردبوو.

### حەسەن عەلی خانی گەڕووسی بەفەرمانڕەوای مەهاباد

ئەگەرچی دەرباری قاجاری لە سەرەتادا لە (١٢/١١/١٨٨٠ز) حاجی سەدرلدەولەی وەك فەرمانداری سابڵاغ دانا، بەڵام ناوبراو نەیتوانی چاوپۆشی لەو هەموو کوشتار و تاڵان و زوڵمە بێ سنوورە بکات، هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانی بەرامبەر کوردەکانی ئێران و سات و ماڵات و گوندەکانیان دەکات، هەر تەنیا ماوەی مانگێك توانی دان بە خۆیدا بگرێ، لەبەر ئەوە سەرانی دەوڵەتیش کە دەزانن هەڵسوکەوتی بە گوێرەی خواستی ئەوان نیە، لایدەدەن و لە جێی ئەو لە (١١/١٢/ ١٨٨٠ز) حسن علی خانی گەڕوسی- وەزیری فەوائید بە فەرمانڕەوای سابڵاغ دادەنێن.

وەزیری فەوائید(حسن علی خانی گەڕوسی) کەلە گەورە بەرپرسانی دەوڵەتی ئێران و سەرۆکی ڕاوێژخانەی دەربار و خاوەن قەڵەم و شمشێربوو، لەلایەن شاهەنشاوە کرابووە فەرمانڕەوای سابڵاغ و سەردەشت و لاجان. ئەویش بەڕاوێژ و بەرنامەی زیرەکانەوە، هەرچی عەشایەر بوون، لەماوەیەکی کورتدا ئارام و هێوری کردنەوە و هەندێ سەرانی موکری و لاجانیشی خەڵات کرد و دیاری پێبەخشین، هەندێکی تریشیان لەتۆڵەی کارەکانیان سزادا و هەندێکی تریشی کوشت و لەگەڵ پاشماوەی بنەماڵەی خان باباخان یشدا ئەوپەڕی سۆز و میهرەبانی نواند.

هێزەکەی حەسەن عەلی خانی گەڕووسی، لەم کاتەدا بریتی بوو، لە (٤) فەوج سەرباز، بە فەرماندەیی (عەزیزخانی سەرهەنگی تۆپخانە) بە (٤) تۆپ و سوارەی قەرەپەپاغ، بەسەرکردایەتی حەسەن عەلی خان و (٢٠٠) کەس و دۆیرن و ئێرانلو و سوارەی بەختیار و یورتچی و فەوجی قەهرەمانییە و حەوتەمی شوقاقی، فەوجێکی حەسەن عەل خان.

ئەم هێزەی حەسەن عەلی خانی گەڕووسی سەرکردایەتی دەکرد، ڕۆژی (٩- ١٢- ١٨٨٠ز) دەگاتە سابڵاغ و سەربازگەی لە ئاقاری شاری سابڵاغ دامەزراند و تا بەجێهێنانی بەرنامە و ئەرکەکەشی، بارەگای هەر لە سابڵاغ دەبێت.

حسن علی خان پیاوێکی فێڵباز بوو، بەفراوانی کەوتە دروست کردنی دەستە و تاقمی سیخور و ناردنیان بەهەموو لایەکدا، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و دەداو خستنی لایەگرانی ڕاپەڕینەکە، بەتایبەت لە قۆڵی ساباڵخ و لەسنووری سەردەشت- پشدەر کەوتە بڵاوکردنەوەی سیخورەکانی، بۆ دانانی کاریگەری و فریودانی خزم و لایەنگرانی هەمزاغا، لەو بارەیەوە کاریگەریان لەسەر زۆرێك لە لایەنگرانی هەمزاغا دانا، تەنانەت کاکەئاڵلای برای هەمزاغاشی فریودا، بەناوی ئەوەی هەمزاغا شیاوی سەرۆك خێڵی نیە و ئەگەر کاکەئاڵلا واز لە هەمزاغا بێنێ و بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئێران و لەسەر ئێل و ماڵی خۆی دابنیشێ، لە شوێنی هەمزاغا دەیکەن بە سەرۆك هۆزی مەنگوڕ.

هەر لە سەرەتای دەست بەکابوونیەوە بەپشتیوانی ئەو سەرۆك خێڵانەی لە دەمێکەوە سەربە دەوڵەت بوون، هەوڵی هەڵتەکاندن و لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی ڕیزەکانی سەرۆك خێڵ و خێڵە کوردەکانی داوە، لە چەندان نامەیدا بۆ ناسرەدین شا و سەرانی قاجاری خۆی بەوە هەڵدەکێشێ فیتنەیی و دووبەرەکی و ئاژاوە لەناو سەرۆك عەشرەتە هاوڕێ و دۆستەکانی یەکتردا دروست بکات و هەموویان بترسێنێ و بەسەر یەکەوە بیانکات بە جاسوس و باوەڕی دەوڵەتخوازیان لا دروست بکات.

هەر زوو کەوتە تۆقاندنی لایەنگرانی ڕاپەڕینەکەی کورد و شێخ عوبەیدوڵلا و هەوڵی دوور خستنەوەیان لە شێخ، بەوەی کۆبوونەوەی فراوان و خێرایان لەگەڵ بکات و نامەی پەشیمانیان بۆ ناسرەدین شا پێ بنووسێ، لەگەڵ چاندن و بڵاوکردنەوەی تۆڕێکی سیخوڕی بەناو خەڵکدا لەهەموو لاوە پیاوەکانی زانیاریان کۆدەکردەوە و لەڕێگای نامەوە حەسەن عەلی خانیان ئاگادار دەکردەوە و ئەویش زانیاریەکانی بەسەرووی خۆی دەگەیاند.

حەسەن عەلی خان دوای گەیشتنی، بەهەموو لایەکدا کەوتەکار، لە تەلگرافێکدا بۆ ناسرەدین شا دەنووسێت:"هەر کە گەیشمە شارۆچکەکە (ساباڵغ ) خەڵکم بە هەموو لایەکدا ڕەوانە کرد و ئەوانەش کە تا ئەو کاتە دڵنیا نەبوون و نەهاتبوون وەك فەیزوڵابەگ، حەسەن ئاغای خوشکەزای قادرئاغا، برازاکانی احمد بەگ، محمد سالح بەگی کوڕی بابا خان و محمد بەگی ئامۆزای پیاو ماقوڵانی باوەڕ پێ کراوی ورمزیار، وەك: مامەند ئاغا، یوسف ئاغا و فڵان و فیسار کە لە (٣٠) کەس زیاتر دەبوون هەر هەموویانم یەك یەکە دڵنیا و دڵخۆش کرد و بەرەبەرە هێنایانن، جگە لە خدراغا و ناسراوانی سەردەشت، کە هێشتا بە بیانووی بێ سەر و بەرەوە نەهاتوون، لە تایەفەی بەگزادەو سەرانی دیبۆکری و ناودارانی تری ناوچەی موکری هیچ کەس نەماوە نەهاتبێ و ئەم گیان فیدایە هەموویانم دڵداونەتەوە و خەڵاتم کردوون."

### جەربەزەیی هەمزاغا و درێژەدانی ڕاپەڕین

جەربەزەیی و قارەمانی و لێهاتوویی هەمزاغا لەوەدابوو ئاڵۆزی بارودۆخ و کێشەی ناوچەکە و گوشاری دەوڵەتەکان نەیانتوانی کۆڵی پێ بدەن و واز لە ڕاپەڕین بێنێ، بەڵکو کەوتە تەقەلا و هاندانی هۆزەکانی باشووری کوردستان بۆ پشتیوانی شێخ عوبەیدوڵلا و بەردەوامی ڕاپەڕین، لە نامەیەکدا لەسەفارەتی ئێرانیەوە ناردراوە بۆ بابی عالی لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٨٨٠ (٢١ زوالحجەی ١٢٩٧)دا ڕایدەگەیەنێت: هەمزاغا دوای ئەوەی لە ئێران هەڵاتبوو بۆ ئەودیو سنووری تورکیا، لەوێش دوای

تەجنید کردنی هەندێ لەلایەنگرەکانی شێخ عوبەیدوڵلا و چەند هەزار کوردێکی ناوچەکە. بەردەوام لە چالاکی دابووە.

هەموو جوڵە و چالاکیەکانی هەمزاغا لە ڕێگای چاندنی تۆڕێکی جاسوسی حەسەن عەلی خانی گەڕووسی چاودێری دەکرا و لەڕێگای نامەوە دەگەیشتە دەست حەسەن عەلی خان و دواتریش بۆ دەست ناسرەدین شای قاجار، لە ناوەڕۆکی نامەکانەوە خوێنەر بارودۆخی سەختی ئەو ڕۆژگارە تێ دەگات و دەتوانێ لە ڕێگای ئەو نامانەوە شوێن پێی هەمزاغا هەڵبگرێ و بزانێ بە چ ئەوینێکی شۆڕشگێڕانە و نیشتیمانپەروەرانە و جەربەزانەوە، لەناوچەکەی خۆیدا ماوەتەوە و بە تەنگ ڕاپەڕاندن و پیادەکردنی بەرنامە و هەڵسانەوە و بەزیندوو ڕاگرتنی شۆڕشەکە بووە، بە ئاواتی دەست پێکردنەوەیەوە دەژی، بێ پەروا فەرمانەکانی شێخ عوبەیدوڵلا لە هەموو جێیەکی قەڵەمڕەوی قاجاری و عوسمانیدا جێبەجێ دەکات، تا ئەو کاتەی وەك لە نامەی ژمارە (١١٦)ی حەسەن عەلی خان دەردەکەوێ کە لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی (١٨٨١)داَ هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەچنە نەهری و شێخ عوبەیدوڵلا لە بارەگاکەی خۆیدا دەستبەسەر دەکەن و بەرە و ئەستەمبووڵی دەبەن.

دوای پاشەکشێ پێ کردن و ناچارکردنی بۆ کشانەوەی یەکجاری، لە شار و ناوچە ئازاد کراوەکانی ساباڵخ و کوردستانی بن دەستی ئێران، و کشانەوەی بۆ دەرەوەی قەڵەمڕەوی ئێران و پاشان دامرکاندنەوە و لەناوبردنی شوێنەوارەکانی ڕاپەڕینەکە و ڕێکخستنەوەی ناوچەکانی ڕاپەڕین و هێنانەوەی ئەو لێشاوە خەڵکەی لە ترساندا لەناوچەکانی خۆیاندا هەڵاتبوون و لێبوردنی پیاوانی ئایینی و سەرۆك خێڵەکانی موکریان، لاجان، شنۆ و سەردەشت...کەچی تاقە کەسێك دەرباری قاجاری بۆ هەمیشە چاوی لێی نەپۆشی و لێی نەبورد، بەتەنیا هەر هەمزاغای مەنگوڕ بوو، کە دەرباری قاجاری بێ پسانەوە مەبەستی بوو، بەهەر شێوە و بەهەر نرخێك بێت، دەستگیری بکات، یان لەناوی بەرێت.

دوای شکستی ڕاپەڕینە و کشانەوەی هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵلا لە کوردستانی بن دەستی قاجار بۆ نەهری، هەمزاغاش لە قۆڵی سەردەشتەوە کشایەوە سەر سنوور و دوایش چووە سنووری دەوڵەتی عوسمانی لە باشووری کوردستان لە سەید ئەحمەدانی دەڤەری پشدەر تاوڵی هەڵدا و لەوێوە شەڕی پاتیزانانەی لەگەڵ هێزەکانی ئێران دەکرد، لەو بارەیەوە لە مێژووی ٢٩ صەفەری ١٢٩٨ کۆچی (٢١- ١- ١٨٨٠ز) حەسەن عەلی خانی گەڕووسی تلگرافێکی بۆ ناسرەدین شا ناردووە، کە لە چەند بەشێکی نامەکەدا هاتووە:

**نامەی ژمارە ٥٦**

(چەند بەشێك لە نامەکە )

لاپەڕە:١٥٣ – ١٦٤

مێژوو:٢٩ صەفەری ١٢٩٨ کۆچی (٢١- ١- ١٨٨٠ز)

بۆ: ناسرەدین شا (بەتلگراف بۆی نێردراوە)

"بۆ خاکی بەرپێی هومایۆنانەی موبارەك ((ڕوحمان بەقوربانی بێت))

دەبێ ئەوە عەرز بکەم ئەگەرچی ڕادەی ئاژاوەکەی عوبەیدوڵڵای نەفرەتی و لە بەختی شوومی ئەو خەڵکەش، کە بە دڵ و نابەدڵ هاوکاریان لەگەڵ کردووە، وێرانی و زیانێکی زۆری گیان و سامانیان لە بەشێکی گرنگی هەرێمی ئازربایجان کەوتووە، بەڵام ئەم خەڵکەش هەر لە پاداشتی کردەوەی خۆیاندا ئازار و زیانێکی وایان بەرکەوتووە بە بیردا نایەت، بەشێکی زۆری ئەم وڵاتە بە جۆرێك ژێرەو ژور بووە، دەبێ چەندین ساڵی پێ بچێت تا لەم ناوچەیە برێك هێمن و ئاسایی ببێتەوە و شوێنە کاولەکان ئاوەدان ببنەوە.

دوای نیوەڕۆی (١٧)ی موحەرەم لەلایەن گوڵاوی ئاغا هەواڵ گەیشت، کە لە کاتێکدا خۆی و عوسمان ئاغا لە سەردەشت بوون، هەمزاغا بە پشتیوانی هەندێك لە خەڵکی سەردەشت بە شەست حەفتا کەسێکەوە لە دەست و پەیوەند و نزیکانی خۆیەوە لەمەحاڵی (دارمە) کە دەکەوێتە خاکی سەردەشت بە قەڵەم ڕەوی عوسمانیەوە لکاوە، کتوپڕچۆتە ناو سەردەشت و گوڵاوی ئاغا و عوسمان ئاغاش کە هێزێکیان لەگەڵدا نەبووە، شارۆچکەی سەردەشتان بە جێ هێشتووە، هاتوونەتە دەرەوە. گیانفیداش بیرم لێکردەوە ئەگەر مانەوەی هەمزاغا لەسەردەشتدا ماوەیەك بخایەنێ، بێشك خەڵکی سەردەشت و خێڵی گەورك لەوانەیە خێڵەکانی تریشی لەگەڵدا ڕێکبکەون و ئاژاوەیەکی تازە بنێنەوە، لەبەر ئەوە هەر ئەوساتە لە لایەکەوە نامەم بۆ خزمەتی جەنابی بەڕێزی پایەبەرز سوپاسالاری مەزن نارد و هەر بۆ دڵنیابوونیش سوارە و سوپا و چەکی پێویستیشم لەو پایە بەرزە خواست و لەلایەکی تریشەوە بە هەموو پیاوماقوڵانی ناوچەکەم ڕاگەیاند، تا هەموویان هێزی خۆیان بە سوارە و پیادەوە ئامادە بکەن و خۆبە گیان فیدا بگەیەنن، هەر هەمان ڕۆژیش سەرانی قەرە پە پاغ و محمد ئاغای مامەش و یونس خانی بانەییم ئاگادار کرد، تا بە هێزەکانی خۆیانەوە لە دوولاوە ڕێی دەربازبوونی هەمزاغا ببەستن.

هەمزاغا دوای هەڵاتنی لەسەردەشت و هەواڵ زانینی دژایەتی عوسمان ئاغا و خدرئاغا و پیاوماقوڵانی سەردەشت بەرامبەری و بەڵێنیان بۆ گرتن، یان کوشتنی، چۆتە شوێنێك بەناوی (سوێسنە) کە دارستان و کوێستانێکی سەختە و ئەشکەوت و ڕەهۆڵی زۆر تێدایە.

سوێسنە لەسەرسنووری پایەبەرزی بڵندایە و بەمحاڵی (پشدەر) و خاکی عوسمانیەوە لکاوە، هەمزاغا ئێستا خۆی و چوار برازا و عەزیزی فەتاح و براکەی و ئەمین ئاغای کوڕی قادرئاغا و فەتحوڵڵاخانی کوڕی موزەفەرولدەولە و شەست- حەفتا کەسی تری لەتەکدایە و لەوێ نیشتەجێن و خێڵ و تایەفە و ماڵ و منداڵی هەمزاغا و باپیراغای کوڕی لە (سەیید ئەحمەدان) دان، کەسەر بە پشدەر و خاکی عوسمانیە .

ئەو جۆرەی بۆمان دەرکەوتووە و ئەرخایەن بووبن، قایمقامی (ڕانیە) کەبەشێکە لە سنجاقی (کۆیە)، بەرامبەر خێڵ و تایەفە و خێزانی هەمزاغا، پشتیوانی پێویستی کردووە و بە تایبەتیش باپیراغای کوڕی هەمزاغای خەڵات کردووە. بۆ ئاگاداری جەنابیشتان ڕایدەگەیەنم، بۆ لەریشە دەرکێشانی ئەم توخمی خراپەکارییە (هەمزاغا)، لەلایەکەوە کارێکم کردووە، قادراغا و میرزاقاسمی قازی، کە پێشینەی دۆستایەتیان پێکەوە هەیە، کارێکی وا بکەن نامە و ڕاسپێرییان لەگەڵیدا بێ و ئەگەر بەقسەی ئەم دوو کەسە ئەرخایەن بکرێ، ئەوسا بیانێرم لەشوێنێکدا چاویان پێی بکەوێ و بەهەر جۆرێك بێت، بەڵکو بەبڕیار و بەڵێنی گیانفیدا دڵنیای بکەن و بیهێنن.

لەلایەکی تریشەوە سەرقاڵی ئەو فەرمانەم لەجەنابی سوپاسالاری مەزنەوە گەیشتووە، بەمجۆرە بە هاوکاری سەلیم خانی چواردۆڵی، زەمینە و هۆیەك بۆ یەك کەوتنی محەمەد ئاغای مامەش و عوسمان ئاغای گەورك ساز بکەین، بۆ ئەوەی ئەم دوو کەسە دەست بدەنە دەستی یەکتر و لەهەر ڕێگا و بەهەر جۆرێك بۆیان بکرێت، پێکەوە یان بیکوژن، یان بەزیندوویی بیگرن، هیوای زۆرم هەیە، لەناوچاو و بەختی خاوەن شکۆوە، یەکێك لەم دوو تەگبیرە سەربگرێ."

حەسەن عەلی خان نامەی پەشیمانی یا وەك خۆی دەڵێت (ڕوورەشانە)ی بەخەڵك و لایەنگرانی ڕاپەڕینەکە نووسی و پێویست بوو لەپای نووسینی ئەم نامەی پەشیمانیەدا سزا بدرێن و باج بدەن، لەبەرامبەر ئەوەشدا داوای لە سیخوڕ و ناپاکەکانی دەوری خۆی کردووە هەمزاغا دەداو بخەن و بیکوژن تاکو لەم سزای (ڕوورەشیانە) ببەخشرێن، بەنامەیەکیش لە مێژووی ٢٥ی ڕەبیعی یەکەمی ١٢٩٨ کۆچی (٢٥- ٢- ١٨٨١ز) شای لە ئەنجامی کارەکانی ئاگادار کردووەتەوە و لەسەرەتای ئەم نامەیەدا کە وەڵامە بۆ نامەیەکی ناسرەدین شا بەدوور و درێژی سوپاس و ستایش و دەبدەبەی زۆرەوە باسی گەیشتنی نامەکەی ناسرەدین شا دەکات، لەبەشێکی داد دەڵێت:

**نامەی ژمارە: ٦٠**

(بەشێکی)

لاپەڕە: ١٧٤-١٨٣

مێژوو: ٢٥ی ڕەبیعی یەکەمی ١٢٩٨ کۆچی (٢٥- ٢- ١٨٨١ز)

بۆ: ناسرەدین شا

...پوختەی ڕوورەشیانەی دانیشتوانی موکریان، بەو جۆرەی لەبەرامبەر بەڵێندا، کەلە هۆردوگای سەرەکی، لە پیاوماقوڵانی ئەم هەرێمە وەرگیراوە، بریتیە لە ڕوورەشیانە و برگەیەکیشی بەو جۆرەیە لەبەرامبەر ئەو بەڵێنەدا، مەرجی ئەوە کراوە، بڕی (٤٠) هەزار تمەن، بەناوی (ڕوورەشیانە) وە بۆ بەر پێی پیرۆز پێشکەش بکەن و داواکردنی ئەم پێشکەش جاری ڕابگیرێ، تا بەڵکو بە پشتیوانی خوای گەورە و بەختی بەهێزی شاهەنشا، ئەو هەمزاغا نارەسەن و شەڕانی و ئاژاوەگێڕە، کەماکی فیتنەیی و ئاژاوە نانەوە بووە، لە هەڵکەوتێکدا، کەدێنە سابڵاخ، بەمردوویی بێت، یان بەزیندوویی، بیگرن و بەدەست دەوڵەتەوەی بدەن و خۆشمان لەو (ڕوورەشیانە) ببەخشرێین و دەوڵەتیش لەبەرامبەر ئەو خزمەتەدا، کە گرتن، یان کوشتنی هەمزاغایە، چاوپۆشیمان لێ بکات. بەگوێرەی ئەم مەرج و بەڵێنانە و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی، هێشتا ئەم پارەی (ڕوورەشیانە) یە، لەم خەڵکە وەرنەگیراوە.

لەبارەی هەمزاغاشەوە، بەو جۆرەی لەنامەکانی پێشوودا باسکراوە، گیانفیدا لەدوولاوە و بەدوو هۆوە بە وریایی تەواوەوە خەریکی بەئەنجام گەیاندنی ئەم خزمەتەم (واتە کوشتنی هەمزاغا) و پشتگوێم نەخستووە، دیارە ناوەڕۆکی بەڵێننامەی محەمەد ئاغای مامەش لەو بارەیەوە و نامەی خودی هەمزاغاش، کەلە وەڵامی (قادرئاغا) دا نووسیویە، و گیانفیدا چەند ڕۆژێك لەمەوبەر بەتلگراف بۆ سوپاسالاری مەزنم ناردووە، بەرچاوی هومائاساتان کەوتووە".

**هەوڵی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ هەستانەوەی ڕاپەڕینەکە**

دوای گەیشتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا و هێزەکەی بەنەهری و چاوخشاندنەوە و بەسەرکردنەوەی هێزەکانی و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، دوو مانگ دوای گێرسانەوەی لە نەهری، دیسان شێخ عوبەیدوڵڵا هەوڵی جوڵانەوەیەکی نوێی دا، کە لە نەهرییەوە دەست پێ بکات، جارێکی دیکە هەوڵەکانی دەست پێ کردەوە، بۆ خۆئامادە کردنەوەی بۆ درێژەپێدانی ڕاپەڕین، هەرچەندە خۆئامادەکردنی ئەم جارە لەچاو هەلومەرجی جاری پێشوو سەخت تر بوو، چونکە جەماوەری کوردی ڕۆژهەڵات بەهۆی دزی و تاڵان و سوتاندنی ماڵ و دیهاتەکانیان و کوشتن و دەربەدەریان لەلایەن هێزە تاڵانچیەکانی ئێران، باری ئابووریان تا ئەوپەڕی خراپ بوو و باری دەروونی خۆشیان شێوا بوو، لەلایەکی تریش ئێران لە ڕۆژهەڵات و ڕووسیا لە باکوور هێزەکانیان لەسەر سنوور مۆڵدرابوون و هێزەکانی عوسمانیش لەناو وڵات بەهەموو شوێنێکدا بڵاو ببوونەوە و پەیوەندی نێوان شارەکانیان بڕی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە پەلە و بێ هەدادان کەوتە تەقەلای هەمەلایەنەی وەك:

١- دابین کردن و حەواندنەوەی ئەو لێشاوی (١٠٠) هەزار ئاوارە کوردەی لە ئەنجامی شۆڕشەکەدا چ وەك لایەنگر و پشتیوانی شۆڕش و چ لە ترسی پاراستنی سەر و ماڵیان، لە جێگا و ڕێگای خۆیان هەڵکەنرابوون و بەو زستانە لە سنوورەکانی ئێران – عوسمانی چووبوونە قەڵەمڕەوی عوسمانی لەوێ گیرسابوونەوە.

٢- دەست پێ کردنەوەی کاری دیپلۆماسی و پەیوەندی تازە دروست کردنەوە لەگەڵ دەوڵەتاندا، بۆ ئاگاداربوونیان لە کێشەی کورد، بە تایبەتیش لای دەوڵەتانی ڕووسیا، ئینگلستان، ئێران-عوسمانی.

٣- کڕین و پەیداکردنی چەك و تەقەمەنی و پێویستی شۆڕش.

٤- بەسەرکردنەوەی زۆربەی ڕێبەرانی خێڵ و ناودارانی کورد و نامەی تایبەتی بۆ نووسین و بانگهێشتنیان بۆ پشتیوانی لە شۆڕش و بەرزکردنەوەی ورە و زیندووکردنەوەی گیانی هیوا و ئاوات تیایاندا.

سەرەڕای ئەوەی تورك داوای چاوپێکەوتن و گفتگۆی شێخ عوبەیدوڵڵایان دەکرد بۆ هێمن کردنەوە و بانگ هێشتی بۆ ئەستەمبوڵ، شێخ عوبەیدوڵڵا بانگەوازی بۆ سەرۆك هۆز و خێڵەکان کرد و لەگەڵ نوێنەری تایبەتی خۆی دا نامە و ڕاسپاردەی بۆ ناردن، تاکو بەشداری ڕاپەڕینەکە بکەن، لەم بارەیەوە حەسەن عەلی خانی گەڕووسی لە ٣ی ڕەبیعی دووەم ١٢٩٨ کۆچی (٤- ٣- ١٨٨١ز) لە نامەیەکدا بۆ ناسرەدین شای قاجار دەنووسێت: "دوێنێش کە دوایین ڕۆژی (ڕەبیعی یەکەم) بوو، ئەم هەواڵە ڕاست و دروستە، کە دەماودەم هاتووە، بەگیانفیدا گەیشتبوو لەبەر ئەوەی بڵاوکردنەوەی بانگەوازنامە تازەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاربەدەستانی بابی عالی دا، هیچ گومانێك نەماوە، بۆیە ئاگادارکردنەوەی بەرێزتان بەپێویست زانرا، دەربارەی هەواڵی هەمزاغاش، داوباری نازانرێ، چونکە لەهەموو جێگایەکدایە، هەندێ جاریش لە "پشدەر"ە داوباری ژێرەو ژوور بووە، و کەسی بەدەورەوە نەماوە و تەنیا ماوەتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئێل و هۆزەکەی لەبەرامبەریدا ئەو پەڕی ملکەچیان هەیە، هێشتا چەند کەسێکی ئەم خەڵکەی لەگەڵدایە، سەرەڕای ئەوەش هەمزاغا کەسێکی ئازا و دەست لەگیان بەرداوە، هەر ئەوەندەی بەفر بتوێتەوە و ڕێگاوبان بکرێنەوە، ئیتر ئەگەر هەر خۆشی بەتەنیا

بمێنێتەوە، وەك دز لەم و ئەو کونەوە سەر دەردێنێ و خۆی نیشان دەدات، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو سەرنجانەی عەرز کران، دەبێ هەڵسوکەوتی غافڵ نەبین و لێی ئەرخایەن نەبین.

....ئێستاش بەهاتنی ئەو ئەفسەرە* جەنگیە و دیداری لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا و هێنانی خەڵاتی قایممقام بۆ برا و کوڕی گەورەی هەمزاغا و ڕێپدان و پشتیوانی لەئێلی مەنگوڕ، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە و ئەوەی تائێستا بۆ ئاژاوەی (عەبەیدوڵڵا)، کارێکی وانەکراوە، وادەردەکەوێ ئەم دەوڵەتە سەبارەت بەم کێشەیە چاوپۆشی بکات".

لە دوایین بەشی پەڕەگرافی، نامەیەکی تری میرزا نیزام حەسەن عەلی خانی گەڕووسی بە مێژووی: ٨ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٩٨ کۆچی- (٩- ٣- ١٨٨١ز) بۆ ئەمینولمولك: میرزا عەلی خان – (ئەمینولدەولە) دەنووسێت:

" لە سێی ئەم مانگەدا بانگەوازنامەکانی (شێخ عوبەیدوڵڵا)م بەتەلگراف عەرزکردن و دەقی بانگەوازێکیشم بەپۆستدا بۆ ناردن، ئێستا پەیتا پەیتا هەواڵ دێت، گوایە شێخی مەلعون، خەریکی خۆسازدانە بەرەو ڕەواندز. لەم خۆ سازکردنەش مەبەستی ئەوەیە لەگەڵ ئەو خێڵانەی لەدەرەوە و ناوەوە پێوەندی بووە، ئێستا هەموویان لە گەرمیان و لەخاکی عوسمانیدا، دەست بدەنە دەستی یەك و دیسانەوە ببنە مایەی کارەساتێك، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە لەم ماوەیەدا هەواڵی بۆ هەندێ لایەنگرانی خۆی لە (سڵدوز) ناردووە، تا خۆیان لە (قەرەپەپاغ) دووربخەنەوە، چونکە شێخ نیازی شۆڕشی هەیە و بۆ ئەمەش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە ڕێگای پێدراوە".

بێگومان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی لەو هەوڵ و تەقەلایانە بێ ئاگانەبوون، بەتایبەت ئێران دەیویست هەرچی زووترە شێخ عوبەیدوڵڵا دەستگیر بکرێ و کۆتایی بە شۆڕشی کورد بهێنرێ، لەوبارەیەوە مستەر تۆمسن لە ٣١ کانوونی دووەمی ١٨٨١ لە نامەیەکیدا بۆ ئێرل گرانڤیل دەڵێت: دوێنێ وەزیری دەرەوەی ئێران دوو بروسکەی بۆ خوێندمەوە، کە شێخ عوبەیدوڵڵا بەکردەوە چالاکانە خەریکی خۆئامادەکردن و سازدان بووە، بۆ دەستپێکردنەوەی کاری دوشمنکارانە لەگەڵ ئەم وڵاتە، حکومەتی تورکیش هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ ڕێگرتن لێی لەکۆکردنەوە و سازدانی لەشکر و کڕینی چەك بۆ ئەو مەبەستە. ئەوە گریمانێکی زۆر دەبێت لەبەهاردا هورووژمێکی نوێ لەناو تورکیاوە بۆ ناو ئێران ڕوو بدات.

لە ١ی فێبریوەری ١٨٨١ چەندین نامە لەنێوان نوێنەرانی بەریتانیا و شادا ئاڵوگۆڕ کران سەبارەت بە هەوڵی نوێی شێخ عوبەیدوڵڵا دەدوێت و مەترسی ئەوە دەکەن، لەوەرزی بەهاردا سەر لەنوێ دەست پێبکاتەوە، پاشان بۆ بەرهەڵستی کردنەوەشی، ئێران هەوڵی دڵنیاکردنەوەی هاوکاری و دۆستایەتی بەریتانیا و ڕووسیای دەکردەوە، بۆ پشتگیری کردنی، لەڕاستیدا ڕووسیا و بەریتانیا هەڵوێستێکی نەگۆڕیان بەرامبەر ئێران و بارودۆخەکە هەبوو. هەرچەندە شێخ عوبەیدوڵڵا هەوڵی جوڵانەوەیەکی نوێی دا، بەڵام بارودۆخەکە لەبار نەبوو، لە ڕێگرتنی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا پاشان ئێران و ڕووسیا و بەریتانیا بەهەموو جۆرێك هانی عوسمانیییەکانیان دەدا ڕێگا لە بزوتنەوەکەی شێخ بگرێت، هەروەها هێزی عوسمانی گەمارۆی پردی نێوان شێخ و شارەکانی نێوقەڵەمڕەوی عوسمانیيان دابوو، بۆ ئەوەی هیچ هاوکارییەکیان بۆ نەچێت، سەرەڕای ئەوانیش هێزەکانی ئێران لەسنووری ئێران – عوسمانی دا بوون و بەرەی خۆرهەڵاتیان تەنیبوو، لەبەرەی خۆرهەڵاتیشەوە هێزەکانی ڕووسیا لەماکۆ و جولفا بوون بۆ

دژایەتی کردنی ڕاپەڕینەکە. خاڵێکی هەرە گرنگ بریتی بوو لە تێکچوونی پێوەندی نێوان خێڵەکانی کورد، واتە نەمانی یەکێتی کوردان، ئەویش لەڕێی داگیرکردنەوەی ئەو ناوچە کوردنشینانەی لەلایەن قاجارەکانەوە چەندین جۆر سزادانیان بەرامبەریان دەگرتەبەر.

**گفتوگۆ لەگەڵ تورک**

لەگەڵ بانگەواز و هەوڵەکانی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ دووبارە جۆشدانەوەی خەڵك بۆ ڕاپەڕین، بۆ ئاڵۆز نەبوونی بارودۆخەکە کاربەدەستانی تورك دەیانویست شێخ بەخۆشی بخەنە داوەوە، کەوتنە هاتوچۆ بۆ لای و گفتوگۆ لەگەڵیدا بۆ ئەوەی بیبەن بۆ ئەستەمبوڵ، هەوڵیاندا ڕەزامەندی شێخ بەدەست بێنن، تا واز لە شۆڕشەکەی بێنێ، سوڵتان عەبدولحەمید نوێنەری تایبەتی خۆی (ئەحمەد بەگی یاوەری) ناردە لای بەمەبەستی قایل کردنی شێخ تا سەردانی ئەستەمبوڵ بکات، ئەحمەد بەگی یاوەری جەنگی سوڵتان، لەپاش ئەوەی سەردانی شێخی کرد، دوای گفتوگۆ لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلا و سێ ڕۆژ لەلای شێخ مانەوە، شێخ عوبەیدوڵلا لەگەڵ شێخ عەبدولقادری کوڕی و شێخ محەمەد سەعید دا ناردی سەردانی هەولێریان کرد، تا لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان و ژمارەیەك لە ناودارانی ناوچەکە، چاویان بەیەك بکەوێت. بۆ ئەوەی خواستی سەرۆك هۆزەکان بزانن بۆ پشتیوانی شێخ و دروست کردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ، شێخ دەبێ خۆشی هیوای بەبەڵێنەکانی تورك هەبووبێ، چونکە بەو بۆنەیەوە نامەی بۆ کوردەکانی سنوور و لایەنگران و ئاوارەکان نووسیوە و ئاماژەی بەو بابەتە داوە.

لەنامەیەکدا کە بۆ (محەمەد ئاغای ئاکۆ)ی نووسیوە، هانی داون یەکدڵ و یەکگرتووبن و تیایدا ئاگادار کراوە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتانی ترەوە پشتیوانی لە کێشەی کورد کراوە و شێخ بەهیوایە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو کاروبارەکان بەگوێرەی خواستی کورد بێت، ئینجا داوای کردووە لەسەردانی شێخ عەبدولقادر و شێخ محەمەد سەعید لەگەڵ ئەحمەدبەگی یاوەر بۆ هەولێر بچن کۆببنەوە و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەن، لەو بارەیەوە حەسەن عەلی خانی گەڕووسی فەرماندەی مەهاباد، یەکێك لەو بانگەوازنامانەی شێخی دەستکەوتووە و لەگەڵ نامەیەکی خۆیدا شای ئێرانی لەو هەوڵە ئاگادار کردووەتەوە، لە ڕەشنووسی دامێنی تەلگرافێکدا، لە مێژووی (٣ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٩٨ کۆچی) (٤- ٣- ١٨٨١ز) بۆ ناسرەدین شای ناردووە، دەڵێت:

**نامەی ژمارە:٦٣**

لاپەڕە: ١٩١

مێژوو: ٣ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٩٨کۆچی (٤- ٣- ١٨٨١ز)

ڕەشنووسێکە لە دامێنی تەلگرافێکدا، لە مێژووی (٣ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٩٨ کۆچی) پێوەیە بۆ خۆڵی بەرێی موبارەك عەرز کراوە:

"لەو ڕێکەوتە چاکانەی لەکاتی تەواو کردنی ئەم نامەیەدا بووم، لەلایەن ئیبراهیم ئاغای برای خوالێخۆش بوو (گوڵاوی ئاغا)وە، کە بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێ کار و وەرگرتنی (پێشکەشی)ی خەڵکی (سەردەشت) ناردبووم، نامەیەك گەیشت، دیارە دەبێ ئەسڵی یەکێك لەو بانگەوازانە بێ کە شێخی مەلعون، ناردوویەتی و بەدەست ئیبراهیم ئاغا کەوتووە و ئەویش هەمان نامەی بۆ ئەم گیانفیدایە ناردووە، کە ئاراستەی (محەمەد ئاغای ئاکۆ)ی کردووە، کە یەکێکە لەسەرانی عەشایری قەڵەمڕەوی عوسمانی، لەم نامەیەشەوە، ئەو گێڕانەوەی (محەمەد ئاغای مامەش) دەسەلمێ، کە پێشتریش وتبووی ڕاستە و بەمۆری خودی (شێخ عوبەیدوڵلا)وەیە و ئەمەش دەقی نامەکەیە:

"دۆستی ڕاستگۆی پایەبەرز: محەمەد ئاغای ئاکۆ- خوا بتپارێزێ"

دوای گەیاندنی سڵاوی ئەوپەڕی دۆستانە، ئەگەر لەڕووی دۆستایەتی و ڕاستیەوە، لەمن دەپرسیت، سوپاس بۆ خوا و دنیا و کاروباریش بەدڵی دڵسۆزانە، لەلایەن دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانیەوە، هێژا و بەختەوەر: جەنابی ئەحمەد بەگی یاوەری تایبەتی حەزرەتی موبارەکی شاهانە، بۆ هەندێ کاری تایبەتی و نهێنی هاتووە، لە هیممەتی پیرانی مەزنەوە ئەوەی مەبەست و ئاواتی ئێمە بووە، هەر ئەمەیە، لە دەوڵەتاندا عەجەمیان بە ناهەق داناوە، و هەقیان بە ئێمە داوە، بۆ ڕێنوێنی و شارەزایش، جەنابی یاوەر و هاوڕێکانی، نوری چاوان، شێخ عەبدولقادر و شێخ محەمەد سەعیدم تا ڕەواندز و هەولێر لەگەڵ دا ناردوون، بۆیە بە پێویستم زانی پێشتر ئێوەش ئاگادار بکەمەوە، تا پێشوازی و چاوپێکەوتنی ناوبراو بکەن، چونکە لە هەموو ڕوویەکەوە، ئاگادارییان لە هەموو شتێکە و هەموو باسێکیان بە تەواوی بۆ شیدەکەنەوە.

بەکورتی لەلایەن دەوڵەتانەوە، کاروبار بەدڵی ئێمەیە، ئەوەندە هەیە، دەبێ خەڵکی کوردستان یەکدڵ و یەکگرتووبن، سوپاس بۆ خوا، کوردستانی قۆڵی ئەنادۆڵ، یەکدڵ و یەکگرتوون، هیوادارم لە قۆڵی عێراقیشەوە هەروابن، غیرەتی ئایین و ئیسلامیش لەدەست مەدەن، هەمیشە چاوەڕێی موژدەی سەلامەتیتانم، ئیتر بەدوعا".

١٢ی ڕەبیعی یەکەمی ١٢٩٨ کۆچی- (١٢- ٢- ١٨٨١ز)

لەم بانگەوازنامەیەوە ئەوە دەسەلمێ، لەڕێگای (ئەحمەد بەگی یاوەر)ەوە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی یەوە، دڵنیایی و پشتیوانی تەواو بە (شێخ) دراوە، ئەگینا ئەم هەر لەخۆیەوە و بێ پرس، ناتوانێ ئاوا بەئاشکرا، ئەم بانگەوازنامانە بۆ سەرانی عەشایری قەڵەمڕەوی عوسمانی و کەسانی تر و شوێنانی تر بنێرێ.

دەوڵەتی پایەبڵیندی ئێمەش، بەڵگەی لەمە چاکتری چنگ ناکەوێ، لەسەر ئەو گوێنەدانەی دەوڵەتی عوسمانی، کە نایەوێ خراپەکارییەکانی شێخ لەناوبەرێ و لەبارەی پشتیوانی کردنی نهێنی و ئاشکرای ئەو دەوڵەتەشەوە، بەڵگەی لەم بانگەوازنامە چاکتر بەدەستەونین، کە گیانفیدا بەهەمان نۆکەردا، کە ئەم تەلگرافنامەیەم پێدا ناردووە، هەمان ئەم بانگەوازنامەیەشم کردۆتە هاوپێچی و بەناونیشانی جەنابی وەزیری کاروباری دەرەوەشدا بۆ تەورێزم ناردووە و لە سەرۆکی پۆستەخانشم سەلماندۆتەوە، دەبێ ئەم نامەیە بەتایبەتی بە تاران، بە جەنابی وەزیری کاروباری دەرەوەش بگەیەنن و بەرچاوی ڕووناکی هومایۆنانەشدا تێپەڕبێ.

٣ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٩٨ کۆچی- (٤- ٣- ١٨٨١ز)

یەکێکی تر لە بانگەوازنامەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا کە بۆ مامەند ئاغای پیرانی ناردووە، تیایدا ئاگادار کراوە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتانی ترەوە پشتیوانی لە کێشەی کورد کراوە و شێخ بەهیوایە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو کاروبارەکان بەگوێرەی خواستی کورد بێت،(هەمزاغال١١٩) هەڵبەت هەندێك کار و ڕاسپاردەی نهێنی هەن لەناو نامەدا جێیان نابێتەوە و بۆ نووسین ناشێن، شێخ ئەو ڕاسپاردانەی بەدەمی بەنوێنەرەکەی خۆیدا ڕاسپاردووە، تاکو بیگەیەنن بە مامەندئاغا و لایەنی پێوەندیدار، بانگەوازنامەکە دەست حەسەن عەلی خان کەوتووە و ئەویش لەگەڵ چەندین زانیاری تر دەربارەی هەوڵ و تەقەلاکانی شیخ عوبەیدوڵڵا بۆ درێژەپێدانی شۆڕش، لەگەڵ نامەیەکدا لە مێژووی: ١٠ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٩٨ کۆچی (١١- ٣- ١٨٨١ز) ئاراستەی ناسرەدین شای قاجاری کردووە و دەڵێت:

**نامەی ژمارە: ٦٤**

لاپەڕە: ١٩٤

مێژوو: ١٠ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٩٨ کۆچی (١١- ٣- ١٨٨١ز)

لە(٣ی ڕەبیعی دووەم)دا، دەقی نامەیەکی (محەمەد ئاغای مامەش) و وێنەی نامەی (شێخ عوبەیدوڵڵا)م بەتەلگراف عەرزکردووە و ئەسڵەکەشی لە ڕێگای پۆستی تەورێزەوە، بۆ جەنابی وەزیری کاروباری دەرەوەم ناردبوو، لەم دوو ڕۆژەشدا هەندێ زانیاری تر، بەگیانفیدا گەیشتوون، بریتین لە:

یەکەم: دیسانەوە وێنەی بانگەوازنامەیەکی تری شێخ عوبەیدوڵڵایە، بۆ (مامەندئاغای پیران)ی نووسیوە و ئەمەش دەقەکەیەتی: "پایەبڵندی ڕاستی پیشە، مامەند ئاغا- خوابیپارێزێ" هەمیشە هاوجووتی سەرفرازی بێوەی بیت. ئیتر ئەگەر لەڕووی خۆشەویستی پاکەوە هەواڵمان بپرسیت، سوپاس بۆ خوا، کاروبار بەدڵی دڵخوازانە، لەم ڕۆژانەدا (ئەحەمەد بەگ)ی یاوەری تایبەتی حەزرەتی سوڵتان، سەربارەت بەبڕێ کاری تایبەتی و نهێنی، تەشریفی بۆ ئێرە هێنا بوو، لەبەخشندەیی خواوە کاروبار بەدڵی دڵسۆزانە. هەموو دەوڵەتان، دەوڵەتی عەجەمیان بەتاوانبار و ناهەق داناوە و هەق بە ئێمە دراوە، هەموو دەوڵەتان نیازیان وایە کوردستان بدەنە دەست خۆمان، ئەگەر لەخەڵکی کوردستانەوە شتێك نەوەشێتەوە، کار تەواو بووە، ئەوەندە هەیە ئێمە لەسەر یەکێتیی خۆمان سوور بین و ئاوارەکان ئارامیان هەبێ و ددان بەخۆیان بگرن و بۆ لای عەجەم نەگەڕێنەوە، چونکە عەجەم گەیوەتە تەنگانە و بەقسەی پڕووپوچ و تەڵەکە، هەوڵی دڵدانەوە و ڕاکێشانی هەڵاتووەکان دەدات، دیارە تا بۆتان دەکرێ ورەیان بەرز بکەنەوە و هانیان بدەن و ئامۆژگاری هەڵاتوەکان بکەن و بڵێن ئەم هەمووە ددانتان بەخۆتاندا گرتووە، کەمێکی تریش ئارام بگرن، چونکە کاروبار بەدڵی هەمووان دەبێ، بۆیشم دەرکەوتووە ئەو جەنابە، بۆ پشتیوانی و دڵنەوایی ئێوە تێدەکۆشێت. ئافەرین بۆ ئێوە. دیارە ئێوەش لە جاران زیاتر پشتیوانیان دەکەن.خوا بیەوێ پاداشتی ئێوە بەهەدەر ناچێ. بۆ ڕێزلێنان و بەڕێکردنی جەنابی یاوەر، نوری چاوانم: شێخ عەبدولقادر و شێخ حەمە سەعیدم تا ڕەواندز و هەولێر لەگەڵدا ناردن، بەپێویستم زانی پێشتر ئێوەش ئاگادار بکەمەوە، کە پێشوازی و دیتنی پێویستە و ئێوەش لەهەموو هەواڵێك ئاگاداربن. بڕێ کاریش هەن، لەنامەدا جێگایان نابێتەوە. ئیتر دنیا بەدڵتان دەبێت. خوا بتانپارێزێ. دووەم: نامەیەکە مەلا محەمەدئەمین ساباڵخی، کە ئێستا خۆی لە (بانە)یە و بۆ (مەلا عەبدوڵڵا)ی برای لە ساباڵخ نووسیوە و ئەمەش دەقەکەیەتی: " داوای دەنگوباستان کردبوو، ئەمڕۆ- کە ڕۆژی پێنج شەمە، ڕێکەوتی ٣ی ئەم مانگەیە- نامەیەکی (حاجی کەریم)، بۆ برایەکی هاتووە، بۆ کاری بازرگانی لێرەیە، تیایدا نووسیویەتی: ڕۆژنامەیەکی ئینگلیسی، کە بۆ (کەریم قەرانتین) هاتبوو، ئەوەی تێدا چاپ کراوە، هەرچی کوردستانە، بە(شێخ عوبەیدوڵڵا)یان داوە، جەنابیشیان ڕازیبوون، هەموو ڕۆژێکیش سەرباز و زەخیرەیەکی زۆر بۆ (سلێمانی) دێت. نووسیویشێتی: دەبێ (٧٠) حەفتا تابووریش بخرێتە ژێر دەسەڵاتی شێخ عوبەیدوڵڵاوە. جگەلەمە، ئیتر هەواڵێکی تر نییە، بەڵام ئاشکرایە ئەم بەهارە، ئاژاوە و فەرتەنەیەکی گەورە، دەقەومێ، ئیتر خۆشتان سەرپشکن، پێویستی بە وتنی ئێمە و مانان نییە و خۆتان عەقڵتان هەیە. سێیەم: لە زمانی (حاجی ئەبوبەکری ڕەواندزی)یەوە- کەجێی باوەڕە- ئەوە بیستراوە: ئەحمەد بەگی یاوەری جەنگی سوڵتان (عەبدولحەمید)، دوای ئەوەی (٣) ڕۆژ لەماڵی شێخ عوبەیدوڵڵا ماوەتەوە و چەندان جار بە دوو قۆڵی، وتوێژی نهێنیان کردووە و دوای ئەوەی شێخی ئەرخایەن کردووە، ئەوسا لەگەڵ شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ و شێخ محەمەد سەعیدی برازای شێخ عوبەیدوڵڵادا، گەیشتوونەتە (ڕەواندز) و قایمقامی ئەوێ ئەوەی پێویستی ڕێز و حورمەت بووبێت، بەجێی هێناوە و لەماڵی (مستەفا بەگ) یش، ئەسپێکیان بە ڕەختی زیوەوە پێشکەش بە کوڕی شێخ کردووە. هەر بەو جۆرە، هەمان دەستە، لەوێشەوە بەرەو (هەولێر) چوون و لەوێش بەڕێنوێنی و ئامۆژگاری (ئەحمەد بەگی یاوەر) کۆبوونەوەیەکیان بەو سەرۆك عەشایەر و جەماوەرە کردووە، کە پێشتر شێخ عوبەیدوڵڵا لە هەموو ناوچەکانەوە بانگهێشتنی کردوون و هەر لەوێش- کە ناوەندی تەلگرافخانەیە- تەلگرافێکی تێروتەسەلیان بۆ خاوەن شکۆ سوڵتان، بە سکاڵا و گازەندەوە ، بەمجۆرە کردووە: "...بۆچی دەوڵەتی ڕووس، لایەنگیری لە کۆمەڵ و دینی خۆی، بۆ پشتیوانی لەگەلی (قەرەپەپاغ) و (سربستان) کردووە، کەچی ئێوە کە خەلیفەی موسڵمانانن، چۆن ڕازی دەبن، دەوڵەتی عەجەم بۆ خزمەتی مەزهەبی خۆی، خوێنی ئێمە بڕێژێ و ماڵمان تاڵان بکات و مەزهەبمان بگۆڕێ و لە نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆشمان ئاوارەمان بکات"!؟.. ئەمە پوختەی ئەو دەنگوباس و نموونەی ئەو نامانەبوون، لەم دووسێ ڕۆژە، چنگخراون، چەند ڕۆژێکیشە هەر ئەم دەنگوباسانە، زۆر لەناو خەڵکدا بڵاون و پێویستیشە بوترێ، بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵانە، لەم سنوورانە، بەتایبەتیش لەم شارەدا، کاردانەوەی خراپی هەبێ، لەوانە: لەو ڕۆژەوەی ئەم هەواڵانە بڵاو بوونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی (سەردەشت) لە نیشاندانی ملکەچییاندا بۆ دەوڵەت بیانوویان دۆزییەوە و ناو بە ناوێك ملکەچی و دانی (باج) و هاتنی خۆیان، بەبەڵێنی ئەمڕۆ و سبەینێ بەسەردەبرد، کەچی لەو ڕۆژەوەی ئەو هەواڵانە بڵاوبوونەتەوە، ئیتر لە دانی (باج)یش، خۆیان نەبان کردوو و (مامەندئاغا)ش کە بۆ وەرگرتنی (باج) بۆ ئەوێم ناردبوو، دەنگیان داوە. بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەم بانگەوازنامانەوە، کە بەلای زۆرەوە ڕاستن و هەر بەو جۆرەش دوو ڕۆژ لەمەوبەر عەرزم کردبوو، پێکهێنانی سەربازگەیەك لە (لاجان)، یەکجار پێویستە، تا ئەگەر لەلایەن شێخی مەلعونیشەوە، بزووتنەوەیەك ڕوویدات، ڕێگای سەرەکی و دەربازگەی ئەو، هەر (شنۆ) و (لاجان)ە، بەهەموو لێکدانەیەکیش کە هەیە، وا بەچاکتر دەزانرێ، هەتا زووتر ئەوێ قایم بکرێ، باشتر دەبێ و ئەو هێزەش بۆ ئەم مەبەستە، لەبیری ڕۆشنی ئێوەدایە، با زووتر لە (دارالخلافە- تاران) ەوە ڕووە و ئەم سنوورە بنێردرێ. ( لەدامێنی ئەم ڕاپۆرتەدا و هەر بە مێژووی سەرەوە، ئەم پەرەگرافەش بەشێوەی چەلیپا* نووسرابوو):

لەدوای تەواو کردنی ئەم نامەیەدا، ئەوەش عەرز دەکەم لەچەند ڕۆژی بەروودا، جاسوسێکی تایبەتم بۆ (سلێمانی) ناردبوو، لەم ساتەدا گەڕایەوە و نامەیەکی لە (مستەفا ساباڵخی) یەوە، – کەئێستا

لەسلێمانییە، بۆ (قادرئاغا)هێناوە و ناوەرۆکەکەی کت و مت وەك ئەو دەنگوباسانەی سەرەوەیە، سەرباری ئەوانەش نووسیوێتی: پەیتا پەیتا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی یەوە، هێزی سەرباز و جبەخانە، بۆ (سلێمانی) دێن، هەر لەو ڕۆژەدا (٣) تابوور سەرباز بۆ ناوچەی (پشدەر) نێردراوە و لە ئەستەمبوڵیشەوە، تەلگراف گەیشتووە، کە هەموو هێزی عەرەبی عێراق خۆیان لەبەر بکەن و چەکدار بکرێن و چاوەڕێی فەرمانی تازەبن.

١٠ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٩٨ کۆچی (١١- ٣- ١٨٨١ز)

**کۆبونەوەی ئەحمەدبەگ لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان لە هەولێر**

دوای ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمید ئەحمەد بەگی یاوەری بۆ گفتوگۆ یان ڕاستتر بۆ دەداوخستنی شێخ ناردە نەهری بۆ لای شێخ عوبەیدوڵلا و ئەحمەد بەگ ماوەی سێ ڕۆژ لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلا کۆدەبێتەوە دەربارەی کاروبارەکان گفتوگۆ دەکەن، شێخ بەنیازی ئەوەی کاروباری کوردستان بدەنە دەست خۆیان و ئەحمەد بەگیش بە مەبەستی ڕازی کردنی شێخ بۆ ڕۆیشتن بۆ ئەستەمبوڵ و هەڵوەشاندنەوە و تێکدانی ڕاپەڕینەکە، شێخ عوبەیدوڵلا شێخ عەبدولقادری کوڕی و شێخ محەمەد سەعید لەگەڵ ئەحمەد بەگی یاوەر دەنێرێت بۆ ڕەواندز بە مەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان، دەربارەی دروست کردنی کوردستانێکی سەربەخۆ، دواتر دەچن بۆ هەولێر و لەگەڵ زۆرێك لە سەرۆك عەشایرەکانی باشووری کوردستان کۆدەبنەوە.

دەربارەی چوونی ئەحمەد بەگ و شێخ عەبدولقادر و شێخ محەمەد سەعید بۆ هەولێر بە مەبەستی چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان، هەموو ئەم زانیاریانە لەلایەن حەسەن عەلی خانی گەڕووسی لە دوو نامەدا بە مێژووی: ١٨ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٩٨کۆچی (١٩-٣- ١٨٨١ز) بۆ عەلائولدەولە: ئەمیرنیزام ناردووە، وادیارە لە ئەمە وەڵامی نامەیەکدا بۆی نووسیوە، لەو زانیاری و دەنگوباسانەی دڵنیا کردووەتەوە، لەبەشێکی نامەکەدا دەڵێت:

**نامەی ژمارە :٨٩**

(بەشێك لەنامەکە)

لاپەڕە: ٢٥٣

مێژوو: ١٨ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٩٨کۆچی (١٩-٣- ١٨٨١ز)

بۆ عەلائولدەولە: ئەمیرنیزان

" نامەی پایەبەرزتانم پێگەیشت، ئەگەرچی هەر هەواڵێك بووبێت، لەنامەی سێ شەمەدا بۆ جەنابتانم نووسیوە، بەڵام دیسان لەڕووی پرکێشیەوە، ئەمەشتان عەرز دەکەم، ماوەیەك لەمەوبەر هەندێك خێڵ لەگەڵ کوڕەکەی شێخ"عوبەیدوڵلا"دا –مەبەستی لە شێخ عەبدولقادرە- چوونەتە هەولێر و ماوەیەکیش لەوێ ماونەتەوە، ئەوانەش بریتی بوون لە : هەمزاغای مەنگوڕ، محەمەد ئاغای ئاکۆ و خێڵی (نورەدینی) ئەمرۆ دوازدە ڕۆژە ڕۆیشتوون و بڕوای تەواو هەیە، ئەمجارە لەجاران زیاتر دڵنیایان کردوون، ئەگینا ئەم گیانفیدایە ئەوەی لاڕوونە، یەکێکیان هەمزاغایە و ئەمساڵ جێیەك نەبووە بتوانێ تیایدا بسرەوێ و جێی ئاشکرای نەبووە، تیایدا نیشتەجێ بێت، کەچی ئەویان لەهەموو کەس زیاتر دڵنیا کردووە و فریوداوە.

ئەمڕۆش کە چوار شەمەیە، دیسانەوە خەڵکم بەرەو لای (ڕەواندز) و (باڵەك) ناردۆتەوە، خوایار بێ بەهیوام دەنگوباسی تەواو بهێننەوە، هەر کاتێ هەواڵی تەواویشیان هێنایەوە، دەستبەجێ بەرەو لای جەنابتانی دەنێرمەوە، خۆ ئەگەر وایدابنێین بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانیش ئەوانە نەگرێت و لێیان نەپێچێتەوە، ئەوسا بە پشتیوانی خوا، هەرئەوەندەی پایەبەرزی هێژاتان لەکاتی پێویستدا پشتیوانی و هاوکاری ئەم خەزایەتان لوتف بفەرموون، ئیتر نەك هەر عەشایەر، بەڵکو ئەگەر سەرلەبەری ئێل و تایەفەی مامەش –یشم بەکوشت داوە، دەبێ بەجۆرێك خزمەتێکی وا بەدەوڵەت بکەم، بۆ لەمەودوا بۆ ڕۆژگار، بەیادگار بمێنێتەوە، دەبوایە ئەم هەواڵانەم عەرز بکردایە".

بەگوێرەی ئەم نامەیەی محەمەد ئاغا و بەپێی دەنگوباسی پەرت وبڵاوی تر، کەلە شوێنانی ترەوە هاتووە ئەوە دەسەلمێ، کۆبوونەوەی سەرانی عەشایەر لەهەولێر و چوونی هەمزاغا بۆ ئەوێ و بە دوای ئەمانەشدا بڵاوبوونەوەی بانگەوازنامەکانی شێخ عوبەیدوڵلا، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر، نموونەی یەکێکیانم ناردە خزمەتتان، هەموو ئەمانە بەخواست و ڕەزامەندی و ئیمزای بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانی بووە، پشتیوانی کردنی سەرانی ئەو دەوڵەتەش، لەبەرنامە بۆگەنەکانی شێخ، بەڕادەیەك بووە، یەکێکی وەك هەمزاغا، سەرەڕای ئەو هەموو ترس و لەرزەی پێشتر لە دەوڵەتی عوسمانی هەیبووە، و ناو بە ناوێك بە پەنامەکی و نهێنی، خۆی بەخاکی عوسمانی دادەکرد، و خێزان و کەسانی خۆی، بەدزییەوە لەو سەر سنوورانە دەبینی، دیسانەوەش بەپەلە و پەنامەکی دەگەڕایەوە و خۆی لەکون و کەلەبەری ئەو چیایانەدا حەشاردەدا، کەچی وائێستا، ڕوون و ئاشکرا بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەچێتە هەولێر و لەکۆبوونەوەی سەرانی عەشایەردا ئامادە دەبێ. یەکێکیش لە ئامانج و نیشانە زەقەکانی ئەم کۆبوونەوەیە، ئەوە بێت کوڕەکەی شێخ و سەرانی عەشایەر، پەیمان تازە بکەنەوە، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە دیسانەوە فیتنە و ئاژاوەیەکی تازە دەقەومێ.

دەنگوباسی تریش، کە گێردراوەتەوە و وەرمانگرتووە، لەدووتوێی نامەیەکدا بووە، کە "شاهنازبەگ" بۆ "فەیزوڵلا بەگ"ی ئامۆزای نووسیوە، بریتییە لە:

"دەنگوباسی ئەم لایەتان خواستبوو، پۆستێکی دەوڵەتی بەهەمزاغا دراوە، کە بکرێتە قایممقامی پشدەر و بیتوێن و شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلاش لە (نەهری) یەوە بۆ هەولێر هاتووە، بەگوێرەی قسەی خەڵکی سلێمانی و جەنابی قایممقامیش، چل سەربازیان داوەتێ، واتە مانگێك دوای بەهار دیسانەوە شەڕ لەگەڵ ئێراندا دەست پێدەکاتەوە، پەیتا پەیتاش ئازوقە بۆ سلێمانی دێت، تائێستا (٢٠) هەزار تەغار گەنم بۆ سلێمانی هاتووە، کە هەر تەغارێکی پازدە تەغاری موکریانە و (١٩) بار تفەنگی کوڵە ( مارتین) یش، کەهەر بارەی (٦٠) دانەیە، لەسلێمانی کەڵەکە کراوە، دووجبەخانەش پڕ لە فیشەك کراون و بەردەوامیش هەر دێت و ڕۆژانەش چەندان دەستە سەربازی دەوڵەت، لەنیوەشەودا، دەگەنە سلێمانی و کەسیش نازانێ بۆ کوێ دەچن، ! بەگوێرەی گەیشتنی ئەم هەموو زەخیرە و کەرەستانە بێت، ئاشکرا دیارە شەڕ دەست پێدەکاتەوە، ئیتر چی دیکە عەرزبکەم! کەس سەری لە کاری ڕۆمی (عوسمانی)

دەرناچێ، لە کۆتایی مانگی ڕەبیعی دووەمدا (تەقی پاشا) بۆ سلێمانی دێت، بەڵام ئێستا (١٠) فەوج سەرباز لەسلێمانیدا ماونەتەوە و هی تریش هەر دێت و دەڕوات و کەسیش نازانێ".

لە دووتوێی ئەم نامەیەدا دووشت هەیە:

یەکێکیان ئەوەیە، داکۆکی و پشتیوانی کردنی دەوڵەتی عوسمانی لە هەمزاغا، کە سەرچاوە و بنچینەی هەموو بەدکارییەکە، گەیشتۆتە ڕادەیەك، هەر تەنیا بەوە دانەکەوتووە، دڵنیای بکات، بەڵکو پۆستی قایممقامی دوو ناوچەی گرنگی (پشدەر) و (بیتوێن)ی پێداوە، کە هەردووکیان بەسنووری دەوڵەتی مەزنمانەوە چەسپیون و هاوینەهەواری زۆربەی هۆز و ئێلەکانن.

دووەمیشیان ئەوەیە، بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانی، خەریکی تەدارەکسازی و خۆئامادە کردنێکی زۆرن و سەربازی زۆری خۆیان بۆ چەندین جێگای گرنگ ناردووە.

نامەی تریش کە هەمیشە لەولاوە دێن، هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن و ئەوە دەسەلمێنن فەرمان لە بابیعالی یەوە هاتووە، تا سەربازی ئەو سەربازە چەکدارانەش کە ئێستا ئامادەن، سەربازی مۆڵەت دراویش بانگ بکەنەوە و پڕ چەکیان بکەنەوە، دەبێ تاکۆتایی ئەم مانگە ئامادە بکرێن".

**کۆتایی هاتنی کۆبونەوەی ئەحمەدبەگ لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان لە هەولێر**

دوای کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەی ئەحمەد بەگی یاوەر لەگەڵ سەرانی عەشایردا یاداشتنامەیەك دەنووسن بۆ بابی عالی لە ئەستەمبوڵ دەنێرن، ئەحمەد بەگیش بەڵێنیان پێدەدات تاماوەی ٤٠ ڕۆژ ئارام بگرن، تاکو وەڵامەکەی دەگەڕێتەوە، ئەوکات ئەگەر بە ئارەزووی ئەوان بوو باشە، ئەگینا ئازادن لەوەی بڕیاری چی دەدەن، ماوەی کۆبوونەوەکەش دوو شەو ڕۆژی خایاندووە و دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکە، ئەحمەد بەگی یاوەر گەڕاوەتەوە ئەستەمبوڵ و شێخ عەبدولقادر هاتووەتە کۆیە و دواتر هاتووەتە بیتوێن، لای مامەندئاغای پیران ماوەتەوە، تاکو ئەوکاتەش کە هەموو ئەم زانیاریانە لەگەڵ سێ نامەدا دەست حەسەن عەلی خانی گەڕووسی کەوتووە و لەلایەن نابراو لە نامەیەکدا بۆ: عەلائولدەولە: ئەمیرنیزام نووسیوە کە دەڵێت:

**نامەی ژمارە : ٩٠**

لاپەڕە: ٢٦٢

مێژوو: ٢٧ ڕەبیعی دووەمی ١٢٩٨ کۆچی (٢٨- ٣- ١٨٨١ز)

بۆ: عەلائولدەولە: ئەمیرنیزان

بەفیداتان بم

هەواڵ و ڕووداوەکانی پێشتر و ئەو بابەتانەی پێوەندیان بەم سوپایە و ئەم ناوچەیەوە هەیە، بەرودوا لەنامەکانی ڕابردوودا ڕامگەیاندوون، دیارە چاوی بەڕێزتان پێیان کەوتووە و لێیان ئاگاداربوون، ئەو هەواڵ و زانیاریانەش لەم دوو سێ ڕۆژەدا بەنووسین و بەدەمی دەستکەوتوون، بەو جۆرەن بەدوور و درێژی باسیان دەکەم:

یەکەم: محەمەد ئاغای مامەش لەنامەیەکدا، کە دوێنێ ناردوویە، ئاوای نووسیوە: " دەنگوباس وایە ماوەیەك بەر لەئێستا، "یاوەر"ی تایبەتی لەبارەگای قەیسەرییەوە بۆ لای (شێخ عوبەیدوڵڵا) هاتووە و (شێخ قادر) ی کوڕی لەگەڵ یاوەردا بەرەو هەولێر چوون. سەرۆك هۆزەکانیش هەموویان لەگەڵ شێخ قادر و یاوەردا کۆبوونەتەوە، هەر لەوێ نامەیەکیان بەگوێرەی دڵی شێخ نووسیوە و تیایدا زۆریان بە شان و باڵی "شێخ" دا هەڵگووتوە و ئەو نامەیەشیان بەیاوەر داوە و یاوەریش لەوێوە بۆ ئەستەمبوڵ گەڕاوەتەوە و بەڵێنی داوە لەماوەی (٤٠) ڕۆژدا وەڵامی ڕوون و ئاشکرا بەشێخ و سەرۆك هۆزەکان بکاتەوە، ئەوسا بەرنامەی کاری شێخ ڕوون بکرێتەوە و بڕیاری لەسەر بدرێت.

دوا بەدوای گەڕانەوەی یاوەر، سەرۆك هۆزەکانیش هەر کامیان بۆ ماڵی خۆیان گەڕاونەتەوە، شێخ قادریش لە هەولێرەوە بۆ "کۆیە" چووە و لەوێشەوە بۆ "بیتوێن" چووە و لای (مامەند ئاغای پیران) لایداوە و پیاوەکەی منیش هەر لەوێ بەجێی هێشتوون.

چەند ڕۆژێکیش لەمەوبەر هێزێك بۆ ناوچەی "ڕانیە" هاتووە و تائێستاش هەر لەوێ ماوەتەوە. ڕووداوەکان هەر ئەوانە بوون بەڕوونی ڕاگەیەنران.

نامەیەکیش کە پیاوێکی سلێمانی بۆ عوسمان ئاغای گەورکی نووسیوە و ئەویش نامەکەی بۆ ئەم کەمینەیە ناردووە، ئەمە دەقەکەیەتی: " ئەگەر لە هەواڵی ڕووداوەکان پرسیار دەکەن، (یاوەر) و کوڕەکەی شێخ عوبەیدوڵلا (شێخ عەبدولقادر) بۆ شاری هەولێر هاتوون و هەمزاغاش بۆ ئەوێ چووە، ئاکامی کارەکەشیان ڕوون نییە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە، چەند ڕۆژێکی تر، ئەم ناوچەیە گێرە و کێشە و ئاژاوە دایدەگرێ، ئەوەی پێویست بوو وترا، جا بەچی چارەسەری دەکەن بەڕێزتان باشتر دەزانن.

نامەیەکی تر لە عوسمان ئاغای "دریاز"ەوە بۆ (حەسەن ئاغای قوم قەڵا) هاتووە، کەپیاوێکی ماقوڵە و ناوەرۆکەکەی ئاوایە":

ئەحمەد بەگی یاوەر، کەلای سوڵتانەوە ڕاسپێردرابوو، هاتە "نەهری" لەوێشەوە لەگەڵ شێخ قادری کوڕی شێخدا بۆ هەولێر چوون و هەموو هۆزە گەورە و بچوکەکانی گەرمیان و هی تریش، کە لەکوێستانەوە بۆ گەرمیان هاتوون، بانگهێشتن کرد و بۆ هەولێریان بردن، (منیش کەلەوێ بوم) . دوو شەو و ڕۆژ لە هەولێر ماینەوە. ئەحمەد بەگ دڵنەوایی زۆری ئەم هۆزانەی کرد و بەرەو ئەستەمبوڵ گەڕایەوە، لەنێوان خۆیاندا بڕیاریانداوە شێخ و ئەم هۆزانە، ماوەی دوومانگ چاوەنوارِبن، تا ئەحمەد بەگ دەچێتە خزمەتی سوڵتان. ئەوسا ئەگەر کاروباری شێخ بەباشی سەری گرت، چاکتر، ئەگەریش وا دەرنەچوو، ئەوا خۆیان ئازادن و هەروەك ساڵی پار، خەریکی کاولکاری و ئاژاوە نانەوە دەبن. شێخ قادریش تائێستاکە لە "بیتوێن"ە. چەند ڕۆژێکی تریش لێرە دەمێنێتەوە، تا عەشایەر و کوردانی ئەم مەڵبەندە، یەك بخات و یەك ڕایان بکات، ئەوسا بۆ "نەهری" بگەڕێتەوە. لەوێش تا وەڵامی ئەستەمبوڵ دێتەوە ، کۆبوونەوەیەك پێك بهێنن، " .

ئەمە ئەو دەنگوباسە ڕاست و باوەڕ پێکراوانەن و ناوەرۆکی هەر (٣) نامەکەش لەیەك نزیك و وەك یەك وان... هەواڵێکی تریش کە بیستومە و بێژەرەکەی پیاوێکی باوەڕپێکراوی بیانیە و سوێندم بۆ خواردووە ناوی نەهێنم ، ئەمەیەکە :

وەك لەنامەکاندا خوێندتانەوە، دەوڵەتی عوسمانی بەڕاشکاوی، شێخ عوبەیدوڵڵا و سەرۆك هۆزەکانی بەگشتی و هەمزاغای بەتایبەتی لە پشتیوانیی و هاوکاری خۆی دڵنیا کردەوە و وەك لەنامەکانیشدا نووسراوە، ئەحمەد بەگی یاوەر کۆبوونەوەیەکی لەشاری هەولێر پێکهێناوە و هەموو سەرۆك هۆزەکان نامەیان بۆ سوڵتان نووسیوە و لەڕێی ئەحمەد بەگی یاوەرەوە بۆیان ناردووە و داوای یارمەتییان لێ کردووە. هەر لەو دانیشتنەدا هەموو سەرۆك هۆزەکان، سوێند و تەلاقیان خواردووە، هەموو پێکەوە یەك دڵ و یەك دەنگ، بۆ جارێکی تریش شێخ عوبەیدوڵڵا بەسەرۆك و ڕابەری خۆیان بزانن و بەزوویی و بەکۆمەڵ، ڕووبکەنە ئەم لایە و نیاز و مەبەستیشیان لەبنەڕەتەوە، هەروەك ساڵی پار، داگیرکردنی مەڵبەندی موکری و شاری سابڵاخ بێت.

هەر ئەم پیاوە، نامەیەکی شێخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵڵای نیشاندام، بۆی نوسیوە، تیایدا وتووە: (٦٠) تمەن لە قەرزەکەی کەلەسەرمە، بۆم ناردیت و ئەوەش لام دەمێنێت، بەم زووانە خۆم بۆ سابڵاخ دێم و دەتدەمەوە.

ئەم دەنگوباسە نووسراوە و دەمبیانە، کە عەرز کران، بەجۆرێك لەم ناوچەیە و ناوچەکانی دەوروبەر، قاو وابڵاوبوونەتەوە، ئیتر بۆ داپۆشین و شاردنەوە نابن. دژایەتی دەوڵەتی عوسمانیش لەگەڵ دەوڵەتی خۆمان لەو بارەیەوە و نیازی شێخ عوبەیدوڵڵا و دەستوپێوەندەکانیشی بۆ ئاژاوە نانەوەی دووبارە، کە تاو تاو و جارجار تێپەڕیوە، لەبەر ئەوەی هەموویان چاویان لێرەیە و جێی هەموو دڵە ڕاوکێ و مەترسیەکیش شاری سابڵاخ و مەڵبەندی موکرییە. ئەم کەمینەیەش چونکە بەرپرسی ئەم ناوچەیەیە و لەگەڵ ناحەزانی دەوڵەت بەرەو ڕووە، بۆیە بە پێویستی دەزانم ڕابگەیەنم، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشکەیانەی باس کران، دەبێ هۆش و بیری بەرێزی پایەبەرزتان بە ئێرەوە بێت، تا خوا بەو ڕۆژنەکات، شل نەبینەوە و ئەو شتە بەپەلانەی بەلای خۆمەوە، بۆ ئەم کارە بەپێویستیان دەزانم، ئەمانەن :

یەکەم: لە سبەنێوە، کە دووشەمەیە و (٢٧)ی ڕەبیعی دووەمە، سوپای میری کە بریتیە لە سوارە و پیادە و تۆپخانە، لە ماڵان و ئەملا و ئەولا دێنمە دەرێ و کۆیان دەکەمەوە و لەدەرەوەی شار، لەجێیەك کە بەچاکی دەزانم، هەردووکیان بەهەمووکەلوپەلی پاراستنەوە بۆ دامەزرێنم و خۆمیش هەر لەوێ دەبم.*

ئیتر ئەحمەد بەگی یاوەری جەنگی سوڵتان، لەپاش ئەوەی سەردانی هەولێریان کرد و لەگەڵ سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکە و ژمارەیەك لە ناودارانی ناوچەکە، چاویان بەیەك کەوت و نامەی گلەییان بۆ سوڵتان نارد، هەڵوێستی عوسمانیان بەراورد کرد بە هەڵوێستی ڕووسیا کە تیایدا هاتووە: " بۆچی دەوڵەتی ڕووس لایەنگیری لە کۆمەڵ و دینی خۆی بۆ پشتیوانی لەگەڵ قەرەپەپاغ و سربستان کردووە، کەچی ئێوە کە خەلیفەی موسڵمانانن، چۆن ڕازی دەبن دەوڵەتی عەجەم، بۆ خزمەتی مەزهەبی خۆی، خوێنی ئێمە برێژێ و ماڵمان تاڵان بکات و مەزهەبمان بگۆڕێ و لەنیشتمانی ڕاستەقینەی خۆشمان ئاوارەمان بکات."
ئیتر عوسمانیەکان بەشێخیان ڕاگەیاند ئەم دەقەیان ناردووە بۆ وڵاتان و ئەوانیش ڕەزامەندی و پشتگیری خۆیان بۆ ڕاگەیاندون دژی ڕووسیا، پاش ئەوە شێخ لە قسەکانیدا بۆ خەڵکی ناوچەکانی دیکەی

کوردستان، ئەوە ڕوون دەکاتەوە هاوکاری فەرەنسا و پرووسیا و بەریتانیای بەدەستهێناوە و داوای یەکخستن وخۆئامادەکردن لە کورد دەکات.

### تێکچوون و ئاڵۆزبوونی بارودۆخ لە سەرانی ڕاپەڕینەکە

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە نامەکانی حەسەن عەلی خاندا تۆمار کراون، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان و گەڕانەوەی ئەحمەد بەگی یاوەر بۆ ئەستەمبوڵ، پەیمان و بەڵێنەکانی سوڵتان لە ڕێگای ئەحمەد بەگ هیچ کاریگەری بۆ سەرانی ڕاپەڕینەکە و شێخ عوبەیدوڵڵا نەبووە و تەنیا بۆ هێورکردنەوەیان بووە، تاکو دەداویان بخەن و باشتر بتوانن لەڕاپەڕینەکە بدەن، چونکە هەر دوای کۆبوونەوەکەی ئەحمەد بەگ بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، یا هیچ نەبێت لە باشووری کوردستان، کە ئەو کاتە هێمن ترین شوێنی ڕاپەڕینەکە بووە، دەوڵەتی عوسمانی کەوتۆتە هەڕەشە و ترساندنی سەرانی ڕاپەڕینەکە، ئیتر شێخ عەبدولقادر گەڕاوەتەوە نەهری و هەمزاغاش بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بارودۆخەکە کردووە، هەموو ئەمانە لە نامەیەکدا حەسەن عەلی خانی گەڕووسی بۆ: عەلائولدەولە: ئەمیرنیزام (بۆتەورێز)ی ناردووە، دەنووسێت:

**نامەی ژمارە: ٩٥**

لاپەڕ: ٢٨٣

مێژوو: ١١ی جەمادی یەکەمی ١٢٩٨ کۆچی (١١- ٤- ١٨٨١ز)

بۆ: عەلائولدەولە: ئەمیرنیزام (بۆ تەورێز)

بەفیداتان بم

بەپێی بروسکە و تەلگرافنامە بەرێکراوەکانی لەمەڕ بەڵێن و دڵنیاکردنەوەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ نەهێشتنی ئاژاوە و هێورکردنەوەی خراپەکاری ”شێخ“ و لایەنگرانی، ئەوەندەی ئاگاداری پێویست بووبێت، دەستم خستوون.

هەرچەندە بەگوێرەی بروسکەکان بێت، وا دەردەکەوێ ئەو بەڵێنانەی دەوڵەتی عوسمانی، زۆر پتەو نەبن و کردەوەکانی ئێستاشیان بەو جۆرەی لەبەر چاون، زۆر لاواز و لەرزۆکن، بەڵام بەکورتی و بەناچاری، دەبێ لەو بڕوایە دابین بەپێچەوانەی ئەوەی لەو ماوەیەدا شێخی مەلعون و لایەنگرانی کردویانەتە قاو و مێشکی خەڵکی ئەو ناوچەیەیان پێ ئاخنیوە، دەوڵەتی عوسمانی لەڕواڵەت و بەئاشکرا پشتگیری تاوانباران نییە، هەرچەندە کارێکی واش بۆ هێورکردنەوەی ئەم ئاژاوەیە ناکات، بەڵام لە ڕواڵەتیشدا نایەوێت خەڵك بەوە بزانن، کە پشتیوان و پشتگیری شێخ و لایەنگرانی دەکات. بەکورتی ئێستا هەندێك نیشانە دەبینرێن و برێك هەواڵی وا دەگەن، ئەوە دەردەخەن بڕیار و بەڵێنی دەوڵەتی عوسمانی و هەڵسوکەوتی، بریتیە لە هەڕەشە و ترساندنی ”شێخ“ و دارودەستەکەی.

بۆ نموونە: هەر بەو جۆرەی لەو نامانەدا دەردەکەون، بەرودوا بۆ بەرێزتانم بەرێ کردوون، تا هەفتەیەکیش بەر لەئێستا، هەموو ئەو هەواڵانەی بەنووسین و دەماودەمیش هەبوون، بریتی بوون

هەواڵنامەی کتێب

لەوەی دەوڵەتی عوسمانی، پشتیوانی لە "شێخ" دەکات، ئەو هەواڵانەش بەجۆرێك بڵاوبوونەوە و مێشکی خەڵکیان پڕ کردبوو، ببوونە هۆی ئاڵۆزی خەیاڵی هەموو لایەك و ئەوەندەی نەمابوو ئاژاوەیەکی تازە لەم ناوچەیەدا هەڵایسێ و هەمووان چاوەنۆڕی دەرکەوتن و دووبارە هاتنەوەی "شێخ" بوون، بەڵام ماوەی هەفتەیەکە، هەموو هەواڵەکان بە پێچەوانەوەن و لەماوەی ئەم هەفتەیەدا، هەواڵی تازە و بەردەوامیمان پێگەیشتوون، لەڕاستیەوە نزیکن و بریتیە لەوەی لەدوای ئەو کۆبوونەوەیەی کوڕەکەی شێخ و سەرۆك هۆزەکان و هەمزاغا لە شاری هەولێر کردبوویان و بەدڵخۆشی و دڵنیایی تەواوەوە، بەمیوانی چووبوونە ماڵی "مامەند ئاغای پیران" و چەند ڕۆژێکیش لەوێ خەریکی خۆ ئامادەکردنێکی تازەبوون، کەچی هەندێ هەڵسوکەوتیان لەلایەن سوارە و بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانیەوە دیوە، بریتی بووە لە دەستگیرکردنیان و هەندێك ئاگاداریشیان لەمەڕ هەڕەشە و تۆقاندنەوە پێگەیشتووە و هەر ئەوانەش بوونەتە هۆی ترساندنیان و بەپەلە پروزە بڵاوەیان لێ کردووە، بۆ وێنە عەبدولقادری کوڕی شێخ بە پەلە بۆ "نەهری" گەڕاوەتەوە و هەمزاغاش لە خاکی عوسمانیدا نەماوە و دیسانەوە خۆی گەیاندۆتەوە ئەو کوێستان و لێرەوارە چڕانەی، کەوتونەتە دوورترین خاڵی سنووری ناوچەی سەردەشتەوە، لەو ڕۆژەشەوە گەڕاوەتەوە، وا خۆی شاردۆتەوە، کەس نازانێ لە کوێیە.

ئێستاش چەند نامەیەك سەبارەت بەدەنگوباسی تازەن و پێچەوانەی هەواڵ و نامەکانی پێشوون، هاوپێچ دەیان نێرمە خزمەتتان، بەکورتی دوای گەیشتنی نامەکانی بەڕێزتان و ئاگادار بوون لەناوەرۆکی بروسکەکان، بە پێی کات و دەرفەت، نامەیەکی تێروتەسەلم لەبارەی هاودەنگی تەواوی دەوڵەتی عوسمانی، لەگەڵ دەوڵەتی خۆمان و بەڵێنە ئاشکراکانی ئەو دەوڵەتەوە، بۆ بنەبڕکردنی ئاژاوەی "شێخ" و سزادانی تاوانباران و دروخستنەوەی هەواڵە درۆکانی "شێخ" و لایەنگرانی، بۆ هەموو شوێن و بۆ هەموو کەسێك ناردووە و بەهۆی نووسینی نامەکانی من و لەبەر ڕۆشنایی گەیشتنی ئەو هەواڵانەدا، لەم دواییەدا پێمان گەیشتوون، دەیسەلمێنن و پشتیوانی لەوە دەکەن، ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو، لە بیروڕای خەڵك ڕوویداوە و ئێستا خەیاڵی هەمووان ئارام بوویێتەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا بەگوێرەی ناوەرۆکی تەلگرافەکان، بەڵام من هەر پێم وایە دەبێ زۆر وریا بین و خۆمان بپارێزین، ئەوەی ڕوونە، ئەوەیە دەوڵەتی عوسمانی، هەر لە "سلێمانی" یەوە هەتا "ڕەواندز" کە بەرامبەر بە"لاجان"ە و لەوێشەوە تا "وان" و "بایەزید" کە بەرامبەر "خۆی" و "سەڵماس" ن، بۆ هەموو بنکەکانی سنووری خۆی، چەك و سەربازی ناردووە و هەموو سەرۆك هۆز و ئەو خێڵانەش لەمبەرەوە چوونەتە ناو خاکی عوسمانی، هاتوچۆیان "لەمبەر" بۆ "ئەوبەر"ی سنوور بەربەست کراوە و نایەڵێ کەس هاتوچۆ بکات، تەنانەت بەریان بە "٥ تا ١٠" بنەماڵەی پیاوی خۆشمان گرتووە، کە ویستبێتیان بگەڕێنەوە.

لەوە زیاتر سەرتان نایەشێنم

فەرمانی بەڕێزتان لەسەر سەرمە"

هەر لەو ڕوانگەیەشەوە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی داوە هێز لە باشووری کوردستا کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بارودۆخەکە بەرزەم (کۆنترۆڵ) بکات، لەم بارەیەوە حەسەن عەلی خان دوای هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر بارودۆخی سنوورەکە بەنامەی ژمارە (١١٠) سەرووی خۆی ئاگادار کردووەتەوە لە (بەشی ٦ی نامەکەدا) لەم بارەیەوە دەڵێت:

**نامەی ژمارە: ١١٠**

(بەشی ٦ی نامە)

لاپەڕە: ٣٥٧-٣٦٧

مێژوو: ٢٣ی جەمادی دووەمی ١٢٩٨ (٢٣- ٥- ١٨٨١ز)

بۆ: محەمەد ڕەحیم خان (عەلائولدەولە- ئەمیرنیزام) لە تەورێز

ماوەیەك لەمەوبەر، لەنامەیەکدا فەرموبووتان: بزانم ئەو سەربازانەی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ سەر سنوور هێناونی، چەند کەسن و ئاخۆ ئەو سەربازانە، هەر بەشی پاراستنی سنوور بکەن، یان لەشکرێکی زۆریان ناردووە و ئەم لەشکرە لە سنووردا، دژ بە دەوڵەتی خۆمانە، یان لەگەڵ دەوڵەتی خۆمان!؟.

ئەگەرچی من لەو بارەیەوە بێ هەواڵ نەبووم و هەموو کاتێ لە زۆر سەرچاوەوە هەواڵم پێگەیشتووە، بەڵام بۆئەوەی زۆرتر دڵنیا بم و لەڕووی لێکۆڵینەوەوە دەنگوباسەکە، ڕابگەیەنم، بەڕێز: ئاغا سەیید محەمەد ئەمین کوڕی خوالێخۆشبوو حاجی سەیید بایز، کە (ئەمین شەرع)ی ئێرەیە، ڕام سپاردووە تا لای خۆیەوە پیاو بۆ (سلێمانی) و ئەو ناوچانە بنێرێ، بۆ ئەوەی بچێ و لێکۆڵینەوەی پێویست بکات.

بەڕێزی ناوبراویش پیاوێکی تایبەتی ناردووە و هەر لە (سلێمانی) یەوە هەتا (پشدەر) و (ڕەواندز) و (باڵەك)، کە هەموویان هێڵی سنووری عوسمانین، بەجوانی و بەوردی سەرنجی داوە و نامەیەکی زۆریشی لە زانایانی ناودار و ناسراوی (سلێمانی)، و شوێنانی ترەوە هێناوە، کە هەموویان جێی متمانە و بڕوان و منیش ئەم نامانەم بۆ خزمەتتان ناردن و بۆ زیاتریش زانیاری ئێوە، پلە و پایەی ئەم پیاوانەتان بۆ دەنووسم:

کاك ئەحمەدی شێخ: کەسایەتیەکی بەناوبانگ و ناسراوی خەڵکی (سلێمانی)یە و خاوەنی پلە و پایەیکی زۆر بەرزە و ڕاستگۆ و جێی بڕوا و متمانەیە و (٨٠) ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیوە.

سەیید شێخ مستەفا: موفتی (سلێمانی)یە و ئەویش پیاوێکی سەر ڕاست و دروست و باوەڕپێکراوە.

مەلا محەمەدەمین دەرسبێژی قوتابخانەی(ڕەواندز)ە، کە پیاوێکی چاك و جێی دڵنیاییە.

هەر بەو جۆرەی سەر دەدەن و بەلەبەرچاوگرتنی نامەی ئەو پیاوانە، کە هەمووی لەڕاستی نزیکە، ئەو هێزەی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سنووری ناردووە، بریتییە لە:

یەکەم: هێزێکی زۆر نییە.

دووەم: بۆ ڕێگرتنە لە خێڵ و هۆز و سەرکوتی دز و پاراستنی سنوور، ئەو شوێنانەی بەپێویستی زانیون، وەك: سلێمانی، پشدەر، ڕەواندز و باڵەك، بەدرێژایی هێڵی سنوورە، لەهەر جێیەکیش، هێزێکی کەمی

سەربازی بۆ ڕێگاگرتن لە خێڵ و هۆزی ناوچەکە داناوە و جگەلەوە لەڕواڵەتدا وادیارە نیاز و مەبەستێکی تریان نەبێ، ئەو کردەوانەی لەو ماوەیەدا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەکرێن، نیشانەی نیازی ئەو دەوڵەتەن بۆ گرتنی (شێخ)ی مەلعون."

ئەو نامانە هەواڵ پرسینی نێوان کەسایەتیەکان و ناردنی زانیاری و هەواڵی ناوچەکە بۆ یەکتر، بەڵام حەسەن عەلی خان سوودی لێ وەرگرتووە و سەرووی خۆی لێ ئاگادار کردووەتەوە.

### ئاژاوە و دووبەرەکی نانەوە

هەمیشە ئەوە دووبارە دەکرێتەوە کورد لەگەڵ یەکدا ناکۆکن و سەرانی کورد هەمیشە لە ململانێ و کێشەی بەردەوام دان، بێگومان ئەمە سروشتێك نیە بەبەژنی کورد براِبێ و هەر لە زگماکەوە کورد ئەمەی بۆ مابێتەوە، بەڵام کورد نەتەوەیەکی سادە و دڵپاك و دڵسۆزی بەرامبەرەکەیانن و خۆشباوەڕن، بەگفت و بەڵێن و سوێند و پاکانەی دۆستەکانیان زوو باوەڕ دەکەن، لەلایەکی تریش دینداری چاك و ئایینپەروەری سەر ڕاستن، بەجۆرێك زۆر لە دژەکانیش دان بەوەدانێن زۆر بەچاکی ئایینی ئیسلامیان وەرگرتووە و ئامادەن لەپێناوی پاراستنی قوربانیشی بۆ بدەن، دوژمنەکانیش ئەو ڕاستیانە دەزانن و لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان دێنن و بەگژ یەکتریان دادەکەن، هەموو ئەمانە بوونەتە خاڵی لاوازی کورد بۆ خەڵەتاندن و لەخشتەبردن و کێشەو ململانێیان لە نێواندا دروست بکەن، تا ڕادەی بەگژیەکتریان دا بکەن، تا یەکێتی ڕیزەکانی نەتەوەی کورد لەبەریەك هەڵتەکێنێ، لەلایەکی تریشەوە تا سەرۆك خێڵ و خەڵکی ناوچەکان بەسەر یەکترەوە بکەن بە جاسوس و چاودێر بەسەر یەکترەوە، بەمەش گومان و دڕدۆنگی لەیەکتری پەیدا بکەن، ئەمە بابەتێکە بەدرێژایی مێژوو بەردەوامی هەبووە و دووبارە بۆتەوە، لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریش دا سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی شێخ و چارەسەرە حەکیمانەکەی بۆ یەکخستنی هۆزەکان، بەڵام ئەم خووە نەگریسەی ناکۆکی و ململانێیە، گەورەترین کاریگەری لەسەر شکستی ڕاپەڕینەکە دانا، تا کۆتایی ڕاپەڕینەکەش بەردەوام بوو، ئەوەتا حەسەن عەلی خانی گەڕووسی فەرماندەی ساباڵاخ خۆی بەئاشکرا دان بەوەدا دەنێت، فیتنە و کێشە و ململانێی لەنێوان سەرۆك هۆزەکان دروست کردووە، تا دووبەرەکیان تێبکەوێ و پەنا بۆ ئەوان بێنن و ئەوانیش لەو ڕێگایەوە بەسەریاندا زاڵ بن، ناوبراو لە مێژووی: ٣٠ جەمادی یەکەمی ١٢٩٨ کۆچی (٣٠- ٤- ١٨٨١ز) بەنامەیەك عەلائولدەولە: ئەمیرنیزام (لە تەورێز) ئاگادار کردۆتەوە، وای کردووە زەمینەی ئەوەی خۆش کردووە تا دوو بەرەکی لە نێوان سەران و گەورەپیاوانی سەردەشت دروست بکات، لە بەشی دووەمی نامەکەدا دەڵێت:

"وەك لە نامەی پێشوودا عەرزم کردووە، لەم ڕۆژانەدا بەرنامەیەکم داناوە، تا زەمینەی ئەوە خۆش بکەم گەورە پیاوان و سەرانی سەردەشت لەناوخۆیاندا دووبەرەکیان تێبکەوێ و هەر خۆشیان بێنەبەرباری ملکەچی، بۆ ئەمەش لە ئاغاکانی ئێرە، وەك: قادرئاغا و ئەحمەد بەگ و برایم بەگی برای گوڵاوی ئاغام خواست، تا هەر یەکەیان بەجیا جیا لای خۆیەوە، نامە بۆ پیاوماقوڵانی سەردەشت بنوسن و خۆیان بکەنە ناوبژیکار و لەمپەری ئەوان، بەرنامەکەش سەری گرتووە، چونکە لەلایەکەوە خدرئاغا نامەی بۆ قادرئاغا نووسوە و دەست و دامێنی بووە، لەلایەکی دیکەشەوە پیرۆت ئاغا دەرگای نامە گۆڕینەوەی لەگەڵ ئەحمەد بەگ و بایزئاغادا کردۆتەوە، بۆ وێنە: دوێنێ نامەیەکی پیرۆت ئاغا، بەئەحمەد بەگ و بایز بەگ و برایم ئاغا گەیشتووە و بەو جۆرەی نووسیوێتی، بەدڵنیایی ئەوانەدا لەم ڕۆژانەدا بەرەو ئێرە دێت، خۆ ئەگەر ناوبراو بۆ ئێرە بێت، (کە لەنێو ئەواندا کەسایەتیەکی هەیە)، ئەوا گۆمانی پتەومان هەیە، خدرئاغا و ئەوانی تریش دوای دەکەون و چاو لەو دەکەن، ئاکامیش هەرچی بێت، بەرودوا بە پایەبەرزتانی دەگەیەنم".

هەروەها حەسەن عەلی خان لەفێڵ و دەهۆکانی بەرامبەر هەمزاغا بەردەوام بووە و هەمیشە جاسوس و سیخوڕەکانی خۆی لێ نزیك کردۆتەوە تا دەداوی بخا و شکست بەم قۆڵەی ڕاپەڕینەکە بێنێ، لەهەمان نامەدا بۆ عەلائولدەولە: ئەمیرنیزام (لە تەورێز) لە بەشی سێیەمی نامەکەدا دەڵێت:

"لەبەرئەوەی دەمێك بوو شوێنی هەمزاغام بەڕاست و دروستی نەدەزانی، بۆیە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر، سەیید محەمەدئەمینی کوڕی حاجی بایزم ڕاسپارد (کە ئێستا لەجێی باوکی ئەمینولشەرعە)، ئەویش نامەیەکی بەکەسێکدا بۆ هەمزاغا نارد.

دوێنێ، کە پێنج شەمە، ٢٨ی مانگ بوو، کەسەکە گەڕاوەتەوە و دەرکەوتووە، ئەم ڕۆژانە هەمزاغا لە دوورترین جێگای سەر بە خاکی عوسمانییە، لە شوێنێك بەناوی "قەڵادزە" سەر بە مەڵبەندی "پشدەر"ە و لە ڕابردوودا شارێکی بەناوبانگ بووە و ئێستا وێرانەیە، لەوێ ڕەشماڵی هەڵداوە و بە دڵە خورپێ و ترسێکی زۆرەوە نیشتەجێیە. وەڵامێکی زۆر کەم و کورتی بۆ سەیید محەمەدئەمین نووسیبوو، دەقی نامەکەم بۆ خزمەت بەڕێزتان نارد.

ئەو شتەش بەدەمیی بەنامەبەرەکەی وتبوو، ئەوەیە، هەر کاتێك شوێنی بنەماڵە و هۆزەکەی خۆی، کەناوچەی مەنگوڕە پێ بدرێتەوە، لەگەڵ فەرمانڕەوایی سەردەشت دا، ئیتر داوای ئەوەشی لێ نەکرێت بۆ لای فەرمانڕەوا بچێت، ئەوا خزمەت دەکات و باجی ساڵانەی سەردەشتیش ئاواو ئاوا دەدات.

وەك دەردەکەوێ پێش تریش سوپاسالاری ئێران " میرزا حسین خان" نامەی بۆ هەمزاغا ناردووە و تەقەللای تەفرەدان و هێنانەوەی بێهودەی لەگەڵ هەمزاغا داوە، ئەم قسە بێتامانەی هەمزاغا، هەر ئەو قسانەن، کاتی خۆی لەوەڵامی جەنابی سوپاسالاری گەورەدا کردبوونی، کە نامەی ناردبووە لای و دڵنەوایی کردبوو.

بەکورتی، دیارە ئەم قسانەی هەمزاغا بۆ ئەوە نابن گوێیان لێ بگیرێ، ئاشکراشە بەم ترس و لەرزەوەی لە خراپەکاریی ئاژاوەگێڕییەکانی خۆی هەیەتی، بەهیچ جۆرە دڵنەواییەك دڵنیانابێ و مەبەستیش لەم بەرنامە و پیاو ناردنە، هەر بەدەستهێنانی زانیاری ڕاستەقینە بوو، لە شوێنی نیشتەجێ بوون و ژیانی هەمزاغا، کەبەدەستم هێناو هەواڵەکەشم بەبەڕێزتان گەیاند و پوختەکەشی ئەوەیە، بەپیرەوەچوونی سەرومڕی کاری هەمزاغا، بە یەکلایی کردنەوەی کێشەی سەردەشتەوە گرێدراوە."

### ئاکامەکانی شەڕ تاڵان کردن و کچ ڕفاندن

هەمیشە کورد لە شەڕی دوژمنەکانیدا ئەگەر شکستی هێنابێت لە ئاکامدا تووشی کوشتار و سوتاندن و تاڵانی و کچ ڕفاندن بۆتەوە، ئەم کارە قێزەونە تائێستاش دووبارە دەبێتەوە، بۆیە جاری وابووە وەك تۆڵە کردنەوە کاری وا لە کوردیش وەشابێتەوە، هەرچەندە هیچ بیرکردنەوەیەکی ژیرانە پەسندی ئەو کارە

ناکات، بەڵام وەك پەرچەکردار و کاردانەوەیەك بۆ دوژمنەکانی زۆرجار ئەم کارەیان لێ وەشاوەتەوە، وەك لێرە حەسەن عەلی خان دەڵێت چەند ژنێکیان بەدیل گرتووە، بەڵام لەبری ئەوە نەك سزای بەڵکو سوکایەتیشی پێ کردوون:

**نامەی ژمارە: ١١**

(بەشی سێیەم)

لاپەڕە: ٣٦٨- ٣٧٣

مێژوو: ٣٠ جەمادی دووەمی ١٢٩٨کۆچی (٢٩- ٥- ١٨٨١ز)

بۆ:/ محەمەد ڕەحیم خان (عەلائولدەولە- ئەمیرنیزام)

لەکاتی فیتنەکەی (شێخ)ی مەلعون، و تاڵان و کوشتاری (میاندواو)دا، چەند ژنێکیشیان بەدیلی گرتوون. بۆ نموونە:

کچی حاجی حسین عەلی، کە پیاوێکی ڕێزدار و ناسراوی میاندواوە و مارە کراوی ئامۆزاکەی خۆی بووە، برایم ئاغای ناپاك و دوو کوڕە ناپیاوەکەی ڕفاندوویانن و بۆ (سەردەشت)یان بردوون و لەوێ هێشتوویاننەوە، من لەو ماوەیەدا بەردەوام لەبیری ئەوەدابووم، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر هەر دوو کوڕەکەی برایم ئاغایان گرتوون و هێنایان. زۆر بەتوندی سزام دان و گوێچکەیانم بڕی و ئێستاش لە کۆت و زنجیر و گرتوخانەدان. لەلایەکی تریشەوە عوسمان ئاغای فەرمانڕەوای سەردەشتم ڕاسپاردووە و داوای ڕزگارکردنی ئەو کچەم لێکردووە.

عوسمان ئاغاش لەناکاوێکدا چووە و ئەو کچەی لە برایم ئاغای ناپاك سەندۆتەوە و بۆ ساباڵخی ناردۆتەوە و منیش ناردم مام و مێردی ئەو کچەیان هێنان و پێیم دانەوە. دوێنێش برایم ئاغایان گرت و هێنایان و ئێستا لەزیندان و کۆت و بەندداپە. بیروڕای من ئەوەیە، یان ڕێگام بفەرموون ئەم ناپاکەی ئەم تاوانە گەورەیەی کردووە، لەڕووی شەرع و داب و نەریتەوە، هەر لێرە و لەبەرچاوی ئەم خەڵکە، بەردەباران بکرێ، یان ئەگەر بفەرموون بەزنجیرکراوی بۆ (دەرباری- تەورێز)ی بنێرم و لەبەرامبەر ئەو تاوانەیدا، سزا بدرێ. بیستوومە دوو سێ ژنی دیکەش، کە هۆزی (پیران) و (مەنگوڕ) دیلیان کردبوون، قائیمقامی (ڕانیە) لێی سەندوونەتەوە. دوای بیستنی ئەم هەواڵە نامەیەکم بۆ قائیمقامی (ڕانیە) نووسی و پیاوێکیشم بەتایبەت نارد. تا ئەوانیش بێنێتەوە و بەخاوەنەکانیانی بدەینەوە.

فەرمانی جەنابت لەسەرسەرمە."

هەروەها دەربارەی ئەو بابەتە هەواڵی سەرانی ڕاپەڕینەکە حەسەن عەلی خان لە نامەیەکی تردا بۆ (عەلائولدەولە- ئەمیرنیزام) لە تەورێزدەنووسێ:

**نامەی ژمارە: ١١٨**

(بەشی: ٣، ٥ی نامەکە)

لاپەڕە: ٤٠٩

مێژوو: ١٥ی ڕەجەبی ١٢٩٨ کۆچی (١٣- ٦- ١٨٨١ز)

بۆ: محەمەد ڕەحیم خان( عەلائولدەولە- ئەمیرنیزام) لە تەورێز

-٣-

لەنامەکانی مێژووی کۆتایی مانگی جەمادی دووەمدا، بەتێر و تەسەلی باسی وەرگرتنەوەی کچی (حاجی حسین عەلی میاندواو)ی لە (برایم ئاغای تاڵاو)ی ناپاکم کردبوو. لەو ڕۆژانەی لەسەرەتای ئاژاوەکەی (شێخ)ی مەلعوندا، بەدیلی گرتبوویانن، کچی خوالێخۆشبوو (مەلا محەمەد جەعفەری موجتەهید) و کچی (ئاغا سەیید عەلی) مارەکراوی کابرایەك، بەناوی (مستەفا بەگی میاندواو)ی بوون، کە کچی مەلا محەمەد جەعفەر، بایز ئاغای کوڕی مامەند ئاغای پیران، بەدیلی بردبوونی، کچی ئاغا سەید عەلی ژنی مستەفا بەگیش، لەلایەن برایم ئاغای مەنگوڕ، بەدیلی گیرابوو، منیش هەمیشە لەبیری ئەوەدابووم لەدیلی ڕزگاریان بکەم، لەدوای لێکۆڵینەوە و پشکنینی زۆر دەرکەوت هەر دووکیان لە شاری (ڕانیە)ن و لای ئەو ناپاکەن.

لەبەرئەوە نامەیەکم بۆ (عەبدوڵلا بەگ)ی قائیمقامی ڕانیە نووسی و مستەفابەگی زاوای ئاغا سەیید عەلییم لەگەڵ پیاوێکی تایبەتدا بۆ ڕانیە نارد. بەڕێز عەبدوڵلا بەگ بەوپەڕی ڕێز و پێشوازییەوە وەریگرتبوون و هەردوو کچەکەی لەگەڵ مستەفا بەگ و پیاوە تایبەتیەکەی مندا بۆ ساباڵاخ بەڕێکردبوونەوە و نامەیەکیشی لە بارەی ئەو یارمەتیەوە نووسیبوو، کە پێی دابوون، لەبەرئەوەی ئەم دوو کەسە، بەتایبەتی کچی مەلا محەمەد جێی ڕێز و حورمەتن، لەگەڵ مستەفا بەگدا بەڕێزەوە بۆ (میاندواو)م بەڕێ کردنەوە.

فەرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە

-٥-

نووسیبوتان شێخ سدیق و شێخ قادری کوڕانی شێخ عوبەیدوڵلای مەلعون هەڵاتوون و کەسیش نازانێ بۆ کوێ چوون و بەسەرانی عەشایەری ئەم ناوچەیە ڕابگەیەنم، تا ئاگادارین و هەرکاتێ روویان لەم ناوە کرد بیانگرن.

منیش لەسەر فەرمانی جەنابتان، پیاوم بۆ هەموو لایەك ناردووە و بەهەموو بەرپرسان و سنووروانانم ڕاگەیاندووە، تا ئەگەر سنووری عوسمانیان بەزاند، بێ سێ و دوو لێکردن و ئەملاوئەولا، قۆڵبەست دەکرێن.

لەم بارەیەوە دڵنیا و ئەرخایەن بن.

فەرمانی جەنابتان لەسەر سەرمە"

### گەلەکۆمەکێی دەوڵەتە بێگانەکان دژی ڕاپەڕینەکە

بەهۆی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهری دا، لە کوردستانی ئێران شۆڕشی خەڵك و ڕاماڵینی خێرای دەسەڵاتی عەجەم لە بەشێکی خاکی کوردستان و پێشڕەوی بۆ ناوچەکانی تر و دروست کردنی دەوڵەتی کوردستان لەلایەن شێخێکی تەریقەتەوە، هەڕەشەکردن لە تەوریز کە لەدوای تاران دووەم گەورەشاری گرنگی ئێران بوو، هاندانی عەباس میرزای برای شا بۆ هەڵگەڕانەوە و بەشداری لە شۆڕشدا، ئەمانە مەترسی گەورەیان دروست کرد، بۆ سەر تەختی سەڵتەنەتی ناسرەدین شا، کە خۆی لە خۆیدا لە تەنگوچەڵەمەیەکی قوڵ دابوو.

بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵلا لە کۆڕ و نووسینە ڕەسمیەکانی دەرباری قاجاردا، بە فیتنە، غائیلە، شۆڕش، طغیان..، ناودەبرا شا بەهەڕەشەیەکی ڕاستەقینەی دانا، کە دەبێ چارەیەکی خێرا و بنەڕەتی بکرێ، (لۆرد کیرزن) دەڵێت: شا داوای یارمەتی لە ڕووسیا کرد، پرس و ڕاوێژی بە ئینگلستان کرد، داوای قەرەبووی لە تورکیا کرد، (شورای دەوڵەت)ی کۆکردەوە بۆ دانانی ڕێو شوێنی دامرکاندنەوەی.

ئیتر لەهەموو ناوچەکانی ئێرانەوە هێز و لەشکر هێنرا بەسەرکردایەتی حیشمەت الدولە بۆ لە ناوبردنی بزووتنەوەی کورد، بەڵام شا تەنیا بە لەشکرکێشی بۆ سەرکوت کردنی چەکداری دانەکەوت، بەڵکو لەهەمان کاتدا بزووتنێکی دیبلۆماسی چالاکی دەست پێکرد، بۆ گەمارۆدانی سیاسی و دیبلۆماسی و جەنگی جوڵانەوەکە، لەگەڵ سەفیرەکانی ڕووسیا و بەریتانیا، هەروەها فەرمانی دا بە محسن خانی سەفیری خۆی لەلای بابی عالی ئەویش بکەوێتە گەڕ.

لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ١٨٨١دا، موحسن خانی سەفیری ئێران لە ئەستەمبوڵ، نامەی ئاراستەی هەموو هێزە ناوبژیکەرەکان کردبوو، داوای بەگەرخستنی دەسەڵاتیانی کردبوو، تا کاریگەرییان لەسەر بابی عالی هەبێت، هەنگاو بنێت بۆ ڕێگەگرتن لە شێخ عوبەیدوڵڵا، کە ئێستا لەناو خاکی تورکیا دایە، سنووری ئێران نەبەزێنێت، سەفیری ڕووسیش سەبارەت بە پەلاماری کوردەکان پشتگیری داواکای موحسن خانی سەفیری ئێرانی کردبوو.

ناسرەدین شا لە وتەکانی لەگەڵ (زینوفیفی) سەفیری ڕووسیا تێی گەیاند، ئێران وازی لە هەموو جموجۆڵێك هێناوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، ئەویش تکای وایە لەم گیروگرفتە دژی تورکیا پشتی بگرێ، هەروەها داوای لێ کرد ڕووسیا هێز بنێرێتە سەر سنووری ئازەربایجان، بۆ ڕێگرتن لە شۆڕشگێڕانی کورد و یارمەتیدانی سوپای ئێران لەکاتی پێویست دا، زۆر لە دەوڵەتی عوسمانی بکا ئاژاوەی کوردەکان بکوژێنێتەوە، سەرکردەکانیان تەمێ بکات، زەرەر و زیانەکانی لەم شەڕەدا لەئێران کەوتوە تورکیا بۆی بژێرێ. (زینوفیف) بەپێرەوەی لە سیاسەتی ڕووسیای قەیسەری، لای وابوو بەبێ هێزبوونی ئێران زەرەری بۆ ڕووسیا هەیە، بەڵێنی بەشادا خواستەکانی بە پیتربۆرگ بگەیەنێ، ئومێدی یارمەتیشی پێ دا.

ناسرەدین شا داوای لە (تومسونی) سەفیری بەریتانیاش کرد، زۆر لە تورکیا بکا بکەوێتە شەڕ دژی کوردەکان و هاوکاری ئێران بکا، بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشەکەیان. لەئەستەمبوڵ میرزا محسن خانی سەفیری دەرباری قاجار لەلای بابی عالی کەوتە تەقەللای دیپلۆماسی، لەلایەك لەگەڵ کاربەدەستانی بابی عالی، کە هاوکاری لەگەڵ ئێران بکا، بۆ سەرکوت کردنی جوڵانەوەکە و هێز بنێرێتە سەر سنووری ئێران – عوسمانی بۆ ئەوەی پشت لە جوڵانەوەکە بگرێ، لەلایەکی تر لەگەڵ سەفیرەکانی ڕووسیا و بەریتانیا تین ببەن بۆ بابی عالی، کە دەست لە پشتگیری جوڵانەوەکە هەڵگرێ، ئاژاوەی کوردەکان بکوژێنێتەوە و سەرکردەکانیان تەمێ بکا. ئێران هۆکاری بزووتنەوەکەی بۆ بارودۆخی ناوخۆی ئێران و خەملینی هۆشی ڕزگاری – نەتەوەیی گەلی کورد نەدەگێڕایەوە، بەڵکو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان تاوانبار دەکرد، لەسەر هاندانی پەلاماردانی کوردەکان و شێخ عوبەیدوڵلا بۆ سەر خاکی ئێران.

دیپلۆماتەکانی ڕووس لە دوای گەڕانەوەی شێخ بۆ نەهری چاودێری جموجۆڵەکانی ئەویان دەکرد، هەر زوو کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی خۆیان ئاگادار کرد، شێخ کەوتۆتە پێوەندی لەگەڵ دەست ڕۆیشتووەکانی کورد و سەرۆکەکانی ئەرمەن و ئاسووری و شەریفی مەککە و خدێوی میسر.

ئینگلیزەکان زانیاری زۆریان لە ڕاپەڕینەکە کۆکردەوە، دژی جوڵانەوەکە بوون، ئامۆژگاری شێخیان کرد دەست هەڵگرێ لە ڕاپەڕین، ئامۆژگاری مەسیحیەکانیان کرد بەشداری نەکەن، دەنگوباسی ڕاپەڕینەکەیان دەگەیاندە کاربەدەستانی عوسمانی و ئێرانی، هانیان دەدان بۆ نەخشەی لەناوبردنی.

(مێجەر تروتێر) کونسوڵی بەریتانیا لە ئەرزروم لە نامەیەکیدا بۆ سەفیری خۆیان لە ئەستەمبوڵ دان بەوەدا دەنێ ئەو هەواڵ و دەنگ و باسە گرنگانەی دەربارەی نهێنیەکانی بزووتنەوەکە پێی گەیشتوون، داویەتیە کاربەدەستانی تورك، خۆیشی ماوەیەکی درێژ لە ئەرزروم مایەوە، بۆ بەشداری لە ئامادەکردنی ڕێوشوێنی لەناوبردنی بزووتنەوەکە.

خواستەکانی شێخ سیاسی بوون و هەردوو دەوڵەتی دەگرتەوە، لەئەنجامی تێشکانی جوڵانەوەکە و دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی بەریتانیا و ڕووسیا سەری نەگرت. عوسمانی کردی بەبەهانە بۆ داواکاری مادی و دواخستنی جێبەجێ کردنی مادەی ٦٠ی پەیمانی بەرلین، گێڕانەوەی قوتور و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ ئێران.

ڕووسیاو بەریتانیا دوو هێزی سەرەکی بوون، لەسەر بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیان لەناوچەکەدا لەگەڵ یەکتری لە ململانێ دابوون، بەڵام کە مەترسی هێزێکی سێیەم وەکو مڵۆزمی ئەم دووانە، پەیدابووبێ، ئەوسا ململانێی نێوان هەردووکیانی خاوکردۆتەوە، تا ئەویان دەردەکرد، هەروەکو لەسەرەتای قەرنی ١٩ بەرامبەر مەترسی (ناپلیۆن) ئەمەیان کرد، سەرزەمینی ئێران و عوسمانی ببوو بەمەیدانی ململانێیەکی سەخت لە نێوان وڵاتانی ئەوروپی، بەڵام ڕووسیا و بەریتانیا لە هێزە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە بوون، هەوڵیان دەدا ڕێگا بگرن لە هاتنی هێزەکانی تر.

بەریتانیەکان هەمیشە دەیانویست ئێران و عوسمانی لەیەك نزیك بکەنەوە و بە گفتوگۆ کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بۆ لێدانی بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵلا، مستەر (تۆمسن) دەڵێت: من هەل نیە نەمقۆستبێتەوە لەسەر قسەکردن لەگەڵ وەزیرەکاندا، لەسەر مەسەلەی ئاشوبی کوردەکان، جار لە دوای جار دڵنیام کردونەتەوە باوەڕم وابووە کوردەکان ئەوانیان بەهیچ زانیوە، هەوڵم داوە ئەوە بۆ قەدری پاشا و عابدین پاشا بسەلمێنم تا زووە وتوێژەکانی نێوان تورکیا و ئێران تەواو بکرێت. شا پێزانینی خۆی ڕاگەیاند سەبارەت بەو ڕۆڵە چاکەی دیویانە لە هاندانی سوڵتان بۆ هاوکاری کردن لەگەڵیدا بۆ دامرکاندنی یاخی بوونی کوردەکان هەوڵیان دەدا کۆمسیۆنێك پێك بهێنرێت بۆ باسکردنی کاروبارەکان و

دادگایی کردنی شێخ و کوڕەکەی و شۆڕشگێڕەکانی تر، بەردەوام جەختیان دەکرد لە سزادانی ئەو شۆڕشگێڕانەی جەنگیان لەسەر زلهێزێکی دۆست بەرپاکردووە. هانی هەردوو حکومەتی ئێران و تورکیان دەدا ڕێکەوتنامەیەکی ڕەسمی بکەن و هیچ خێڵێکی کورد پەنا نەدەن، کەلەوبەر سنورەوە داوای پەناهیندەیی دەکات، کە بەهۆی خراپەکاری و تاوانەوە لەلایەن کاربەدەستانی خۆیانەوە ڕاوەدنرێن، حکومەتی ئێران ئامادەیی نیشاندا بۆ بەئەنجام گەیاندنی ڕێکەوتنێکی ئاوها لەگەڵ بابی عالیدا، بەڵام هەندێ کێشە هەبوو کە سەفیری تورکیا بۆ ماوەیەك نەچووە بەلای ئەوەدا وتوێژ بکات. بەڵام ئەوان لەم کارە بەردەوام بوون، هەوڵیان دەدا بۆ لەناوبردنی ڕاپەڕینەکەی کورد.

### سەردانی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ئەستەمبوڵ

هەموو نەیارانی شێخ عوبەیدوڵڵا دەیانویست بەهەر شێوەیەك بێت شێخ دەداو بخەن، لەلایەك گوشاری بێ پسانەوەی ئێران و ڕووسیا و بەریتانیا بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی بۆ گرتن و دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا و کوڕەکانی، لەلایەکی تر هاندانی شێخ عوبەیدوڵڵا لەلایەن ڕووسیا و بەریتانیا بۆ گفتوگۆ، دوای کۆششێکی زۆر دەوڵەتی ڕووسیای تزار و ئینگلیز شێخ عوبەیدوڵڵایان گەیاندە ئەو بڕوایەی پێویستە لە ڕێگای وتوێژەوە چارەسەرێك بۆ مەسەلەی کورد بدۆزرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە شێخ بڕیاریدا سەردانی ئەستەمبوڵ بکات، لەو بارەیەوە حەسەن عەلی خان لە مێژووی: (١١ی ڕەجەبی ١٢٩٨ی کۆچی بەرامبەر ١٨٨١/٦/٩ز) لەنامەیەکدا بۆ: عەلائولدەولە (ئەمیرنیزام) لە تەورێز دەنووسێت: ڕۆژی شەمە (٦)ی مانگ، موسا پاشا بە(٣) تابوور سوپاوە چوونەتە بارەگاکەی "شێخ" و گرتوویانە و دەست بەجێ بەرەو "وان" یان بردووە، تا لەوێشەوە بۆ ئەستەمبوڵی ببەن، بەو جۆرەش کە ڕوون بۆتەوە کوڕەکانی شێخ هەڵاتوون و نێردراوانی دەوڵەتی عوسمانیش بە دوایاندا دەگەڕێن، تا بیانگرن و لەگەڵ شێخدا بیانبەن. ئیتر شێخ بەڕێزێکی زۆرەوە بە گیراوی برایە ئەستەمبوڵ، ئەگەرچی لەوێ پێشوازی شاهانەی لێ کرا، بەڵام خواستە سیاسیەکانی پشت گوێ خرا و خۆشی بەدەست بەسەری لەوێ لەجێگایەك دانرا.

### کوژرانی هەمزاغای مەنگوڕ و هاوڕێکانی

دوای دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا و گوشار و تەنگ پێ هەڵچنینی هەمزاغای مەنگوڕ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە، لەسەر سنوورەکانی عوسمانی – ئێرانی بەتایبەتیش لە (٤- ٦- ١٨٨١ز) بەدواوە واتە: لە دوای گرتن و بردنی شێخ عوبەیدوڵڵا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە، لەبارەگاکەی خۆیەوە بۆ (وان) و دواتریش بۆ ئەستەمبوڵ، ئیتر هەمزاغا تروسکایی هیوای هەڵسانەوەی شۆڕشی بەرەو کزبوون و کوژانەوە دەچێ و تێ دەگات دەرەتانی پەڕینەوە و دالدەدانی ئەویش لە قەڵەمڕەوی عوسمانیدا تەسك دەبێتەوە، ئەوسا لەوە ناچار دەبێ خەمی گەڕانەوەی خۆی بۆ ناوچەکە و نیشتیمانەکەی خۆی بخوات و بە ناچاری وەڵامی ئەو دەستە خائین و خۆ فرۆشانە بداتەوە کە بەناوی متمانە و دۆستایەتی دێرینەوە دەکەونە زەمینە خۆشکردن بۆ دڵنیاکردنەوە و تەفرەدان و هێنانەوەی بە سوێند و درۆ و دەلەسە بۆ ناو تەڵە و داوی بۆسەیەکی درندانەوە. ئەگینا بەرلە گرتن و بردنی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ئەستەمبوڵ، بەو پەری ژیانەوە و هەڵسانەوەی شۆڕشەوە ژیاوە، وەك لە نامەی ژمارە (١٠٣)ی حەسەن عەلی خاندا

دەردەکەوێ، بایەخی بەنامەی خودی سوپاسالاری ئێرانیش نەداوە، کە داوای گەڕانەوەی لێ دەکات، بەفیز و شکۆیەکی شۆڕشگێڕانەوە، مەرجی لەتوانا بەدەر، بۆ ئەو داوایەی سوپاسالار دادەنێ.

حەسەن عەلی خان لەماوەی ئەو ٨ مانگەی لە ساباڵخ فەرماندەی ناوچەکە بووە، تەقەلاکانی بۆ دارشتنی نەخشە و پیلان و فریودان و خستنەداوی هەمزاغا زۆر شێلگیرانە لەکاردابووە، لە ڕێگای هاوڕێ دێرینەکانیەوە وەك میرزا قاسمی قازی و قادرئاغای دێبۆکری، بەبەڵێنی ئەوەی ئەگەر بگەڕێتەوە جگەلە لێخۆش بوونی گوێ لە داخوازیەکانیشی دەگیرێ، ئیتر بەفێڵ و درۆ هەمزاغایان خستە داوەوە و کەوتە بۆسەیەکی نامەردانەوە، هەمزاغا ڕۆژی هەینی (٣ی ڕەمەزان- ٣١- ٧- ١٨٨١ز) سەعاتێك پێش خۆرئاوا بوون کوژرا، هەروەها دوانزەکەس لە برازا و خۆشکەزاکانی لەگەڵیدا کوژران و کۆتایی بەچالاکیەکانیان هێنرا.

### هەڵاتن و گەڕانەوەی شێخ بۆ کوردستان

شێخ عوبەیدوڵڵا کە زانی زیندانی کراوە لە بابی عالی نائومێد بوو، دوای ساڵێك مانەوەی لەوێ سەرلەنوێ بەنهێنی کەوتەوە هەوڵدانی ڕێکخستنەوەی هێزەکانی، پێوەندی لەگەڵ لایەنگرەکانی و لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتانی بێگانە نوێ کردەوە، تا هەلێکی بۆ هەڵکەوت، لە ئابی ١٨٨٢ بەپاسپۆرتێکی دروست کراو بەناوی بازرگان ڤیزای ڕووسیای وەرگرت، لەبەرگی بازرگانێکدا لەڕێگای کافکاسەوە ڕووی کردەوە کوردستان، گەڕایەوە بارەگاکەی خۆی بۆ درێژەپێدانی خەبات.

هەڵاتنی شێخ عوبەیدوڵڵا پەژارەی زۆری لای دەرباری قاجاری دروست کرد، ئێران داوای لە بابی عالی کرد کە بیگرێ و دووری بخاتەوە، هەروەها داوای لە ڕووسیا و بەریتانیاش کرد پشتی بگرن، ئێران و ڕووسیا و بەریتانیا بابی عالیان ناچار کرد چارەی سوپایی مەسەلە بکات. هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران دەرفەتێکی وایان بەشێخ نەدا بتوانێ بە ڕێك و پێکی پەیوەندی بە لایەنگرانیەوە بکا و سەرلەنوێ ڕێکیان بخاتەوە. هێزە چەکدارەکانی تورك لە هەکاری چوونە سەر شێخ عوبەیدوڵڵا لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٨٨٢ بەدیل گیرا، بەهێزێکی گەورەوە لەگەڵ ١٠٠ خێزانی لایەنگری ڕەوانەی موسڵ کرا. ئینجا لە موسڵەوە ڕەوانەی ئەسکەندەروونە، و بێروت و پاشان دوورخرایەوە بۆ حیجاز، لەوێ گلیان دایەوە تا ساڵی ١٨٨٣ هەر لە حیجاز کۆچی دوایی کرد. ئیتر بەدوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا و هاوڕێکانی پەردەی ڕاپەڕینی کورد لە ساڵی ١٨٨٠ دادرایەوە و بەیەکجاری خامۆش بوو.

### ئەنجامی شکستی ڕاپەڕینەکە

ڕێوشوێنەکانی جێبەجێ کردنی بەرنامەی دەرباری ئێرانی بۆ کوژاندنەوەی ڕاپەڕینەکە لەمەیدانی جەنگی، سیاسی، دیپلۆماسیدا سەری گرت، لەبواری جەنگی شا توانی هێزێکی ڕێك و پێکی مەشق پێکراوی بەدیسپلین بەفەرماندەیەکی سیاسی- سوپایی لێوەشاوە و بەهاوکاری ئەفسەری شارەزای نەمسایی ڕەوانەی کوردستانی بکات، لە کوردستانی بن دەستی ئێران هێزە چەکدارەکانی ئێران میلیشیا و نیزامی بەتوند و تیژییەکی لە ڕادەبەدەر کەوتنە سەرکوت کردنی خەڵك و سزادانی بە کۆمەڵ بۆ ئەوەی چاوترسێن ببن و جارێکی تر زاتی هەڵگەڕانەوە و ڕاپەڕین نەکەن، کە توانای مرۆیی و ئابووی خەڵکی لە ناوچەکە بڕی، بەقسەی سەرچاوەیەکی ئاگاداری وەکو مسعود میرزا زل ئەلسلتانی کوڕی ناسرەدین شا لەو چەند

هەفتەیەدا سەد هەزار کەس کوژران و سەد هەزار کەس دەربەدەر بوون و دوو هەزار گوندی گەورە و بچوك وێران کران، ئەمەش زەرەرێکی ئەوەندە قورس بوو لە کورد کەوت، تا نزیکەی ٣٠ ساڵ وزەی جوڵانی لە بزووتنەوەی نەتەوەی کوردی ئێرانی نەهێشت.

لە کوردستانی بن دەستی عوسمانیدا سوڵتان بەپێچەوانەی ئێرانەوە، هەوڵی دا کورد بەلای خۆیدا ڕابکێشێ و بیکاتە هێزێکی گەورەی ڕێکخراو، بۆ پاراستنی سەڵتەنەتی خۆیی و بەکارهێنانی لە سەرکوت کردنی ئەرمەنیەکان و بەکارهێنانی لە شەڕدا دژی ئێران و ڕووس. سوڵتان عەبدولحەمید لەگەڵ شێخ و مەلاکانی کورد پێوەندی پتەوی دروست کرد، موچەی بۆ زۆربەیان بڕیەوە، کوڕ و نەوەی ئەمیرە کوردە لێخراوەکان لە ئەستەمبوڵ لە خۆی نزیك کردەوە، هەندێ قوتابخانەی لە هەندێ جێگای کوردستان دامەزراند، لە ساڵی ١٨٨٥ یشەوە دەستی کرد بە نزیك خستنەوەی ئاغا و شێخ و مەلاکانی کورد لە خۆی بۆ پێکهێنانی تیپە حەمیدییەکان ( حەمیدیە سواری الایلری) لەخێڵ و هۆزەکانی کورد.

لەگەڵ ئەوانەشدا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە تێپەڕینی زەمان ناوەرۆکە سیاسیەکەی چاکتر خەملی، کە دواتر لە شێوەی هۆشی نیشتمانی پەیدابوونی گۆڤار و بڵاو کراوە، دامەزراندنی یانەی ڕۆشنبیری و ڕێکخراوی سیاسی زیاد بوونی دەوری کورد لە بابی عالیدا خۆی نواند.

بزووتنەوەی نەتەوەیی ١٨٨٠ لە جاران زیاتر سەرنجی دەوڵەتە ئەوروپیە گەورەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، گرنگی ئەم گەلی کورد لەناوچەکەدا، بەتایبەتی گرنگی جیۆپۆلەتیکی نیشتمانەکەی بۆ ئەوان دەرکەوت، هەوڵیاندا لە جاران زیاتر دەسەڵاتی خۆیان لە کوردستان بەهێز بکەن. گەریدە و ئەفسەر و ئارکیۆلۆگ و جاسوس.... سەردانی کوردستانیان دەکرد، لێکۆڵینەوە لە زمان و فەرهەنگ و مێژوو، لایەنی سیاسی، کۆمەڵایەتی ژیانی خەڵکی کوردستان و جوگرافیای وڵاتەکەیان لەلایەن دەزگا زانستیەکانی ڕووسیا و بەریتانیا و ئەڵمانیاوە پەرەی سەندو زۆرتر بوو، ئەمەش بایەخدانی ئەو دەوڵەتانەیە بە کورد و شوێنی ژیانی.

**پەراوێزەکان:**

(١)هەمیشە شۆڕشەکانی کورد تۆمەتی ئەوەیان دراوەتە پاڵ، کە بەدەستی بێگاتە دروست کراون، یان کورد نەتەوەیەکی شەڕخوازن و بۆ تاڵان و دزی و جەردەیی ڕاپەڕیون، ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵلاش لەوە بەدەرنەبوو، ئێران بەدەسیسەی عوسمانی دەزانی و ڕووسیا و بەریتانیاش تۆمەتی تاڵانی و ڕاوڕووتیان دەدایە پاڵی، لەگەڵ ئەوەشدا باش دەیانزانی ئەم ڕاپەڕینە لەڕووی هۆشی نەتەوەیی سەری هەڵداوە، ئەگەر لای هەمووشیان وانەبێت لای هەندێکیان وایە و لانی کەم شێخ عوبەیدوڵلا و بەشێکی زۆر لە سەرانی ڕاپەڕینەکە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ لە خەبات و تێکۆشان دابوون.

مەبەست لە ئەحمەد بەگی یاوەری جەنگی سوڵتان عەبدولحەمیدە، کە وەك نوێنەری تایبەتی سوڵتان هاتە لای شێخ عوبەیدوڵلا تارِازی بکات سەردانی ئەستەمبوڵ بکات بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سوڵتان.

** هۆزی پیران لە بیتوێن نیشتەجێن، ئەو کاتە سەرۆکی هۆزەکە مامەندئاغای پیران بوو، ناوەندی هۆزەکەش گوندی سەرخمە بوو لە بیتوێن.

*** چەلیبا: شێوەیەکی تایبەتی خەت نووسینە، کە خۆشنووسەکان بۆ مەشق و ڕاهێنان و نموونەی خۆشنووسی خۆیان بەکاری دەهێنن، ئەمجۆرە نووسینە زۆرتر حەرف و نووسین، لەسەر یەکتر دووبارە دەکەنەوە و تێکەڵاو و پێکەڵاو دەکەن. بۆ ئاگاداری خوێنەرانیش دەبێ بڵێم کە: حەسەن عەلی خانی گەڕووسی- خاوەنی ئەم نامانە، یەکێکە لەخۆشنووسە بەناوبانگەکانی ئێران.

* * ** بە پێی ئەم قسەیە بێت نزیکەی (٤) مانگ ئەم هۆردووەی حەسەن عەلی خان لەماڵانی خەڵك و لەسەر سکی دانیشتوانی سابڵاخ بەخێوکراون و سەربازگەیەکی تایبەتیان نییە.

**سەرچاوەکان:**


١- حەسەن عەلی خانی گەڕووسی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەبەڵگەنامەکانی قاجاری دا..، و: لە فارسیەوە: محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس – هەولێر- ساڵی ٢٠٠٧.

٢- جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، وەرگێڕ: دوکتۆر کاوس قەفتان، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا- ١٩٨٧.

٣- دکتۆر عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی ی کوردستان، وەرگێڕانی: فەرید سەسەرد، چاپی دووەم، سلێمانی- ٢٠٠٦.

٤- د. وەلید حمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و:محەمەد نوری تۆفیق، چاپخانەی ئۆفیسی تیشك، سلێمانی ١٩٩٩، ل ٢٤٧. نەوشیروان مستەفا، کورد و عەجەم.

٥- عەلی خان گۆنەخان ئەفشار، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی قاجاری دا...، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی ئاراس- هەولێر – ٢٠٠٧.

٦- محەمەد حەمە باقی، ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ لەبەڵگەنامەکانی قاجاریدا١٨٥٤-١٨٨١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە" ٢٠٠٢.

٧- م. س. لازاریف، مێژووی کوردستان، وەرگێڕانی: هوشیار عبداللە سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر، ٢٠٠٨.

٨- نەجاتی عەبدوڵڵا، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فرەنسیدا (١٨٧٩- ١٨٨٢)، سلێمانی ٢٠٠٤.

٩- نەوشیروان مستەفا، لەتاریکیەوە بەرەو ڕووناکی، چاپخانەی دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی – ١٩٩٩.

١٠- نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردو عەجەم مێژووی سیاسی ڕووداوەکانی ئێران، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی – ٢٠٠٧.

١١- هەستیار کەمال کوردی، سیاسەتی ڕووسیای قەیسەری بەرامبەر بە کورد (١٨٥٠- ١٩١٤)، چاپی یەوکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی ٢٠١١.


هەواڵنامەی کتێب

## هەڵوێستی رووسیا لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دا

ڕووداوەکانی دوای ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان خەمساردی و بێدەنگی دۆستانی کوردی پیشاندا، لەبەرامبەر گوشارەکان بۆ سەر باشووری کوردستان، بۆیە هەندێ کەس هاتنەسەر ئەو بڕوایەی کورد واز لە دۆستایەتی و پشتیوانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بێنێ و ڕوو لە ڕووسیا بکات، لەوانەیە ئەو هەڵەیەی حکومەتی هەرێمیش کردی هەر لەو ڕوانگەیەوە هاتبێ، کە دووەم ڕۆژی دوای ڕیفراندۆم گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیای (ڕووس نەفت)ی ڕووسیا ببەستێت، کە پێیان وایە ڕووسیا دۆستێکی ڕاستەقینەتری کوردە و پێویستە کورد ڕووی پەیوەندی و دۆستایەتی بەرەو ڕووسیا وەرگێڕێ، بۆیە لەسەر بنەمای ئەو وتەیەی کە (ئایندە لەسەر ڕابردوو بنیات دەنرێت)، پێویستە ئاورێك لەپەیوەندی ڕابردووی ڕووسیا لەگەڵ کورد بدەینەوە و چاوێکی خێرا بەقۆناغەکانی پەیوەندی ڕووسیا لەگەڵ کورد بگێڕین.

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان بەوەداوە، ڕووسەکان لەدێر زەمانەوە بەبایەخەوە لە نەتەوەی کوردیان ڕوانیوە و هەمیشە کوردیان بەجەنگاوەری ئازا و قارەمان زانیوە و هەوڵیان داوە بۆ فراوان کردنی سنووری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان بۆ گەیشتن بە ئاوەگەرمەکان لە کورد نزیك ببنەوە، بۆیە ڕووسیای قەیسەری لە جەنگ و ململانێکاندا لەگەڵ ئیمپڕاتۆریەکانی فارس و عوسمانیدا هەوڵی داوە کورد بەلای خۆیدا ڕاکێشێت. یان لانی کەم لە جەنگدا بێلایەنیان بکات، بەرامبەر بەوە هەندێ بەڵێنیان پێ بدات، بەڵام دواتر لە بەڵێنەکانی پاشگەزبۆتەوە و هیواو ئاواتەکانی کوردی کردووە بە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆی.

کورد هەمیشە هەوڵیداوە پەیوەندی باشی لەگەڵ ڕووسیا هەبێت، بەپێچەوانەوە ڕووسیا زیاتر کاریگەری خراپی لەسەر پێوەندی نێوان کورد و ڕووس، و کورد و ئەرمەن هەبووە، سەرەتای سەدەی نۆزدە ڕووسەکان مامەڵەیان لەگەڵ کوردەکانی یێریڤانِ باش نەبووە و باجی زۆریان لێ سەندووون، بەڵام باجی لەئەرمەنەکان وەرنەدەگرت و لەهەموو شوێنێك فەرمانداری ئەرمەنەکانی بەسەر موسوڵمانەکانەوە دانابوو، سەرەڕای هەوڵی زۆری کورد بۆ پەیوەندی کورد لەگەڵ ئەرمەنەکان، بەڵام بەفیتی دەوڵەتە بێگانەکان بەتایبەت ڕووسیا زۆرجار ئەرمەنەکان دەستیان لەتاڵان و سوتاندنی دێهات و بردنی مەڕومالاتی ناوچە کوردییەکان هەبووە، هەتا ساڵی (١٨٥٣) کورد لەدژی دەزگاکانی یاسایی ناوچەی ئەرمەن نارەزاییان دەربڕیوە، بەڵام ڕووس زیاتر گرنگیان بە ئەرمەن داوە، لە ساڵی (١٨٥٤) ئەو کوردانەی کۆچیان دەکرد بۆ ڕووسیا مەرجیان بۆ دانا بوون، کەسانی ئەرمەنیان دەکردە فەرماندەیان، بەڵام کوردەکان ڕازی نەبوون، بەڵکو یان ڕووسی یان دەبێ کورد بێت، کەواتە ڕووسەکان هۆکارێکی تێکچوونی پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن بوون، ساڵی (١٨٥٥) ڕووسەکان ئاگاداری ئەو نارەزاییانەش بوون لەلایەن کوردەوە لەئەرمەن دەکرا، بەڵام چارەسەریان نەدەکرد.

بایەخدانی ڕووسیا بەئەرمەنەکان جگەلە ئاینێکی هاوبەش نەبێت، هیچ شتێکی دیکە کۆی نەدەکردنەوە، سەرەڕای ئەوەی بەراورد بەکورد هیچ سوودێکی بۆیان نەبووە، سەرکردەی سەربازی ڕووس (پ.ی. ئەڤریانۆڤ) دەڵێت:" لەکاتی پێکدادانی شەڕی ئێمە و عوسمانیەکاندا پۆلیسە ئەرمەنەکان هیچ قازانجێکیان بۆ ئێمە نەبووە، ئەوانە هەمیشە لەکاتی هێرش کردنەکاندا هەڵدەهاتن، وەك دواتر دەرکەوت ئەوانە دوای شەڕەکان تەنیا بۆ کوشتن و سەربڕینی موسوڵمانەکانی شارەکان ئامادە بوون."

لەکاتی جەنگی ڕووسیا- عوسمانی لە ساڵی (١٨٧٧-١٨٧٨) سەرۆکە کوردەکان سەرەتا خۆیان بوارد لە بەشداری ئەو شەڕە، بەڵام لە دواتر بەهۆی گوشاری دەوڵەتی عوسمانی و بانگەشەی غەزا و بەشداری موسڵمانان بەناوی دینەوە لەو شەڕەدا هەندێکیان بەشداریان کرد بەتایبەتی سەرۆکە کوردە دیارەکەی ئەو کات شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، بەڵام بەماوەیەکی کەم دوای بەشداری کردنیان هێزەکانی (شێخ عوبەیدوڵڵا) بێزاری خۆیان لەبارودۆخە دەربڕی و بەرەکانی شەڕیان بەجێ دەهێشت، بێ گومان ململانێ و جەنگی رووسی – عوسمانی بۆ کورد زیانی زۆر بوو ژیانی لێ تێکدان، کاتێك کورد خراپەکاری و زوڵم و ستەمی عوسمانیەکانیان بۆ دەرکەوت وردە وردە بەخۆیان و چەکەکانیانەوە بەرەکانی جەنگیان بەجێ هێشت. رووسەکان ویستیان قارس داگیر بکەن، کوردەکان هاوکاری رووسەکانیان دەکرد لە (٦)ی تشرینی دووەمی (١٨٧٧) قارس گیرا، پاش ئەوەی رووسەکان قارس و باریەزیدیان گرت، هەستیان بەبێزاری کورد کرد بەرامبەر بەعوسمانیەکان، وەك (ئیڤانۆڤ)ی کونسوڵی رووسیا لەئەرزڕۆم لەپاش داگیرکردنی قارس دەنووسێت: " بڕوام وایە کوردستان بیر لە ڕاست بوونەوە دەکاتەوە و بگرە خۆی بۆ ئامادە دەکات." کوردی ناوچەی دەرسیم دوای سەرکەوتنی ڕووسیا لەبەرەی قەفقاسدا ڕاپەڕینیان بەرپاکرد.

شێخ عوبەیدوڵڵا هەر لەسەرەتاوە پەیوەندی لەگەڵ رووسیای تزاری پێ باشتر بوو لە دەوڵەتە ئەوروپاییەکانی تر، ڕەنگە هۆی ئەمە ئەوە بووبێ رووسیا هاوسنوور و هەمیشە کێشەی شەڕ و سنووری لەگەڵ تورکیا هەبوو، لەلایەکی تریش دەوڵەتەکانی تر بەتایبەت بەریتانیا لەکوردستانەوە دوور بوو، هەمیشە هەڵوێستی بەرامبەر بەکورد باش نەبوو. شێخ عوبەیدوڵڵا لە ساڵی (١٨٧٩) نوێنەری خۆی بۆ کونسوڵگەی رووس لەئەرزروم نارد بۆ ئەوەی بزانێ هەڵوێستی رووس چی دەبێ ئەگەر شێخ شۆڕش بکا، نوێنەرەکە بۆ کونسوڵی ڕوون کردەوە، شێخ یارمەتی و کۆمەکی ڕووسەکانی لەهی هەر لایەنێکی تر پێ باشترە. کاتێك شێخ عوبەیدوڵڵا ئامادەکاری دەکرد بۆ ڕاپەڕینەکەی، رووسیا بەوردی چاوێری دەکرد، کاربەدەستانی رووس هەوڵیان دەدا پشتیوانی ڕاپەڕینەکەی شێخ نەکرێت، لەنامەیەکی نهێنیدا کە بۆ سەرۆکی قەزای ئیچمیازدین نێردرابوو، ئامۆژگاری و ئاگادار کردنەوەی تێدا بوو" بەبۆنەی بزوتنەوەی کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانیەوە، گومانی تێدا نیە لەتەك ناوەرۆکی سیاسی ناوەرۆکێکی ئاینیشی هەیە، داوا لە جەنابی پایەبەرزتان دەکەین کوردەکانی قەزاکە لەچاو ون مەکەن و بەهیچ جۆرێك رێگا مەدەن بەشداری ئەو ڕاپەڕینە بکەن، نەبەپارە و نەبەهیچ شێوەیەك یارمەتیان نەدەن" بەڵام شێخ لەناو کوردەکان ناو و پایەیەکی بەرزی هەبوو، خەڵکی بەخۆشیەوە پێشوازی بیرو ئامانجی ڕاپەڕینەکەیان دەکرد.

پاش ئەوەی رووس کونسوڵگەی لەشاری وان کردەوە، شێخ نوێنەری خۆی سەید محەمەد سەعید بۆ لای (کامساراکان) نارد، نوێنەرەکە بۆ کونسوڵی ڕوون کردەوە، کورد دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگی هەبێ ئەگەر شەڕ لەنێوان رووسیا و عوسمانی هەڵبگیرسێ. چونکە هەموو ناوچە گرنگەکان لەبەردەستی کوردایە. بەڵام (کامساراکان) بەخەمساردییەوە گووتی: باشێخ داواکانی بخاتە بەردەمی دەوڵەتی عوسمانی. چونکە لەوکاتەدا رووس و عوسمانی پەیوەندی باشیان هەبوو. پێدەچێ (کامساراکان) دژی هاوکاری کورد بووبێ زیاتر لەگەڵ هاوکاری مەسیحیەکاندا بووە.

لەکاتیکدا داواکاری و پشتیوانی کوردلەسەر حیسابی ڕووسیا نەبووە و تەنیا داوای هاوکاری بووە لە ڕووسیا لەبەرامبەر دا کوردیش هاوکاری ڕووسیا بکات، (ئەڤریانۆڤ) لەکتێبەکەیدا دەڵێت: " هەمیشە کوردەکان پێشنیاری ئەوەیان کردووە هاوکاریمان بکەن، بەڵام ئێمە(ڕووس) هیچ کاتێك نەمانتوانی لەگەڵ کوردەکان پێکەوە بچین بەگژ تورکدا و نەمانتوانی لەهیچ کاتێکدا نرخی ئەو داخوازیانەی کورد هەڵسەنگێنین"

شێخ عوبەیدوڵڵا پلانی دانا تا هێشتا نارازیەکان لەخۆی کۆبکاتەوە و لە خاکەلێوەدا دەست بەجەنگ بکاتەوە. (ژانویەی ١٨٨١). بەڵام لەبەرامبەر ئەم تەقەللایانەی شێخ عوبەیدوڵڵا و فەرماندەکانی کورد، تەقەللای گەورەتر و سامناکتری گەلەکۆمەکێی دەوڵەتان لە دژی بەرنامەکانی کورد هەبوون، لەسەرووی هەموویانەوە ئێران، هەر لەسەرەتای شۆڕشەکە و بگرە پێش هەڵایسانی شۆڕشەکە، دەرباری قاجاری و خودی (ناسرەدین شا)، بەپەلە و هەڵپە لەگەڵ: ڕووسیا، ئینگلستان، و عوسمانی بەگەرمی کەوتبووە تەقەللای کاری دیپلۆماسی و ڕاوێژ و نامە و نوێنەر ناردن و گۆڕینەوە، بۆ لای یەکتری و ڕێگا گرتن لە تەنینەوەی ڕاپەڕینەکە، لەم پێناوەشدا ئێران تکا و داخوازی لە ئینگلستان بۆ ئەوە بوو، داوا لە ڕووسیا بکەن، هێز و لەشکری خۆی، بۆ سەر سنووری ئازەربایجانی خواروو بنێرێ، و گوشار بخەنەسەر دەوڵەتی عوسمانی، تا بەهەموو شێوەیەك ڕێگا لەهەوڵی شێخ عوبەیدوڵڵا و ڕابەرانی تری کورد بگرێ.

دوای شگستی ڕاپەڕینەکە و گەڕانەوەی پاشماوەی هێزەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ناو وڵاتی عوسمانی بوو بەهۆی کێشەیەکی دوور و درێژ لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و قاجاریدا، حکومەتی ئێران داوایان لەحکومەتی عوسمانی کرد بوو، شێخ عوبەیدوڵڵایان بداتە دەست بۆ ئەوەی سزای بدەن. لەوەدا ڕووسیا و بەریتانیا لایەنگیری ئێران بوون، بەجووتە بەتوندی داوایان لە کاربەدەستانی عوسمانی کرد بوو سزای شێخ عوبەیدوڵڵا بدات.

دوای سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکە و شکانی شێخ عوبەیدوڵڵا، لەجیاتی هاوکاری کردنی شێخ بۆ بەردەوامی ڕاپەڕینەکەی، ڕووس و ئینگلیز گوشاریان خستەسەر دەوڵەتی عوسمانی، پشنیاز بکات بۆ شێخ سەردانی ئەستەمبوڵ بکات، تا ناچاری بکات لەوێ بمێنێتەوە. بۆ ئەوەی بۆ مەرامەکانی خۆی بەکاری بێنێ.

لە ساڵی ١٨٨١ دوای وتوێژ و کۆششێکی زۆر دەوڵەتانی ڕووسیا و بەریتانیا شێخ عەبەیدوڵڵایان گەیاندە ئەو بڕوایەی پێویستە لەڕێگای وتوێژەوە چارەسەرێك بۆ مەسەلەی کورد بدۆزێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە شێخ سەردانی ئەستەمبوڵ بکات، دەوڵەتی بەریتانیا هەستا بەنێوانگیری لەنێوان شێخ عوبەیدوڵڵا و ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بۆ ڕازی کردنی شێخ سەردانی ئەستەمبوڵ بکات هەڵوێستێکی ناحەزانەی لەگەڵ کورد دا نواند و لە پایزی (١٨٨٢) بزوتنەوەکەی تێکشکاند شێخ لە ئەنجامی زۆر لێ کردن و سەرکردنە سەری ناچار بوو بچێت بۆ لای سوڵتان و لەوێ یەکسەر دەسبەسەر کرا.

پاش دەستبەسەری و ڕاکردنی شێخ لە ئەستەمبوڵ و گەڕانەوەی بۆ کوردستان، شێخ عوبەیدوڵڵا نوێنەری خۆی عەلی قاسم ئۆغلی نارد بۆلای (کامساراکان) جێگری کونسۆڵی روس لە ورمێ، داوای لێ کرد پشتگیری شێخ بکەن و هیچ داوای مەعنەوی و دارایشی لەڕووس نیە، بەڵام ڕای ڕووسەکان وابوو پێویستە شێخ داوای لێ بکرێ گوێڕایەڵی حکومەتی عوسمانی بێ قەید و شەرت بێ. ئەمەش وای لە شێخ کرد هیچ ئومێدێکی بەڕووس نەبێ.

حکومەتی رووسیای تزاری و بەریتانیا دەمارگیریەکی مەسیحیگەری توندیان بەرامبەر بەچارەنوسی ئەرمەنیەکانی تورکیا و بەتایبەتی ئەوانەی لە کوردستانی تورکیا دەژیان نیشان دەدا. مەبەستیشیان هەر ئەوەبوو پاراستنی مافی ئەرمەنیەکان بەناوی مەسیحیگەریەوە بکەنە بیانوو بۆ ئەوەی لەباری سیاسیەوە تین بۆ سوڵتان بێنن. ئەوەندی پەیوەندی بەکوردیشەوە هەبوو ئەم دوو دەوڵەتە مەسیحی کوردیان هەر بە مرۆڤ نەدەزانی.

دەوڵەتە ئەوروپیەکان گوشاریان دەخستەر سەردەوڵەتی عوسمانی بەناوی چاکسازی بۆ ئەرمەنەکانی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمە بووە هۆی تورە بوونی عوسمانی لە ساڵی (١٨٨٠) عوسمانیەکان بەهەموو شێوەیەك هەوڵیان دەدا کورد بەگژ ئەرمەندا بکەن، وەکو ئامرازێك دژی چاکسازی بەکاری بهێنێت. بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵا ڕێگای نەدا ئەو ویستەی عوسمانیەکان بێتەدی. سەرەڕای هەوڵەکانی کورد بۆ پەرۆشی پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ ئاسووریەکان، بەڵام حوکمدارانی لەخۆبایی ئاسووری هەمیشە مەیل و ئارەزووی دەسەڵات بوون بەسەر کورددا، لەسەرەتاوە تا کۆتایی لەگەڵ کورد خەریك بوون، هەمیشە زیانیان پێ گەیاندووە و خۆشیان زیانیان کردووە.

بۆ زیاتر پتەو کردنی ڕاپەڕینەکە شێخ ڕووی کردە (مارشەمعون) و داوای لێ کرد لابداتەلای ڕاپەڕینەکەی کورد. بەڵام ئەویش وەڵامێکی دایەوە هیوای ڕێك کەوتنی تێدا نەبوو. لە کۆتایی مایسی ئەو ساڵەدا (کامساراکان)ی یاریدەدەری کونسوڵی رووسیا لەگەڵ (مارشەمعون) یەکیان دی، (مارشەمعون) بەئاشکرا ئەو ڕاستیەی بۆ درکاند و گوتی:

" شێخ هەوڵیدا بەلای خۆیدا ڕای بکێشێت، بەڵام ئەم ڕازی نەبوو بەشداری بزووتنەوەکەی شێخ بکات، چونکە ڕای وابوو دەوڵەتە ئەوروپاییەکان ئەمڕۆ بێ یان سبەی باری سەرشانی گاورەکانی دەوڵەتی عوسمانی سووك دەکەن".

یەکێك لەو هۆکارانەی بووە هۆی شکستی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا، رووسیا و ئینگلتەرە و تورکیا هەڵوێستی دژ بە ڕاپەڕینەکەی کوردیان گرتەبەر. رووسیا خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بوو لەئیران، ئینگلتەراش لەوکاتەدا کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر دەسەڵاتدارانی ئەستەمبوڵ.

پاش دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا ڕاپەڕینەکەی کورد کەوتە کزی و هێمن بووەوە، ئەستەمبوڵ گەلێك لەو سەرۆکە کوردانەی کڕی ڕۆژی خۆی پشتگیری ڕاپەڕینەکەی عوبەیدوڵڵایان کرد بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕاپەڕینی کوردەکان (١٨٨٠) بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا بایەخێکی گرنگی هەبوو، ئەگەرچی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ بەرەو پێش بردنی کێشەی کورد. لەڕاستیدا ئەم ڕاپەڕینە لە هەموو ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانی پێشووی کورد بەتواناتر بوو لەهەردوو لایەنی سیاسی و ڕێکخستنەوە. دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەبووە مایەی ئارامی لە کوردستاندا، هەرچەندە ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەیتوانی ئامانجە گەورەکەی بەدامەزراندنی قەوارەیەکی یەکگرتوو بۆ کورد بەدیبێنێ، بەڵام توانی جۆرێك یەکێتی کوردستانی ژێر سایەی تورك و فارس نیشان بدات و یەکخستنی نەتەوەی کورد بەگوێی داگیرکەرانی کوردستاندا بچرپێنێ.

هەموو ئەم ڕووداوانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، ئەگەرچی کورد هەمیشە بەباوەڕی پتەوەوە هەوڵی داوە پەیوەندی باشی لەگەڵ دەوڵەتی ڕووسیا هەبێت، بەڵام ڕووسیا هەمیشە پشتی لەکورد کردووە، خۆ ئەگەر لەبەر بەرژەوەندی خۆشی هاوکارییەکی کەمی کوردی کردبێت، لەناوەڕاستی ڕووداوەکاندا بەجێی هێشتوون و پشتی تێکردوون، لەبەرئەوە کورد پێویستە وانە لەڕابردوو وەربگرێ و ئەگەر بەڕێوەبردنی بارودۆخی سیاسیش داوای پەیوەندی و پشتیوانی لەڕووسیا بکات، بەڵام هەرگیز نابێت ئەوەندە بچێتە پێشەوە کشانەوە و پشت تێکردنی ڕووسیا ببێتە هۆی کارەسات و سەربڕینی خواستەکانی کورد.

**بۆ ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


١- دکتۆر عبدوللا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٠٤.

٢- دکتۆر جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکانساڵی ١٨٨٠، وەرگێڕ لەڕووسی یەوە: دوکتۆر کاوس قەفتان، چاپخانەی الزمان-بەغدا، ١٩٨٧.

٣- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، کوردوباکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەری دووهەمی جیهان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ٢٠٠٦.

٤- هەستیار کەمال کوردی، سیاسەتی رووسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد(١٨٥٠- ١٩١٤)، سلێمانی ٢٠١١.

٥- نەجاتی عەبدوڵلا، شۆرشی عوبەیدولاڵای نەهری لەبەڵگەنامەکانی فەرەنسیدا (١٨٧٩-١٨٨٢)، سلێمانی ٢٠٠٤.

٦-کامەران محەمەد حاجی، کوردستان لەبازنەی کێشەی ڕۆژهەڵاتدا ١٨٠٠-١٩٠٠، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٧.


هەواڵنامەی کتێب

## چارەنووسی کورد لەڕێکەوتنامەی نێوان دەوڵەتە زلهێزەکاندا

کۆتاییەکانی سەدەی پانزەیەم نیشتمانی کورد تابلۆیەکی گەشاوە و جوان بوو، بۆ میرنشینە پشتاوپشتەکانی کورد، هەریەك لەوانە پێگە و جێگای تایبەتی خۆی هەبوو، لەسەدەی شانزیەم بەدواوە خاك و نیشتمانی کورد بووە شانۆی ڕووداوەکان لەنێوان ئیمپڕاتۆری عوسمانی و سەفەویدا، بەزۆر شێوازی جیاواز، ئەنجامی ئەو جەنگ و ڕووداوانەی نێوان عوسمانی سونی و سەفەوی شیعی دابەش کردنی کوردستانی لێکەوتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی سەفەویەکان بەرەو خۆرئاوا پەلاماریان برد و لەماوەی چەند ساڵێکدا توانیان دەست بگرن بەسەر چەند ناوچەیەك لەبەغداوە درێژدەبێتەوە تا مرعش و بەشێکی زۆر لە خاکی باکووری کوردستان، تەنانەت ئەو میرانەی هاتبوون گوێڕایەڵی و پشتگیری خۆیان دەربڕن، شائیسماعیلی سەفەوی یانزە میری کوردی خستە زیندانەوە، خاکەکەی دایەدەست بریکارەکانی خۆی، بەڵام کە سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی (١٥١٢- ١٥٢٠ز) هاتە سەرتەخت، بڕیاری هێرش و پەلاماریدا بەرەو ڕۆژهەڵات، چونکە هێزەکانی سەفەوی بەخێرایی بەرەو ڕۆژئاوا ملیان دەنا و بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەمەترسی دەزانی، ئەوە بوو لە٢٣ی ئابی ١٥١٤ز شەڕ لەنێوانیان هەڵگیرسا، لەدۆڵی چاڵدیران لەباکووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ، لەئەنجامدا شائیسماعیلی سەفەوی تێکشکا و بەبرینداری هەڵات و تەبرێزی پایتەختی بەجێهێشت، ساڵی شەڕی چاڵدیران بوو بەخاڵ و نیشانەیەکی ترسناك لەمێژووی کورد، بۆیەکەمجار خاك و نیشتمانی کورد بەپێی ڕێکەوتن لەنێوان ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی دابەش کرا، ئەمەش هەڵوێستێکی تازەی لەسەرئەو بارودۆخە تازەیە هێنایەکایە، هەندێك میرەکوردەکانیش هەر یەك لەوان چوونەپاڵ لایەك، لەکاتێکدا هیچ گرنتیەکی عوسمانی و سەفەوی نەبوو بۆ میرەکوردەکان.

### ڕێکەوتنامەی ئەماسیە

دەسەڵاتی عوسمانی – سەفەوی هەوڵیاندا بەڕێکەوتن کێشەکانی نێوانیان چارەسەربکەن، ئەوەی زەرەرمەند بوو تەنیا نەتەوەی کورد بوو، بەدرێژایی مێژوو کورد لەڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان وەك کارتێکی گوشار لەنێوان دەوڵەتە زلهێزەکان بەکارهاتووە و لەسەر پشتی کورد ڕێکەوتنیان کردووە، ڕێکەوتن و پەیمانامەکانیشیان جێگیرنەبووە و دووبارە شەڕ دەستی پێکردۆتەوە بۆ نموونە لەڕێکەوتنامەی ساڵی ١٥٥٥ز کەبەپەیماننامەی (ئەماسیە) ناسراوە، بەشی زۆر خاکی کوردستان بەر دەوڵەتی عوسمانی کەوت، ئێران تەنیا دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی زاگرۆس و کرماشاندا هەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٥٧٨ز شەڕی نێوان عوسمانی و سەفەوییەکان دەستی پێکردەوە، لەڕاستیدا هەمیشە گۆڕانکاری گەورە ڕوویدەدا لەڕێڕەوی پرۆسە سەربازیەکانی نێوان ئێرانییەکان و تورکەکان، سەرەڕای وێران بوونی نیشتمانەکەیان لەم شەڕانەدا کوردەکان ژیانی چاکترین لەجەنگاوەرەکانیان کردە قوربانی سەرکەوتنەکانی عوسمانی.

### ڕێکەوتنامەی زەهاب

شاعەباسی سەفەوی١٥٨١- ١٦٢٩ز بەپێی ڕێکەوتنامەی ئاشتی لە ساڵی ١٥٩١ز کەبەپەیماننامەی (فەرهادشا) ناسراوە، دەستی هەڵگرت لەئازەربایجان و شارەزوور بۆ تورکەکان، بەڵام دوای چەند ساڵێك سەرلەنوێ شەڕ دەستی پێکردەوە، ئێرانیەکان توانیان هەندێك لەو خاکەی لەدەستیان دابوو بیگرنەوە و لە ساڵی ١٦٢٣ز دەستیان گرت بەسەر بەغدا و موسڵ و بەسرە و عیراقی عەرەبی، لە ساڵی ١٩٣٩ز ڕێکەوتنامەی (زەهاب) لەنێوان هەردوولا ئەنجام دراو هێڵەگشتیەکانی سنووری هەردوو ئیمپڕاتۆریەت دیاری کرا، بەم شێوەیە بەردەوام لەکێشەدابوون ئەوەی زەرەرمەندی یەکەم بوو تەنیا گەلی کورد بوو.

### ڕێکەوتنامەی قوستەنتینیە

لە ساڵی ١٧٣٦ز نادرشای ئەفسار دەسەڵاتی گرتەدەست لەئێران، لەژێر ئاڵای سەفەویە لابراوەکان هاتە سەرتەختی ئێران و فەرمانڕەوایيەکی نوێی دامەزراند، بەهەمان شێوەی پێشوو کردە سەربازییەکانی نێوان تورکی- ئێرانی بەردەوام بوو، تابەستنی ڕێکەوتنامەی (قوستەنتینیە) لە ١٧- ١٠- ١٧٣٩ز لەنێوان تورکیا و ئێران، هەردوولا ڕێکەوتن لەسەرئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕێکەوتنامەی (زەهاب)ی ساڵی ١٦٣٩ز، ئەوە بوو ئێران زەویەکانی پێش ئەو کاتەی وەرگرتەوە، هەستان بەلکاندنی زەوی و زاری کوردەکان بەئیمپڕاتۆریەتەکانیانەوە، هەوڵیاندا دەسەڵاتی کارا دابمەزرێنن لەکوردستان، ئەوە شتێکی سروشتیە سوڵتانە عوسمانیەکان حەزنەکەن میرنشینەکوردییەکان خاوەنی بارودۆخی سەربەخۆبن، لەبەرئەوە موڵکی فەرمانڕەواکانی کوردستان ڕووبەڕووی دابەشکردنی مەترسیداربوونەوە، بەپێی بارودۆخی کارگێڕی نوێ ناوچەکەی دابەشکرد بۆ چەند (هەرێم) سنجقێك، ویلایەتی دیاربەکر بۆ ١٩ سنجق دابەش کرا، تەنیا هەشتیان درا بەمیرە کوردەکان، لەوەشدا هەوڵیان دەدا ئەو بنەماڵانە بێننە پێشەوە ناو و ناوبانگیان کەم بوو، لەچاو بنەماڵە ناودار و گەورەکان، بۆ ئەوەی کارەکانیان بۆ ڕاپەڕێنن، لەلایەکی تر بۆ لەت لەت کردن و پارچەپارچەکردنی بوونیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی جیهانی کورد، بەمەش کێشە و ئاژاوەی دەخستە نێوان میرە کوردەکانەوە.

### ڕێکەوتنامەی ئەرزرۆمی دووەم

وڵاتی کوردان بەدرێژایی چەندین سەدە گۆڕەپانی شەڕەکانی تورکی ئێرانی بوو، خاکی کوردان بەردەوام تووشی گورزی کوشندەبوو، ئەوەش گرنگ نەبوو کێ هێرشکەرە و کێ سەرکەوتوودەبێت، نرخەکەی تەنیا وێرانکاری کوردستان و بەهەدەر ڕۆیشتنی گیانی سەدان هەزار کەس بوو لەگەلی کورد، لەبەرامبەردا گەلی کورد هەمیشە بەرگری لەخاك و نیشتمانەکەی کردووە، بەڵام هەرکات دوژمنەکان دڕۆستیان نەهاتبن، لەدژی گەلی کورد یەکیان کرتووە و هاوکاری یەکتریان کردووە بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد، زۆرجاریش تورکیا و ئێران سکاڵای هەرێمایەتیان لەدژی یەکتر بەرزدەکردەوە و زۆرجار ئەم سکاڵایانەیان پشت ئەستوردەکرد بەپەلاماری سەربازی بۆ سەریەکتر، بەڵام ڕێڕەوی ئەم جۆرەکارانە دڵخۆشکەرنەبوو بۆ بەریتانیا و ڕووسیا، هەردووکیان لەوە دەترسان هەڵگیرسانی شەڕێکی تر زیان بەبەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی ئەوان بگەیەنێت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەرئەوە بەدەستپێشخەری ڕووسیا و بەریتانیا کۆنگرەیەك بەسترا لەئەرزڕۆم بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیەکانیان، هەروەها نوێنەری وڵاتە ئەوروپیەکان ڕۆڵی سەرپەرشتیاری دەبینی لەم کۆنگرەیەدا، کە خواست و ویستەکانی خۆی سەپاند لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوەی لەو کارانەدا خاکی لەت وپەت دەکرا گەلی کوردبوو، نەك لەکۆنگرە بەشدارنەبوو، هەر لێشیان نەپرسیەوە.

ڕێکەوتنامەی (ئەرزرۆمی دووەم) لە١٩- ٣١ی ئایاری ١٨٤٧زدا، لەشاری ئەرزڕۆمی باکووری کوردستان لەنێوان دەوڵەتی قاجاری و دەوڵەتی عوسمانیدا بەئامادەبوونی نوێنەری هەردوو دەوڵەتی ڕووسیای

قەیسەری و بەریتانیا مۆرکرا، ناوەرۆکی ڕێکەوتنامەکە داوای دەکرد، هەریەك لەتورکیا و ئێران دەستهەڵگرن لەو سکاڵا دارایی و هەرێمایەتیەی لەدژی یەکتر بەرزیان کردۆتەوە، هەردوولا بەڵێنیاندا ڕێگری بکەن لەپەڕینەوەی خێڵەکوردەکان لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و سەپاندنی یاسای دیاری کردنی ناسنامەی خێڵەکان و بەهێزکردنی یاسای ئاسایش لەسەر سنوورەکان، ئەمەش زەبرێکی گەورەبوو بەر بەرژەوەندی گەلی کورد کەوت.

یەکێك لەخاڵەگرنگەکانی پەیماننامەی دووەمی ئەرزڕۆم ئەوەبوو ئالیەتێکی نێودەوڵەتی دانرا بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی، کە پێکهاتبوو لەلیژنەیەکی چوار قۆڵی لەنوێنەرانی وڵاتە بەشدار بووەکانی ئەم کۆنگرەیە، یەکێ لەئەرکەکانی دیاری کردنی سنووربوو، هەرچەندە بەشێوەیەکی کۆتا سنووردیاری نەکرا، بەڵام ڕووس و بەریتانیا سوودی زۆریان لەمە بینی بۆ دەستخستنە ناو کاروباری کوردەکان، هەردوولا ئەم بیانووەیان بەکاردەهێنا بۆ بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان لەهەموو بۆنەیەکدا، لەبەرئەوە ئەنجامەکانی پەیمانامەی ئەرزڕۆم پەردەیەکی شەرعی دابەسەر بەدبەختی مێژووی گەلی کورد، هەروەها چەسپاندنی دابەشکردنی خاك و نیشتمانی کورد لەڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیەوە.

## ڕێکەوتنامەی لۆزان

هەروەها لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لەنێوان هاوپەیمانان و بەرەی میحوەر، پەیماننامەی سیڤەر پێکهات، لەو پەیماننامەیەدا بڕیاردرا بەشێك لەنەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی سەربەخۆییان پێ بدرێت، کورد و ئەرمەن لەناو ئەم بابەتەدابوون، پەیماننامەی سیڤەر یەکەم بەڵێننامەی نێودەوڵەتی و یاسایی بوو دانی نا بەمافەکانی گەلی کورددا، وەك پێکهاتەیەکی سەربەخۆ و وڵاتەکەشی وەك بابەتێك لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا، کەلەماددەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ چارەسەری کێشەی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی بکات، بۆ بەشێکی بەرفراوان لەگەلی کورد، بەڵام لەپێناوی بەرژەوەندی بەریتانیا و تورکیا مافی کورد خرایە ژێر لێوەوە و پەیماننامەی سیڤەر جێبەجێ نەکرا.

دوای ئەنجامدانی ڕێکەوتنامەی سیڤەر زۆری نەخایاند، وڵاتە گەورەکان بەرژەوەندی کوردیان بەهەند نەگرت و ئامادەییان دەربڕی دەستکاری ناوەرۆکی پەیماننامەکە بکەن، بەمەرجێك تورکیا بەرژەوەندییەکانی کورد لەمافی کلتوری بەهەند وەربگرێت، لەبەرئەوە کۆنگرەی لۆزان بەسترا، کەمالیەکان ڕەزامەندنەبوون پرس و بابەتی کورد لەناو خشتەی پەیمانی لۆزان تۆماربکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی کورد دەستی دابووە شۆڕش، نکوڵی لەکورد بەشێوەیەکی گشتی لەقازانجی تورك نەبوو، وەك دەستپێشخەریەك مستەفا کەمال ئەتاتورك و حکومەتەکەی هانی بیرو بۆچوونی یەکسانی گوزەرانی کوردی دەدا لەتورکیای نوێدا، لەئەنجامی کۆنگرەی لۆزان یەك وشە نەهات دەربارەی کورد و کوردستان، بەڵام دەوڵەتە بڕیار بەدەستەکان دەبوایە ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ دەستهەڵگرتن لە مەرجەکانی سیڤەر، بۆ ئەم کارە لەکۆنگرەی لۆزان مستەفا کەمال داوای لەنوێنەرە کوردەکان کرد لەبەردەم ڕای گشتی بۆچوونی خۆیان دەربڕن، کە کورد و تورك هەردوولا وەك یەك لەمافە نەتەوەییەکانیان یەکسانن، بەمەش مافی کورد کرایە قوربانی و بەچارەسەر نەکراوی مایەوە.

جیالەوەش لەڕێکەوتنامەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢١ بەئامادەبوونی وڵاتانی بەریتانیا، فەڕەنسا، ژاپۆن، ڕۆمان، یۆنان، سڕبیا، کرواتیا، سلوانیا و تورکیا بەسترا و پەیمانی سڤەریان هەڵوەشاندەوە بەپێی پەیمانی لۆزان بۆ جاری دووەم دوای شەڕی چاڵدیران کوردستان بەسەر چوار دەوڵەت دابەش کرایەوە، گورزێکی کوشندەیان لە کوردستاندا و کوردیان کرد بەژێردەستەی وڵاتانی زلهێزی ناوچەکە.

## پەیماننامەی بەغداد

لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردوو جەنگی سارد جۆشی سەندبوو، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەو کاتەدا یەکێتی سۆڤیەت پشتگیری لەخەباتی گەلانی عەرەبی دەکرد، لەدژی داگیرکەری ڕۆژئاوایی و ئیسرائیل، بۆ وەڵامدانەوەی ئەمەش وڵاتە ڕۆژئاواییە گەورەکان گرەنتیان دەکرد، لەسەر ڕژێمە کۆنەپەۆست و محافیزکارەکان لەناوچەکە هانیان دەدان، پەیوەندی بکەن بەهاوپەیمانیە سەربازی و سیاسیەکانی پەیوەندیدار بەپەیمانی ناتۆ، ئەو پەیمانەی بەریتانیا و ئەمریکا پێکیانهێنابوو.

لە٢٤ی شوباتی ١٩٥٥ پەیمانی بەغدا مۆرکرا، بەریتانیا و ئیران و پاکستان و عیراق و تورکیا بەشدار بوون، ئەم پەیمانە لەبنەڕەتدا بۆ دژایەتی کردنی یەکێتی سۆڤیەت بوو، هەروەها دژی ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەچالاکانە کاریان دەکرد لەدژی ڕۆژئاوا، هەروەها بەشێك لەبەندەکانی ئەم پەیماننامەیە لەدژی کوردبوو، بۆ نموونە: لەماددەی یەکەم باس لەوە دەکات دەتوانرێت ڕێکەوتنی دوو قۆڵی ببەسترێت، لەنێوان دوو وڵاتە بەشداربووەکانی ئەم پەیمانە، ئەگەر تورکیا ڕێکەوتنێکی دووقۆڵی هەبێت، لەگەڵ عیراق (١٩٤٦) بۆ دژایەتی کردنی کورد، ئێستاش خواستی هەبێت دەتوانێت، ڕێکەوتنێك ببەستێت لەگەڵ ڕژێمی ئێران. بەمەش پەیمانی بەغداد بەشێوەیەکی توند عیراقی بەسەربازگەی ڕۆژئاواوە بەستەوە.

دژایەتی کردنی پەیمانی بەغدا مۆرکێکی جەماوەری لەخۆگرت لەبەغدا، کوردەکانیش چالاکانە بەشداریان کرد، دانیشتوانی کوردستانی عیراق خۆپیشاندان و مانگرتنیان ئەنجامدا و دوای بەستنی چەندین کۆبوونەوە، داوایان کرد عیراق لەپەیمانی بەغداد بێتە دەرەوە و نوری سەعید دەست لەکارکێشانەی لە حکومەتەکەی ڕابگەیەنێت. کرێکارەکانی کەرکوکیش بۆریە نەوتیەکان و باڵەخانەی کونسوڵگەری بەریتانیایان تەقاندەوە، لە موسڵیش قوتابیان نارەزاییان دەربڕی، بەرامبەر هێرش و پەلامارەکەی سەرمیسر. ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی شێخ مەحمودیش کەسایەتی ناسراوی کورد لەبزاڤی نیشتمانی کورد لەسلێمانی لە ساڵی ١٩٥٦ گۆڕا بۆ خۆپیشاندانێکی توندوتیژ، ئەمانە هەموو داوای لابردنی نوری سەعید و کۆتایی هێنان بەپەیمانی بەغدادی دەکرد.

## ڕێکەوتنامەی جە زائیر

لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، ناچار بوو ڕێکەوتنێك لەگەڵ کورد ببەستێت، بەیاننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەئاکامی مرۆڤدۆستانە و قەناعەتی سەرکردایەتی بەعس نەبووە، بۆ ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە، بەڵکو بەگوشارە ناوخۆیی و دەرەکیەکان ناچارکراوە، بەو ڕێکەوتنامەیەی عیراق ڕایگەیاند، وەك لازاریف دەنووسێت: هۆکاری سەرەکی لەڕێکەوتنامەی ئاداری ١٩٧٠ دوورخستنەوەی سەرکردایەتی کوردبوو، لەهەڵوێستی ڕابردووی، لەپەنابردنەبەر هێز و ناچارکردنی بەگفتوگۆ، هەتا بەعس دەرفەتی گونجاوی دەست بکەوێ، جارێکی دیکە لە کورد بداتەوە.

بەدرێژایی ماوەی چوار ساڵ لەسەر هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و راپەراندن لەناوچەی ئۆتۆنۆمی نەگەیشتنە ئاکام، هەتا لەدوا کۆبوونەوەی نێوان وەفدی سەرکردایەتی کورد و سەرکردایەتی بەعس بەراشکاوی بەعس پرۆژەی خۆیان لەبابەت ئەو مەسەلەیە خستەبەردەم سەرکردایەتی کورد، لەوێدا سەرەڕای دابڕینی کەرکوك و ناوچەکانی شەنگال و خانەقین و مەندەلی لەناوچەی ئۆتۆنۆم، لەجیاتی کەرکوك هەولێریان کردبوو بەپایتەختی هەرێمی ئۆتۆنۆمی و کورتیش کرابۆوە لەپارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك، کە ئەنجومەنی سەرکردایەت شۆڕش (بەعس) لە١١ی ئاداری ١٩٧٤ یاسای ئۆتۆنۆمی پەسند کرد، لەوێدا دەسەڵاتێك نەمابۆوە بۆ کورد، لەچوارچێوەی ئەو دوو دامەزراوەیەدا، ممارەسەی دەسەڵاتی خۆی بکات، هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیس و ئاسایش و ڕەگەزنامە خرابوونەسەر وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی بەغداو هیچ دەسەڵاتێکیش نەدرابووە ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن.

سەرەڕای لایەنە خراپەکانی ناوخۆ لەسەر ڕێکەوتنامەی ئادار، کاریگەری وڵاتە زلهێزەکان و دەوروبەریش کەم نەبوو، ئێران و ئەمریکا بەوردی هاتنەسەرخەت، سوڤیەتیش پەیوەندیەکانی لەگەڵ عیراق زیاتر چڕ کردەوە، وای لێهات ئەمریکا و سۆڤیەت لەبەرامبەر هەردوو وڵاتی دراوسێی دژبەیەك ناڕاستەوخۆ هاتنە نزیك بەڕووداوەکانی ناوچەکە، ڕەنگدانەوەی ناکۆکی دەولی لەسەر پەیوەندییەکانی عیراق و ئێران، زیادبوونی پێگەی سۆڤیەت لەعیراق، مەترسی زیاتری لای ئەمریکا دروست کرد، لە ساڵی ١٩٧٢ (نیکسۆن) سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و (کیسنجەر) ڕاوێژکار بۆ ئاسایسی نەتەوەیی سەردانی ئێرانیان کرد و لەگەڵ شا کەوتنە وتوێژ بۆ دانانی ڕێگا چارەیەك بۆ دوورخستنەوەی سۆڤیەت لەعیراق.

ڕووداوەکانی ناو ئەو ملانێیە دەیسەلمێنن هەریەك لە (عیراق، ئێران، سۆڤیەت، ئەمریکا و ئیسرائیل) حیسابیان بۆ ئەگەرەکان کردووە، کورد وەکو کارتی یاریەکە بەکارهاتووە، لەنێوان ئەم وڵاتانەدا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، دوای چوار ساڵ نەشەڕ نەئاشتی لەسەرەتای نیسانی ١٩٧٤ سەرلەنوێ شەڕی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتی عیراق دەستی پێکردەوە. لەزستانی ١٩٧٥ لەنیۆیۆرك کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ نێوێنەری هەمیشەیی عیراق لەنەتەوەیەکگرتوەکان کۆبۆوە بۆ دانانی ڕێوشوێنێك بۆ پەیوەندیەکانی نێوانیان، دواتریش کۆبوونەوەکان فراوان بوولەنێوان عیراق و ئێران، ئێران و سۆڤیەت ، ئەمریکا و عیراق، هەمووی لەسەر کێشەری کورد و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، لە ساڵی ١٩٧٥ شەڕەکان بەرەو سەختی چوون، هەردوو وڵات عیراق و ئێران نەیانویستووە پێکەوە بکەونە شەڕەوە، بۆیە بەبێ ئاگاداری بارزانی کەوتنە گفتوگۆ، شانشینی سعودیە هاندەری پێکهاتنەوەی هەردوو دەوڵەت بوو، تا بەگفتوگۆ ناکۆکیەکانی نێوانیان چارەسەربکەن، لەبەرئەوەی هەوڵەکانی یەکەمی زەمینە خۆشکردن بۆ ڕێکەوتنی جەزائیر زۆر نهێنی بوون، زەحمەتە ئەوە بزانرێ کێ یەکەم هەنگاوی بۆ ئەم ئاشتیە سەیرە ناوە، شای ئوردن شاحسین و ئەنوەر سادات سەرۆکی میسر و هەواری بۆمدیەن سەرۆکی جەزائیر ڕۆڵیان هەبووە، لەناوبژیوانی هەردوو وڵات، نەتەوەیەکگرتووەکانیش ڕۆڵی خۆی هەبوو، لەسەر سکاڵای عیراق، بەڵام پوختە و دوا هە نگاوی پێکهێنانەوە بۆمدیەن تۆماری کرد.

هەواری بۆمدیەن پێشتر لەکاتی کۆبوونەوەی وڵاتانی (ئۆپیك) لە٢٦- ١٠- ١٩٧٤ لەگەڵ سەدام حوسێن بۆ نەخشەی پێکهێنانەوەی عیراق و ئێران، بۆ مەبەستی ڕێگا خۆشکردن بۆ پێکهاتنەوە کۆبوونەوە، دواجار لەپەراوێزی کۆبوونەوەی دەوڵەتانی خاوەن نەوت (ئۆپیك) لە٦- ٣- ١٩٧٥ هەواری بۆمدیەن و شای ئێران و سەدام حسین بەکۆبوونەوەیەکی لاوەکی کۆتاییان پێهێنا و لەڕێکەوتنامەی جەزائیردا یەکیان گرتەوە، ئەو ڕێکەوتنامەیە تایبەت نەبوو بەیەکلایی کردنەوەی ناکۆکیەکانی چەند ساڵەی نێوان عیراق و ئێران، بەڵکو سەودایەکی هەردوو دەوڵەت بوولەسەر حیسابی کورد، خاك و ئاو بەرامبەر تواندنەوەی شۆڕشی کورد، هەریەك لەوڵاتانی پەیوەندیدار بەم ڕێکەوتنامەیەوە هۆکاری خۆی هەبوو لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی.

لەدوای زنجیرەیەك کۆبوونەوەی ئاشکرا و نهێنی لەئاستی وەزارەتی دەرەوەی عیراق و ئێران، بەهەوڵی ناوبژیوانان لەکۆبوونەوەی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی (ئۆپیك) بەسەرپەرشتی هەواری بومدیەنی سەرۆکی جەزائیر لەلایەن سەدام حسین جێگری سەرۆك کۆماری عیراق و شای ئێرانەوە ڕێکەوتنامەی جەزائیر ئیمزاکرا.

هەردوولا ڕێکەوتن لەسەرئەوەی ڕێزگرتنی پیرۆزی سنوور و خاك و ئاسایشی یەکتربگرن، لەسنوورداخستن و قەدەغەکردنی پەڕینەوە، لەپێناوی سنووردانانی کۆتایی بۆ هەموو سنووربەزاندنێك بەمەبەستی کاری تێکدەرانە لەهەر لایەکەوە بێت، لەمەش سەدام حسین تەنیا مەبەستی لەناوبردنی شۆڕشی کوردستان بوو، ئێرانیش وەکو دەوڵەت لەو ڕێکەوتنامەیە سوودمەند بوو بۆیەش بەزوویی پشتی شۆڕشی کوردستانی بەردا.

هەتائێستاش دەقی تایبەت بەبەشە نهێنیەکانی ئەو ڕێکەوتنامەیە بەردەست نین، کە سەودای داگیرکارانی کوردستان لەسەر حیسابی شۆڕشی کوردستان بوو، هەواڵی ڕێکەوتنامەی جەزائیر وەك هەورە تریشقە لەهەموولایەك لەکوردستان دەنگی دایەوە، بەشێوەیەك سەرکردەکانی کورد بەو بێویژدانیە چاوەڕوانی ئاکامەکەیان نەدەکرد.

دوای ئەوەی ساڵی١٩٧٥ بەتەوقە و یەکتر لەئامێزگرتنی شای ئێران و سەدام حسینی جێگری ئەوکاتی حکومەتی عیراق ڕێکەوتنەکە کراو بەوە شۆڕشێکی گەورەی کورد شکستی پێهێنرا و بڵاوەی لێکرا، کە دواتر بەڕێکەوتنامەی شومی (جەزائیر) ناوی دەرکرد، ڕێکەوتنامەی جەزائیری ١٩٧٥ بووە هۆی زیندەبەچاڵ کردنی جوڵانەوەی کورد و بەپیلانێکی دەرەکی شۆڕشی کوردستانی لەباربرد و گەلی کوردیش سەرگەرادان مایەوە.

## ڕێکەوتنامەی تورکیا- سوید و فنلندا

دوا ڕێکەوتنامەی زلهێزەکان دەربارەی چارەنووسی کورد، ڕێکەوتنی تورکیا و سوید و فنلندایە، فرۆشتنی ئەم جارەی کورد جیاوازە، ئەوەش دوای ئەوەی لەکۆتایی مانگی ڕابردوو سوید و فنلندا یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان لەپەراوێزی لوتکەی ناتۆ لەمەدریدی پایتەختی ئیسپانیا واژۆکرد، بەگوێرەی ناوەرۆکی یاداشتەکە دەبێ سوید ٧٣ کەسی داواکراو لەلایەن ئەنقەرەوە ڕادەستی تورکیا بکاتەوە، لەبەرامبەریشدا تورکیا ڕەزامەندی لەسەر ئەندام بوونی هەریەکە لەسوید و فینلندا لەهاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی ناسراو بەناتۆ دەدات، ئەو ٧٣ کەسەی لەلایەن تورکیاوە لەسوید داوا کراون، ژمارەیەکیان سەر بەپارتی کریکارانی کوردستانن، لەدوای ڕێکەوتنەکەی سوید و فینلندا و تورکیا ئاندرسۆن سەرۆك وەزیرانی سوید

هەواڵنامەی کتێب

ڕایگەیاند، ئەوان پابەندی ڕێکەوتنەکەیان لەگەڵ تورکیا دەبن، ئەو بەڵێنانەی لەبارەی رادەستکراوانەوە داویانە جێبەجێی دەکەن، هەرچەندە سەرۆك وەزیرانی سوید دڵنیایی دا هیچ کات هاووڵاتی سویدی ڕادەستی تورکیا و هیچ وڵاتێکی تر ناکەنەوە، بەڵکو ئەو کەسانەی وەڵامیان وەرنەگرتێبت، تورکیا داوای دەکاتەوە ئەوانە رادەست دەکرێنەوە، سەرۆکایەتی کۆماری تورکیاش رایگەیاند، ئەوەی مەبەستمان بوو، لەسوید و فینلدا دەستمان کەوت، سوید رادەستی داخوازیەکانی تورکیا دەبێت و ڕێگای پێدەدات سیاسەتی دەرەوەی سوید کۆنترۆل بکات، لەکاتێدا تورکیا دەوڵەتێکی دیکتاتۆری ئیسلامیە وسوید و فینلندا تائێستا بەقەڵای دیموکراسی و مافی مرۆڤ ناوزەد کراون، بەڵام لەبەختی کورد ئەم دوو هاوکێشە پێچەوانەیە لەسەرمێزی گفتوگۆ دژی کورد کۆدەبنەوە و ڕێکەوتنامەی لێتێگەیشتن مۆردەکەن، ئەوە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ سوید و فینلندا خەڵکی دانیشتووی وڵاتەکانیان ڕادەست بکەن یاخودنا، ئەوەی گرنگە ئەو ڕێکەوتنامەیە ڕێگادەدا و هێز و تین دەخاتەبەر تورکیا بتوانێت داوایەکی ئاوا لەوڵاتانی نێودەوڵەتی بکات، ئایا تاکەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەناوی کێشەی ناوخۆ ئەو زوڵم و بێدادیە لەدەوڵەتە سەردەستەکانی کورد قبوڵ دەکات، ئایا تاکەی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان ڕێگادەدەن گەلی کورد ببێتە قوربانی ڕێکەوتنامەی نێوان زلهێزەکانی دنیا.

هەواڵنامەی کتێب
هەواڵنامەی کتێب

## ئەستیاگ دوا پادشای مادەکان زوحاکی ماربەشانی نەورۆز نییە

لێرە دەمانەوێ لەبارەی جێژنی نەورۆزەوە بدوێین، بەداخەوە هەموو ساڵێك لەگەڵ نزیك بوونەوەی جێژنی نەورۆز هەندێك لە نووسەرانی هاوزمانی خۆمان، بەتایبەت وتاربێژ و بانگخوازە ئیسلامیەکان پێچەوانەی پێوست لە جێژنی نەورۆز دەدوێن و نەورۆز لەگەلی کورد دەستێننەوە و دەیدەن بەگەلانی نەیار و دژ بەکورد، بەشێوەیەك هەست و سۆزی کورد دەجولێنن، گوایە نەورۆز جێژنی مەجوسانە، دژی دینە و یادکردنەوەی ئاگرپەستیە و پێویست ناکا کورد ئەو یادە بکاتەوە.

جێژنی نەورۆز جێژنێکی کۆنی کوردە و دەگەرێتەوە بۆ زیاتر لە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر، سەرەڕای ڕاستەقینەیی لە هەندێك بابەتدا تێکەڵ بە ئەفسانەیی کۆن بووە، لێرە دەرفەتی زۆرمان نیە، بۆیە خۆمان لەساغکردنەوەی ڕیشەی نەورۆز دەبوێرین، ئێستا قسە لەسەر ئەوە دەکەین، هەندێك لە وتاربێژ و بانگخوازەکان لەڕووی تێنەگەیشتن و بەدحاڵی بوونەوە، ئاستیاگ دوا پاشای مادەکان و زوحاك پاشای ماربەشانی ئەفسانەی نەورۆز بەیەك دەچوێنن، ئەوانەی بەسەرهاتی ئەفسانەیی کاوە و زوحاك نزیك دەکەنەوە بۆ کۆتایی دەسەڵاتی مادەکان، دەنگۆی ئەوە بڵاودەکەنەوە گوایە ئاستیاگ دوا پاشای مادەکان، زوحاك یان (ئەژدەهاك)ی ماربەشان بووە، هەروەها وا باسی (زوحاك و فەرەیدون و کاوە) دەکەن، کە فیردەوسی وەك ناسیونالیستێکی فارسی لە شانامەدا شانازی بەسەرکەوتنی کۆرش بەسەر دوا پادشای ماد ئاستیاگ ی کورد دا دەکەن، دەڵێن لە ڕووداوی کاوە و زوحاك، دەبێ کورد پرسە بگێڕێت، نەك جێژن بکات، چونکە لەو ڕۆژەدا ئاستیاگ دوا پادشای ماد، لەلایەن کۆڕشی فارسیەوە کودەتای بەسەردا کراوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی کورد هێنراوە، بۆ چیرۆکی (کاوە و زوحاك)یش دەڵێن: ئاستیاگ دوا پادشای ماد دەبێتە ئەژدەهاك و بەردەبێتە گیانی خەڵك، بۆیە کاوەی ئەفسانەیی دەکەنە کۆڕشی فارسی مێژوویی و ئاستیاگ ی دوا پادشای ماد دەکوژێت، ئیتر زوحاك= ئەژدەهاك بە ئاستیاگ چوێنن و کاوە بە کۆڕش پێناسە دەکەن، بەم بیانووە چیرۆکی ئەفسانەیی سەرکەوتنی کاوە بەسەر زوحاکدا، دەکەنە ڕووداوی مێژوویی سەرکەوتنی کۆڕش بەسەر ئاستیاگ دا، ئینجا لێرەوە بۆ گەمارۆدانی جێژنی نەورۆز، لە چوارچێوەی چیرۆکی (کاوە و زوحاك)دا، ژەهری مەبەستەکەیان دەڕێژن، کە بریتیە لەوەی نەورۆز یادی سەرکەوتنی کۆرش بەسەر ئاستیاگ پادشای ماد، سەرکەوتنی هەخامەنشیەکانە بەسەر ماددا، واتە سەرکەوتنی فارس بەسەر کورد دا، لێرەوە دەگەنە مەبەستە سەرەکیەکەیان و هەستی نەتەوەیی کورد دەجوولێنن، کە نەورۆز جێژنی فارسە و بۆ کورد لاسایی کردنەوەی فارسە، دەبوایە بۆ کورد پرسە بوایە نەك جێژن، چونکە باسی شکستی کورد و ڕووخانی ئاستیاگ دوا پادشای ماد و دەوڵەتی مادە، ئەمەش چەواشەکاری و هەڵگێڕانەوەی ڕاستیەکانە.

ئەم بنەما هەڵەیەی هەندێ نووسەر بەتایبەت بانگخوازە ئیسلامیەکان، کە بەلای ئەوانەوە جێژنی ئاگرپەرست و کافرەکانە، دەیکەنە بناغەی وتەکانیان بۆ پێناسەکردنی ئاژدەهاك بە ئاستیاگ، ئەمە یەکێکە لەو بیروڕا هەڵە و بێ بناغانەی زۆر لەڕاستیەوە دوورە، بەداخەوە ئەم قسە بێ بناغەیە بەسەر ڕۆشنبیری کوردیشدا زاڵ بووە، بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەك، جگەلە لێکچونێکی ڕواڵەتی ناوی ئاژدەهاك و ئاستیاگ، زۆر جاریش بۆ زیاتر لەیەکتر نزیك کردنەوەی ناوی ئاستیاگ دەکەن بە (ئاستیاك). ئەمەش تەنیا ڕواڵەتێکی فریودەرە و خۆشیان باش دەزانن، بۆچوونێکی بێ بناغەیە، بەڵام لە شێوەی گوتنی فێڵ دەکەن و بۆ لێك نزیك کردنەوە و لێکچواندنی ناوەکان ئاژدەهاك بەشێوەی ئاژدیهاك بەکاردێنن، هەروەها ئاستیاگ بەشێوەی ئاستیاك بەکاردێنن، بۆ ئەوەی ناوەکە لەیەکدی بچێت.

ئەگەرچی لەوانەیە هەندێکیان تەنیا قوربانی ئەو بۆچوونە بن، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ڕاڤە و شیکردنەوە و بەدواداچوونی وردی بۆ بکەن، قسەی بێ بەڵگە و بێ بنەما دروست دەکەن، بۆ زیاتر چەسپاندنی بۆچوونە هەڵەکەیان، لەبەرنامەیەکدا کەسایەتیەکی بەرزی ئیسلامی دەیوت: کورد نابێ یادی جێژنی نەورۆز بکاتەوە، لەبەر ئەوەی جێژنی مەجوسەکانە و بۆ کوردی موسڵمان دروست نیە، یادی ئەو جێژنە بکاتەوە.

لە نووسینی ئەم بابەتەدا دەمانەوێ بەبەڵگەی مێژوویی ئەم هەڵەیە ڕاست بکەینەوە، بەهیوای ئەوەی هەموو ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان بەهەڵە وەرگرتووە، یاخود بەئەنقەست و بۆ شێواندنی بابەتەکە ئەمە دەوروژێنن، واز لەم بیرکردنەوە هەڵانەیان بێنن، ئەگەرچی لەڕووی زمانەوانیشەوە ئەم دوو ناوە لەیەکتر جیاوازن، بەڵام ئێمە لێرە خۆمان لەلایەنی زمانەوانی دەبوێرین و تەنیا گرنگی بەلایەنی مێژوویی دەدەین، دەمانەوێ لەڕووی مێژووییەوە ساغی بکەینەوە، ئاستیاگ دوا پاشای ماد، زوحاك یان ئاژدەهاك ی دێوەزمەی نەورۆز نیە، بەڵکو ئاستیاگ دوا پادشای مادەکان، کەسایەتیەکی هێمن و ئاشتیخواز و لایەنگیری هەژاران بووە، بۆ ئەوەی ئەمە ڕوون بکەینەوە، دروست بوونی دەوڵەتی ماد و ڕۆژگاری فەرمانڕەواییان دەبێ بزانین تا شکستی ئاستیاگ و لەناوچوونی ئیمپراتۆری ماد، لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە و قسەی ئەو نووسەر و مێژوونووسانە وەربگرین، شارەزای مێژووی مادەکانن و لەنزیکترین سەردەمی ئەواندا ژیاون و ڕووداوەکانیان بەدروستی تۆمار کردووە.

بەسەرهاتی ڕۆژگاری ماد لە ژێر دەسەڵاتداریتی ئیمپڕاتۆریێتی هەخامەنشیەکاندا لە نووسراوە سێ زمانیەکانی (پارسی کۆن، عێلامی، بابلی) هەندێ پاشایان و هەروەها نووسراوەی گەورەی داریوشی یەکەم، لە ڕووکاری بێستون ئاوێنەی یەکترن...، ئەم بەڵگە و سەرچاوانە لەبەرئەوەی لەسەردەمی ڕووداوەکانی ماددا نووسراون نرخدارن، بەڵام سەرچاوەکانی دەستەی دووەم زۆربەیان بە زمان گێڕدراونەتەوە و بەدەمی بڵاوبوونەتەوە لەبەر ئەمە ئەوانە جێگای باوەڕنین و نرخیان کەم ترە، بایەخی ئەمانە لەلایەك بەستراوە بەواقیعی باسەکەوە و لەلایەکی تریش بەویژدان و ئەمانەت پەروەری ئەو کەسەی باسەکە دەگێڕێتەوە، ئەمانە دەکرێن بەچەن بەشێکەوە، نووسەرە کۆنەکانی یۆنان دەکەونە ڕیزی یەکەم لە چوارچێوەی کۆمەڵی دواییدا.

یۆنانیەکان لەسەردەمی شەڕی یۆنان و ئێرانیەکاندا لەسەدەی پێنجەمی پێش زاییندا ئاشنایەتیەکی باشیان لەگەڵ مێژووی ڕۆژهەڵات پەیداکرد، لەو شەڕانەدا لەشکری مادەکانیش بەشدار بوون، یۆنانیەکان بیریان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی گەورەی هاوڕێی خۆیان دەکردەوە، بێ پەروا پەنایان دەبردە بەر ڕۆژگاری کۆن و سەردەمی هەخامەنشیەکان بەسەر چۆنێتی مێژووی ماد و ئاشووریەکان دا تێدەپەڕین.

هێشتا نەوەی زۆر لە نێوان بنەماڵە بەرزەکانی ماد دا هەبوو، بەشداری ژیانی سیاسی وڵات بوون و زۆربەیان لە ئیمپڕاتۆریەتی هەخامەنشییەکاندا جێگا و مەقامی بەرزیان بەدەستەوە بوو، هەروەها گەلێك لەمانە لەگەڵ یۆنانییەکاندا پەیوەندیان هەبوو، لەبەر ئەوە دەبێ بڵێین لەو کاتەدا بەڵگە و سەرچاوەی ڕەسمی دەوڵەتی ماد لەلایەن دەرباری هەندێ پادشاهانەوە ئاگاداری دەکرا، لەم ڕێگایەوە لەگەڵ یۆنانیەکانیش پەیوەندییان هەبوو.

داخەکەم یۆنانییەکان دەستیان بەسەرچاوەکانی دەرباری سەڵتەنەتی هەخامەنشیەکان نەدەگەیشت و دیسانەوە لە کاتێکدا ئەسکەندەر لەسێیەکی دوای سەدەی چوارەمی پێش زایین، ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشییەکانی تێکدا و داگیری کرد هەموو ئەو نووسراوانەی دەرباری شاهی لەناوچوون.

لەبارەی سەڵتەنەت و کیشوەری مادەوە چەند زانیارییەکی تاکە تاکە لە نووسینەکانی نووسەرە یۆنانییەکانی سەدەی پێنجەمی پێش زایین هەن. وەکو هکاتی میلتی و هارون لامپساکی و دیونیس میلتی، کە لەبارەی داریۆشی یەکەم نووسیویانە، هەروەها کسانت لیدیائی نووسەری (مێژووی لیدیا) لەناوەڕاستی سەدەی پێنجەم ژیاون، ئەمانە دەربارەی مادەکان شتیان وتووە، هلانیك نووسەر و مێژوونووس دروست بوونی ماد دەبەستێ بەنووسراوی قارەمانانی ئەفسانەکانی یۆنانەوە، بەڵام لەبارەی ڕێکخستنی تەواوی مێژووی مادەوە یەکەمجار مێژوونووسی گەورەی یۆنان و دامەزرێنەری زانیاری مێژوو (هیرۆدۆت هالیکارناسی) لە نیوەی دووەمی سەدەمی پێش زاییندا هەوڵ و کۆششێکی زۆری داوە. لە ساڵی ٤٤٧ی پێش زایین چووە بۆ ئاتن و دواتر سەری لە سەرزەمینی ماد و پارس داوە و چەند نووسینێکی لەبارەی مێژووی نەریت و ڕەوشت و هەستان و دانیشتنی ئەو کیشوەرانە نووسیوە و بۆ ئەوەی مێژووەکەی تەواو بکات زۆر تێکۆشاوە.

هەرچەندە سوودی لە نووسینی نووسەرەکانی پێش خۆی وەك: هکاتە و هلانیك و دیونیسدا وەرگرتووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پشتی بە لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن و وتەی سەرزاری خەڵك بەستووە، بۆ نموونە لەبارەی مێژووی مادەوە سوودی لە قسەی خانەدانەکان وەرگرتووە، بەتایبەتی (زوپیر). ڕەنگە سوودی لەوتەی یەکێ لە نەوەی هارپاك وەرگرتبێ، ناوبراو یەکێ لە گەورە پیاوانی ماد بووە و سەد ساڵ پێشتر نەخشێکی شوومی لەتێکدان و لەناوچوونی سەڵتەنەتی مادەکان یاری کردووە، بەم جۆرە شارەزاکان توانیویانە زانیاری شێوە ڕاست، بەتایبەتی لەبارەی داستان و بەسەرهاتەکانی بنەماڵەی خۆیانەوە بەهیرۆدۆت بدەن.

لەبارەی نووسینەوەی ڕووداوەکانەوە هیرۆدۆت (باوکی مێژوو) زۆر بەئەمانەتەوە باسەکانی نووسیوە، لە هەندێك جێگادا لەبارەی بەسەرهاتێکەوە چەند جۆرێك بەڵگەی دەستکەوتووە، بەراوردی کردوون، ئەوەی لەهەموویان زیاتر ڕاست دەرچووە (بەپێی بیری خۆی و ڕۆشنایی سەرچاوەکان) ئەوەی هەڵبژاردووە و نووسیوێتی، نووسینەکانی ئەو تازەترین بەڵگەی کۆنە شوناسی ڕۆژهەڵات شوناسیە، لەبابەتی ورد و بچوکیش کۆڵابێتەوە، یەکێك لەو بەڵگانەی ڕاست و دروستی وتەکانی هیرۆدۆت دەسەلمێنێ، نووسراوەکانی داریۆشی یەکەم پادشای هەخامەنشییە لە بێستوون، دەرکەوتووە ئەوەی هیرۆدۆت نزیکەی سەد ساڵ دوای ڕووداوی مێژووی کوشتنی گئوماتای مغ نوسیویەتی و ناوی ئەو شەش کەسەی دەستیان لە کوشتنەکەیدا بووە، باسی کردوون، بەڕاست دەرچووە، تەنیا ئەوە نەبێ لەناوی یەکێکیاندا تووشی گومان بووە و ناوی یەکێك لە نزیکەکانی داریۆشی هێناوە، ئەو یەکەش دەستی لەو کار و کوشتنەدا نەبووە.

کتسیاس کیندی نووسەرێکی تری یۆنانیە و لەپاش هیرۆدۆت هاتووە و دەبێ ناوی بهێنین، کتێبێکی مێژوویی بەناوی (پریسکا)داناوە، کتسیاس پزیشکێکی دەرکەوتوو لە خزمانی (بقراط) بونیادنەری زانستی پزیشکی بووە، لە دەوروبەری ساڵی ٤١٤ پێش زایین ئێرانیەکان بەدیل گرتویانە، بردوویانە بۆ دەرباری داریوشی دووەمی پادشای ئێران، ماوەیەك لە دەرگای داریۆشی دووەم و ئاردەشێری دووەم بووە، بۆ گفتوگۆ لەگەڵ یۆنانیەکان سوودی لێ وەرگرتووە، ئەگەرچی قسەکانی کتسیاس لەڕاستیەوە دوورن و ڕواڵەتێکی ڕێك و پێکیان نیە، بەڵام لەبارەی دوا شەڕی نێوان ئاستیاگ و کۆرش قسەکانی کتسیاس تاڕادەیەك لە ڕاستیەوە نزیکن، هەندێ لە نووسینەکانی ئەو لەگەڵ سەرچاوە بابلیەکاندا یەکن.

نووسەرێکی تری یۆنانی لەبارەی دەوڵەتی مادەوە شتی نووسیوە (کزنفون= گەزنەفۆن)ە، کە بەتەواوی لەنووسەرەکانی تر ڕاستگۆترە، زانایەکی ئایدیالی و پیاوێکی سیاسی خاوەن ڕێز و قوتابی سوقرات و هاوڕێی ئەفلاتون بووە، لەهەمان کاتدا یەکێك لە مامۆستایانی وێژە و گفتوگۆی یۆنان، گرنگتر لەهەموو نووسینە مێژوویی و نیوە مێژووییەکانی یۆنانە (هانیکا Hellenika) کە دوا بە دوای کتێبەکەی (فوکیدید) مێژوونووسی گەورە باس دەکرێ، کزنفون بەشداری لەشکرکێشیەی کۆڕشی بچووك، لە ساڵی ٤٠١ پێش زایینی دەکا، کە کردیەسەر ئاردەشێری دووەم.

کزنفون دەیزانی (هیرۆدۆت) یەکەم: لەسەردەمی سەڵتەنەتی ماددا گەلێك وڵات و هۆزی سەربەخۆی بینیوە، لەدواییدا کەوتنە ژێر دەسەڵاتی (پارس)ە ئێرانییەکانەوە، دووەم: لەوڵاتی ماددا چەند شانشینێك بووە سەر بە دوەڵەتی ماد بوون، ئەو شانشینە سەربەخۆیانە لە کۆڕشنامەدا باسکراون، زۆربەیان ئەو ساتراپ نشینە ئێرانیانە بوون، کزنفون خۆی هەندێکیانی ناسیووە و هەندێکیشیانی لەچەند سەرچاوەیەکی سادە و سەرپێییەوە وەرگرتووە، وەکو شانشینەکانی کاپادۆکیە و ئەرمەنستان و هیرکانیە و شوش ...هتد.

نووسەرە یۆنانیەکانی ئەم دواییە تەنیا نووسینەکانی هیرۆدۆت و کتسیاس و هەندێك لە نووسینەکانی کزنفون و بەشێکی زۆر کەمی (بروس)یان باس کردۆتەوە، بەڵام ئەو نووسینانەی ئەوان لەبارەی مێژووی سەڵتەنەتەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆنەوە نووسیویانە بەشێکی کەمی لە داستانێکی مێژوویی تردا هەیە، ناتوانین بیکەین بەنووسینی هیچ نووسەرێك کەلەمەو پێش باسمان کردوون.

دوا سەرچاوەیەك کەباسی مادی کردووە و شایانی ئەوە بێ باسی لێوە بکرێ، (مێژووی موسی خورنی) – موسس خورناتسی- نووسەری بەناوبانگی ئەرمەنیە، لەسەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا دایناوە بەزمانی ئەرمەنی بووە.

موسی خورنی بۆ نووسینی مێژووەکەی خۆی لەچەند سەرچاوەی هەمەجۆر و فراوان وەکو تەورات و نووسینی نووسەرە یۆنانیەکان و سریانییەکان و ئەرمەنیەکان سوودی وەرگرتووە، لەسەردەمی موسی خورنیدا، بەپێی مێژووە بەناوبانگەکەی، لەسەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی شەشەمی زایینیدا ژیاوە،

ماوەیەکی زۆر لە سەردەمی مادەکان دوور کەوتۆتەوە، لەو کاتەدا لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتن لەناو نووسەرە یۆنانییەکاندا نەبووە.

موسی خورنی نەیدەتوانی سود لەسەرچاوە پێشووەکان، وەکو نووسینەکانی هرۆدۆت و کتسیاس و کزنفون وەربگرێ، بەڵام سوودی لەو نووسینانەی دوایی وەرگرتووە، ئەو سەرچاوانەیان باس کردووە و باسەکانیان لەوانەوە وەرگرتووە، هەندێك نووسینەکانیشی لەبارەی سەردەمی کۆنەوە دەدوێن زۆر تێکەڵ و پێکەڵن، ئەم ئاڵۆزیە هۆیەکی تایبەت تری هەیە، چونکە موسی خورنی بە تایبەتی پشتی بەکتێبی کابرایەکی سووریەیی بەستووە و باسی لێوە کردووە، ناوی (مارئاباس کارتینا) بووە، لەوە دەچێ تەنیا ئەو لەبارەی ڕۆژگارێکی نزیکەوە زانیاری لێ وەرگرتبێ (مارئاباس کارتینا) یا (ئەو کەسە، ئەم ناوەی بۆ خۆی داناوە) خۆی بەهاوچەرخی یەکەمین پادشای ئەشکانی لەسەدەی دووەمی پێش زایین لەقەڵەم دەدا، لەگەڵ ئەوەدا نووسینەکانی کۆمەڵە نووسینێکی نووسەرە کۆنەکانە بەشێوەیەکی نارێك و پێك، کەبەسەریەکدا نووسراون و مێژووی ئەو نووسینانە ئەگەر لەسەدەی سێیەمی زایینیدا بەدواوە نەبێ پێشتر نییە.

موسی خورنی زۆرتر ئەو باسانەی نووسیوە، مێژوونووسەکانی پێشووتر لەبارەی مێژووی ئەرمەنستانەوە نووسیویانە، لەبەرئەمە باسی (تیگرانی یەکەم) کۆنترین شای ئەرمەنستان و ... کردووە، زۆر بەوردی داویەتە بەر سەرنج و لەباسەکاندا بایەخی پێداوە، هەروەها ناوی (ئاستیاگ)ی بە (ئاژدەهاك) بردووە، لێرەدا لە نووسینەکانی موسی خورنیدا دەردەکەوێ مێژوونووسی ئەرمەنی ناوبراو ویستویەتی ئەو باسانەی لەسەرچاوە یۆنانییەکانەوە وەریگرتوون، لەگەڵ باس و بەسەرهاتە مێژووییەکانی ڕۆژهەڵاتدا پەیوەست بکات، ئاردەهاك azi(s)Dahaka– (ماژدهاك)ی ئاوێستا زۆردارێکی ئەفسانەیی و مارێکی شێوە ئادەمیزاد لە خەڵکی باوری ( Bawri= بابل) بەدەستی (ثراتیلو= TraiTeuna) (فەرەیدون( کوژراوە، کە لە دواییدا وڵاتی ئاژی- دەهاك لە دوای سەردەمی پارتەکان بە بابل یان دادەنا، لەگەڵ ئەوەدا ناوەکان بەهیچ جۆرێك لە (ئاستیاگ) ناچن، ئەم ئاڵۆزیە دیسان لەکۆنەوە تووشی ناوی (ئاستیاگ) بووە، هەر چۆن بێ ئەم قسە بێ بناغەیە لەسەدەی نۆزدەهەمدا سەری لە گەلێك لە نووسەرانی ئەوروپای ڕۆژئاوا شێواندووە و تووشی هەڵەی کردوون، ئاشکرایە موسی خورنی کەمتر لە شارەزایان و نووسەرانی ئەوروپای سەردەمی تازە سەرچاوەی یۆنانی دەستکەوتووە و خۆی بەلێکۆڵینەوەیانەوە خەریك کردووە، وەکو ئەو نامانەی یۆنانییەکان دەستیان کەوتووە، لەبارەی ناوی مادەکان و (ئاوێستایی) لەسەردەمی ئەودا کۆن بوون دەستگیری نەبووە، توانای نەبووە یانەیویستووە ئەو نووسراو و سەرچاوانەی دەست بکەوێت، بەڵکو شێوەی نامەکانی چۆن بیستووە بەو جۆرە داویەتە بەر سەرنج و باسی کردووە.

موسی خورنی نەك هەر سوودی لەبەرسەرهاتە مێژووییەکان وەرگرتووە، بەڵکو سوودیشی لە داستانە ئەرمەنییەکانیش وەرگرتووە، لەداستانەکەی (تیگران) قارەمان- مێژوونووسان بەو تیگرانەی دەزانن، کزنفون باسی کردووە، بەهاوکاری لەگەڵ فەرەیدون لە دژی ئەژدەهایەك کە (ئاژدەهاك)ی ناوبووە ڕاپەڕیون، باسی کراوە، دیسانەوە (ئاژدەهاك) و (ئاستیاگ) لەنووسینەکانی کزنفوندا هاوچەرخی تیگران بوون، موسی خورنی زیاتر بەهەڵەدا بردووە.

نووسینە ئەرمەنیەکان و بەتایبەت کتێبەکەی موسی خورنی لەچەند بوارێکی جۆربەجۆردا باسیان کردوون، بەڵام جیاکردنەوە و لێکۆڵینەوەی سەرچاوە ئەرمەنیەکان زۆر گرانە، ڕەنگە موسی خورنی لەهەندێ سەرچاوەی تایبەتی ڕۆژهەڵاتەوە سوودی وەرگرتبێ، لەگەڵ ئەوەدا جێگای باوەڕ نییە، لەسەدەی پێنجەمی زایینیدا بەسەرهاتێکی مێژوویی سەربەخۆ بۆئەوە بشێ پشتی پێ ببەسترێ، لەبارەی سەڵتەنەتی مادەوە بووبێت، دەتوانین بڵێین لە ڕۆژگاری ساسانیەکاندا (لەسەدەی سێیەم تا حەوتەمی زایینی) تەنانەت بیرەوەری هەخامەنشییەکانیش بەرگوێ نەدەوکەوت، لەجیاتی قارەمانانی ئاوێستا وەکو (کوی کوات) (کەیقەباد) و (کوی خسرەو) (کەیخوسرەو) و (کوی ویشتاسب) (گشتاسب) و پادشایانی تری کۆنی ناوچەکە بەمجۆرە باس دەکران، سەردەمی سەڵتەنەتی هەخامەنشیەکان لەداستانە مێژووییەکانی ڕۆژهەڵات، لەسەدەکانی ناوەڕستدا بە تەواوی فەرامۆش کرابوو، تەنانەت لە بارەی دەوڵەتی پارتەوە هیچ جۆرە زانیاری و شارەزاییەکی ڕوون و ڕاست نەبوو.

**دامەزراندنی دەوڵەتی ماد**

لەبارەی ئەو سەرچاوانەی باسی مێژووی ماد دەکەن، بەداخەوە گەلێك لەو سەرچاوانە گومان لەنووسین و باسەکاندا پەیدا دەبێت، کە باسی سەرچاوەیەك یا نووسەرەکەی دەکەین، پێویستە بەوردی سەرنجی نووسینەکە و باری ڕۆژگاری نووسینەکە و نووسەرەکە بەوردی بدەین، لەڕواڵەتی مێژوویی و ئەدەبی و سیاسی نووسینەکە و نووسەرەکە بەوردی بکۆڵینەوە، دەبێ ئەوە بزانین هەر باسێك لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەرگیراوە، چیە و چ نرخێکی هەیە، ئەگەر بەمجۆرە نەبێ ئەوا ناتوانین بەرێك و پێکی و ڕەوانی بگەینە ئەنجام و بیروڕای خۆمان بچەسپێنین.

پێویستە سەرەتا ئەوە بزانین سەڵتەنەتی ئاستیاك، دوا پادشای مادەکان لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، لەو ڕوانگەیەوە یەکێتی تیرەکانی ماد، سەرچاوە و هۆی سەرەکی پێکهێنانی دەسەڵاتی ماد بوون، لەم بابەتەشەوە قسە زۆر کراوە، هەر کەسە بۆچوونێکی دەربڕیوە، بەناوبانگ ترینیان ڕوانگەی هیرۆدۆت مێژوونووسی نێوداری یۆنانی کۆنە، ناوبراو کەسێك بەنێوی (دیۆك یا دیاکۆ= دیۆکس یا دیائۆکۆ) بەمایەی سەرەکی یەکگرتوویی تیرەکانی ماد و یەکەم پێکهێنەری دەسەڵاتی ماد ناساندووە، ئاشکراشە دیائۆکۆ لەپێشدا سەرکردەی یەکێك لە هۆزەکانی ماد بووە و بە قەولی کوتوان لەسەردەمی هێرشی سارگۆنی دووەمی پادشای ئاشوور بۆ سەرماننا و ماد، بەدیل گیراوە و بۆ سوریە دوورخراوەتەوە.

ئەو داستانەی "هیرۆدۆت" بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی "دیائۆکۆ" دەیگێڕێتەوە، لەنێو هۆزی خۆیدا جێگای ڕێز بووە و لە ژیری و ڕێزلێنانیدا بەناوبانگ بووە و زۆربەی خەڵکی هۆزەکەی خۆی و بگرە خەڵکی لاوەکیش بۆ کردنەوەی گرێی گرفتەکانیان دەچوونە لای و هێدی هێدی قەدر و ڕێزی لەنێو هۆزەکەی خۆی و خەڵکدا ئەوەندە بەرز بۆوە، وایان بیردەکردەوە بەبێ ئەو هیچ گیروگرفتێك چارەسەر نابێ، بۆیە کاتێك هاتنەسەر هەڵبژاردنی کەسێك بۆ ڕێبەری قەوم، هەموو یەك دەنگ دیائۆکۆیان هەڵبژارد.

هیرۆدۆت دەنووسێ: یەکەم کاری دیائۆکۆ، ئەوە بوو کۆشکێکی بەخەڵك سازکرد و چەند پارێزەرێکیشی بۆ گرت، دوایش فەرمانیدا لە دەوری کۆشکەکەی شارێکی گەورە دروست بکەن، تا ببێتە ناوەندی دەسەڵات، گەلی ماد لە هەموو شوێنێك بۆ کاروبار و گیروگرفتەکانیان بێنە ئەو شارە، کۆشك و شار بەدڵی دیائۆکۆ لە شوێنی ئەمڕۆی (هەمەدان) دروست کرا و نێویان نا (هەنگماتانە، هەنگماتان یا

ئەکباتان) بە مانای شوێنی کۆبوونەوە، لە هەمان کاتدا، ئەو بێ غەرەزی و عەدالەتی کە لەپێشدا دەیکرد درێژەی پێدەدا، ئەو لە ماوەی ٥٣ ساڵ پاشایەتی خۆیدا قەومەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی یەکگرتوو کرد و هەموو کۆششی خۆی بۆ ئەوە وەگەڕخست، بناغەی دەسەڵاتێکی بەهێز دابمەزرێنێ، بناغەی ئەو دەسەڵاتەی بە ناوی "ماد" دەناسرا بەهێز تر بکا. دیارە دوای ئەو کوڕەکەی "فرەئۆرتیش یا خشتریتە" کەوتە بیری داگیرکردنی خاکی خەڵکی تر و فراوان کردنی وڵاتی ژێر دەسەڵاتی خۆی.

پێویستە فرائۆرتیش کوڕی دیائۆکۆ لەدوای باوکی بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئیمپراتۆری ماد بزانین، بە وتەی هیرۆدۆت ئەویان بەکوڕی دیائۆکۆ زانیوە. فراوەرتیش کوڕ یا نەوەی دیائۆکۆ بەزیادکردنی خاکی ئەو ئەمیرنشینە بچووکانەی لە دەوروبەری خاکی خۆی بوون، چەند هەنگاو لە پێکهێنانی دەوڵەتی ماد نزیك تر بووەوە. بەهەرحاڵ فرائۆرتیش یا خشتریتە دوای ٢٢ ساڵ فەرمانڕەوایی بەسەر خەڵکی مادا کوڕەکەی کیاکسار شوێنی گرتەوە، بەوتەی هیرۆدۆت ناوبراو لەشەڕێکدا لەگەڵ ئاشوورییەکان لە ساڵی ٦٥٢ یا ٦٥٣ بەرلە زایین کوژرا.

**ڕووخانی دەوڵەتی ئاشووری**

یەکخستنی هۆزەکانی ماد لەئەنجامدا بوو بە هۆی دامەزراندنی یەکێك لە ناوەکانی گەورەی دەسەڵاتی ناوەندی، لە دنیای ئەو سەردەم و پێکهێنانی ئیمپراتۆری ماد و یەکەم دەسەڵاتی ڕاستەقینە و سەربەخۆ. لەو کاتە کە ئاشوورییەکان زلهێزی ئەو سەردەمە بوون، هەرچی دەسەڵاتی ئاشووری بەسەر مادا زیاتر دەبوو، زەمینەی خۆڕاگری و بەرگری و بیری خۆڕزگارکردن، لە ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکان لەنێو خەڵکدا زیاتر دەبوو.

هەموو ئەو شوێنانەی ئاشوور لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی گرتبوو، لە دەستی دەرهێنرایەوە، بەڵام سەرهەڵدانی ناکۆکی و ناتەبایی لەنێو ئەو هێزە یەکگرتووانەی مادا بەهۆی ئاشوورییەکانەوە پێکهاتبوو، گەیشتە جێگایەك پاشای ئاشوور پەیوەندی لەگەڵ سکاییەکان بەست و کچەکەی دابە پادشای سکاییەکان، تا ئەو لەو یەکگرتنە لەگەڵ مادەکان پەشیمان بکاتەوە، کۆتایی بەم سەرکەوتنانە هێناو بۆ ماوەیەك خەیاڵی ئاشوورییەکانی دڵنیا کرد.

پاشای ئەسکیتەکان بۆ پشتیوانی ئاشوورییەکان دژی مادەکان وەستا، هەر چۆن بێ لە ساڵی ٦٢٥ پێش زایینیدا پادشای ماد لە ژێر ڕکێفی ئەسکیتەکان ڕزگاری بووە، جارێکی تر وەکو دەوڵەتێکی خاوەن هێز و سیاسی گرنگ هاتەوە ڕوو.

هیرۆدۆت دەڵێ: لەسەرەتای حکومەتی کیاکساردا پادشای ماد گەلێك هۆز و لەوانە پارسەکان لەژێر دەسەڵاتی دابوون، بەڵام لەدەیەی سێیەمی سەدەی حەوتەمی پێش زایین پارس (پرسید) وەکو پادشانشینە بچووکەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیلام و ئەودیو ئیلامەوە، هێشتا بەسەربەخۆیی دەژیا.

سەرکەوتنەکانی دەرەوە، لەدوای دەرکردنی ئەسکیتەکان لەسەردەمی حکومەتی کیاکساردا، لە دوای ساڵی ٦١٦ پێش زایین دەستی پێ کرد، هیرۆدۆت لەبارەی کیاکسارەوە دەڵێ: دەڵێن ئەو .... یەکەم کەسێك بووە هۆزەکانی نیشتەجێی ئاسیای کرد بەچەند بەشێکەوە و ڕێکیخست.

ڕەنگە چەند دەستەیەکی شەرکەری تری هۆزەکانی تری، وەکو ماننایيەکان و ئەوانی تر، ئەوانیش لە ساڵی ٦١٢ پێش زایین لەناو لەشکری سەرکەوتووی مادا بووبن، بەم هۆیەوە سەرکەوتنی ماد بەسەر سەرکەوتنی تەواو هۆزەکانی ئاسیای نزیك دابنێین، ئیتر کیاکسار بیری لەوە کردەوە باسکی بەهێزی دەوڵەتەکەی بەکاربێنێ لە دژی زۆر و ستەمی ئاشوورییەکان.

(بروس) مێژوونووسی بابلی دەنووسێ: نەبوپلاسار پێش شەڕ لەو هاوپەیمانیە دەگەڕا، لەسەر بنەمای دۆسایەتی لەگەڵ هوخشترە هەیبوو، لە وتوێژێکدا بوونەوە هاوپەیمان و کچی هوخشترە بەناوی (ئەمێێ ئیدا)یان داوە بە (نەبو کدنەسر= نەبوخودنەسر)ی کوڕی نەبوپلاسار، بۆ یەکگرتن دژی ئاشوور ڕووی لێنا و دوایەش مادەکان لە زاگرۆس تێپەڕین و لە داوێنی ڕۆژئاوای زاگرۆس لە دیجلە پەڕینەوە، دیواری دەوری ئاشوورییان تێك ڕووخاند و شاری پیرۆزی (ئاشوور) یان گرت، کە هەموو دەستکەوتی ئاشووری تێدابوو، ئەوەی لە تاڵان و بڕۆی چەند سەدەی پێشتر لە وڵاتانی دراوسێ کۆیان کردبووەوە هەمووی لەوێ دابوو.

ڕووخانی نەینەوا لەلایەن مادەکانەوە، لە مانگی ئوت ی ساڵی ٦١٢ پێش زایین بووە، گرتنی ئەو شارە، کەچەندین سەدە ناوەندی دەسەڵاتداریەتی هەموو ئاسیای ڕۆژئاوا و پایتەختی زاڵمانەترین حکومەتەکانی دنیا بوو، وای بەحاڵی شارێك، کە پڕ لە تەڵەکە و تاڵان و تایبەتمەندیی لێ دوورناکەوێتەوە، شەقەی شەللاق و گرەی تایەی عەرەبانان و تەپەتەپی سمی ئەو ئەسپانەی تاودەدرێن، گوێی فەلەك کەڕ دەکەن، بریقەی شمشیران دەدرەوشێن و نووکە ڕمان تروسکەیان دێ، کوژراو یەکجار زۆرن و تەپۆلکەی تەرمان بەرچاو دەکەوێ، بەواتایەکی تر لە جەنازەی کوژراوان تەپۆلکە سازبووە، هات و هاواری برانەوەی ئاو وەسەر ئاخ گەڕاوە و کەنیزەکان بەدیل گیراون، هەر کەس لە توانای دابووە، چەك هەڵگرێ کوژراوە و ئەوانی دیکەش کران بە کۆیلە...، داگیرکەرانی ئاشوور نینەوایان وێران کرد، کەلەسەر گۆی زەوی نەما و هەموو سەروەت و سامانی ئەو شارەیان بۆ ئەکباتان (هەمەدان) نارد و بەم شێوەیە نینەوا بۆ هەمیشە لەناو چوو. شای ئاشوور، کە فەرمانڕەوای دنیایەك بوو، کۆشکی ئیمپراتۆری ئاورتێبەردا و خۆی و بنەماڵەکەی لەنێو گڕی ئاگردا سوتان. بەڵام تا ساڵی ٦٠٩ی پێش زایین بە پچڕپچڕی شەر بەردەوام بوو.

بیستی ئەیلول (سەرەتای سپتامبەر)ی ٦١٢ی پێش زایین کیاکسار گەڕایەوە بۆ ماد، نابوپلاسار لە کەلاوە وێرانەکانی نەینەوادا مایەوە و لەشکرەکەی هەروەکو جاران پەلاماری ئاواییەکانی ناوچە دانیشتووەکانی ئاشووریان دەدا و تاڵانیان دەکردن. لەکاتێکدا لەشکری بابلیەکان بەدوا پاشماوەکانی ئاشووردا لە حەڕان لەشەڕ دابوون، لەهەمان کاتدا مادەکان بەسەختی لە ئورارتویان دا و گەیشتنە (نوشیا) و پایتەختی کیشوەرەکانیان لەکەناری دەریاچەی وان بوو، دەوڵەتی ئورارتویان داگیرکرد، پادشای ماد نەك تەنیا ئیمپراتۆریەتی ئاشووری لەناوبرد، بەڵکو پادشاییەکانیماننا و ئەسکیت و ئورارتوشی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ئەمە خۆی سەرکەوتنێکی گەورەبوو.

بەقسەی هیرۆدۆت لە دوای ڕزگار بوونی ماد لەژێر دەسەڵاتی ئەسکیتەکان لە ساڵی ٦٢٥ پێش زایین، ئەسڵی ئەسکیتەکان بەڕای زۆربە لە قەفقازەوە هاتبن، بۆ کەنارەکانی دەریای ڕەش، ژمارەیەکی زۆر لە ئەسکیتە بیابان نشینەکان لەئەنجامی شەڕی ناوخۆیی، چوونە خاکی مادەوە، بەڵام بەشێك لەوانە بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیانەوە لە شوێنی خۆیان مانەوە و لەسەر ئارەزووی خۆیان سەریان بۆ کیاکسار

دانەواند، لەو سەردەمەدا کیاکسار کوڕی فرائورت کوڕی دیوك حوکمی مادەکانی دەکرد، ئەو لەسەرەتاوە داخوازی ئەسکیتەکانی قبوڵ کرد، کە داوای یارمەتیان لێ کردبوو، تەنانەت کوڕەکانی بۆ فێربوونی زمان و پیلانی تیرئەندازی نارد بۆ لای ئەوان، ئەو کاتە کیاکسار لە خۆیەوە پادشایانی ئەسکیتی ڕەنجاند و ئەوانیش تۆڵەی خۆیان لێ سەند و لەجیاتی گۆشتی ڕاو گۆشتی یەکێ لەو لاوانەیان پێداوە، کە بۆ فێربوونی هونەر هاتبوون بۆ لایان، لە دواییدا لەدژی کیاکسار بەپەلە چوون بۆ لای ئالیات کوڕی سادیات لە ساردیس.

کیاکسار داوای خۆبەدەستەوەدانی ئەسکیتەکانی لێ کرد، بەڵام پادشایانی لیدی بەتایبەت ئالیات نزیکەی لە ساڵی ٦١٧ تا ٥٦١ پێش زایین لە کۆنەوە لەگەڵ ئەسکیتەکاندا پەیوەندی دۆستانەیان هەبوو، چونکە دوژمنی کیمیرییەکان بوون، بەم هۆیەوە ئەو داوای کیاکساری دایە دواوە، لەبەرئەوە شەڕ لەنێوان ماد و لیدییەکاندا دەستی پێکرد و زیاتر لە پێنج ساڵ، واتە لە ساڵی ٥٩٠ تا ٥٨٥ی پێش زایین درێژەی کێشا.

لەم شەڕەدا هەر جارەی یەکێکیان سەردەکەوتن، هەندێك جار وا ڕووی دەدا لەشکرەکانی ئاسیای بچووك دەچوونە ناو خاکی ئاسیای نزیکەوە، بەمجۆرە مادەکان توانیان لەشکری ئالیات بەرەو ڕۆژئاوا بکشێننەوە دواوە، لەگەڵ ئەوەشدا چونکە شەڕکەرەکانی ماد لەو شەڕانەی ساڵانی دواییدا زۆر ماندووببوون، نەیانتوانی بە تەواوی سەرکەون و لە ٢٨ی مانگی (؟) ساڵی ٥٨٥ی پێش زایین لەکاتی شەڕکردن لەگەڵ لیدیەکاندا خۆر گیرا، هەردوولا ڕایان وابوو ئەم ڕووداوە غەزەبی یەزدانە و نیان کردنێکی جیهانی سەرەوەیە، ڕێکەوتن دەبێ (سولح) بکەن و ئاشت ببنەوە، ئینجا بەهۆی ناوبژی کردنی بابل و کیلیکیە، پەیمانی ئاشت بوونەوەیان بەست و سنووری نێوان لیدی و ئیمپڕاتۆریەتی ماد بە درێژایی ڕووباری گالیس (قزل ئیرماکی ئێستا) دیاریکرا، ئەم پەیمانە بەوەی ئەستیاگ کوڕی کیاکسار ئاریانیای کچی ئالیاتی خواست مەحکەم تر بوو، هەموو ناکۆکیەکان لەبیرچوونەوە، و لەناوا لابران، ڕەنگە پەیمانی ئاشتی بەهۆی کیاکسار خۆیەوە نەبەستراوە، بەڵکو بەهۆی کوڕەکەیەوە ئاستیاگ بەستراوە، چونکە کیاکسار بەو خاکەی خستیە ژێر دەستی خۆیەوە، سنووری ئیمپڕاتۆرێتی مادی تا ئەو جێگایەی فراوان کرد، هەرگیز لەوە بەولاوە تێنەپەڕی، هەر لە هەمان ساڵدا لەدنیا دەرچوو.

### دەوڵەتی ئیمپڕاتۆری ماد

دوای ئەم هەموو سەرکەوتنتانەی مادەکان بەدوای یەکدا، سنووری ئیمپراتۆری ماد زۆر فراوان بوو، ماننای پێشوو (ئازربایجانی ئێران) ناوەندی ئابووری و فەرهەنگی ئیمپراتۆریەتی ماد بوو، هیرۆدۆت بەم جۆرە باسی ڕێکخستنی ئیمپڕاتۆریەتی ماد دەکات، لەسەردەمی فارمانفەرمایی ماددا هۆزێك حوکمی بەسەر هۆزێکی تردا دەکرد و مادەکانیش حوکمیان بەسەر هەموویاندا دەکرد، بەر لەهەموو بەسەر ئەو هۆزانەدا لەوانەوە نزیك تر بوون، ئەوان بەسەر دراوسێکانیاندا و دراوسێکانیشیان بەسەر هاوسنوورەکانیاندا، سەرچاوە عیبریە کۆنەکان لەبارەی پادشای مادەوە قسەیان کردووە و نووسراوە بابلیەکەی (نابونید)، ئەویش باسی ماد و ئەو پادشایانەی سەر بەوان بوون باسی کردوون.

ماد یان پادشایی ماد لەپادشایە کۆنەکانی ماد وماننا و ئەسکیت پێکهاتبوو، بەم هۆیەوە سەرچاوەی هیرۆدۆت جگەلە ماد پاریکانیەکان، و ئورتوکوریبانییەکان، کەهەمان دانیشتوانی پادشای پێشووی ئەسکیت بوون، بەڵام سەرچاوەی ناوبراو مەبەستی لە (پاریکانیەکان) بەشێك لە دانیشتووانی پادشایی

مانِنا بوون، کەهێشتا بەتەواوی لەگەڵ ماد تێکەڵاو نەببوون، دیسان بەشێك لە ساتراپ نشینەکانی ماد ناو دەبات، لە نووسراوەکەی بێستوندا دەڵێ: شاری ئاشووری (ئاربل) ئەویش بەشێك بووە لە خاکی ماد، لەوتەکانی (گەزنەفۆن) (ئاناباسیس) بەشێوەکی گشتی زەوی و زاری ئەسڵی ئاشوور ببوو بەبەشێك لە خاکی ماد، دوایش خەڵك بە بەشێك لە خاکی مادیان ناودەبرد، وڵاتی پێشووی ئاشوور، کە روی و زاموا و پارسوا و بیت هامبان و کیشەسو و خارخار ئەمانەش ببوون بەبەشێکی وڵاتی ماد.

ماد لە ژووررووی ڕۆژئاواوە تاڕادەیەك دەسەڵاتی پەیداکردبوو، هەندێك لە زەوی و زار و دانیشتوانەکانیان لە هوری و ئۆرارتۆیی و (ماتیانی) بوون، لەوە دەچێ لە ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێوە لە دەراوی ئاراس نیشتەجێ بوون، هێنابوونیە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، هیرۆدۆت دووبارەی دەکاتەوە شانشینی ماد لەگەڵ ساسپیریان- واتە هۆزەکانی ئیبری و گرجی هاوسنوور بووە، دوایی ناوچەکانی ئاورێژگەی (قزل ئوزون) هۆزەکانی کادوسی و کاسپی تیانیشتەجێ بوون، کە هێشتا نەهاتبوونە ژێر دەسەڵاتی مادەوە، بەبەشێکی ئەو سەرزەمینە دەژمێردران، دیاری کردنی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ماد گرانە، ئێمە وا دەزانین ئەو سنوورانە بەجۆرێك بووە بەشێك بووە لەسەر زەمینی ئایندەی پارت، ئەویش پارچەیەك بووە لە خاکی ماد.

سەرزەمینی هۆزی ساگارتییەکان، ئەویش بەشێك بووە لە خاکی ماد، لە کێو و بیابانەکانی ناوەندی ئێران (ڕۆژهەڵاتی ئێرانی ئێستا) دەژیان، دوایی ئەم ناوچەیە کەوتە سەر وڵاتی پارت. لەدەروبەری ماددا چەند سەرزەمینێکی خودموختاری و شانشینی و هۆز و حاکمنشین بووە، بەڕێوەبەرەکانیان ماد بوون. بەڵام ئەمانە بەشێك نەبوون لە خاکی ماد، دەوڵەتی ماد سنووری زەوی و زاری خۆی تاڕادەیەك ئاشکرا نەبووە. ئەم هەموو خاکە پان و بەرینە بێ ڕکابەر کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ماد، بە فەرمانڕەوایی ئاستیاگ.

### سەردەمی سەڵتەنەتی ئاستیاگ

بۆ ئەوەی بە دروستی بە ئەنجامی ڕووداوەکانی سەردەمی سەڵتەنەتی ئاستیاگ بگەین، دەبێ لاپەڕەی کتێبی ئەو مێژوونووسانە هەڵدەینەوە، بە وریاییەوە ڕووداوەکانیان تۆمار کردوون، ئەوە ڕوونە هەرچەند ئەو ڕووداوانە لەسەردەمی ژیانی نووسەرەوە نزیکتربن، زۆر تر لە ڕاستی دەچن، بەم هۆیەوە دەتوانین پشت بە مێژووی سەدەی پێنجەمی پێش زایینی زیاتر ببەستین، تاکو مێژووی سەدەکانی دوایی.

سەرچاوە بابلیەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕاستن، بەڵام لەبارەی ڕووداوی کۆتایی سەڵتەنەتی ئاستیاگ زۆر شپرزە و ناڕاستن. دەبێ بڵێین لەبارەی ڕووداوەکانی سەڵتەنەتی ناوبراو، هەرچۆن بێ تا سەرەتای جەنگ لەگەڵ پارسەکاندا، زۆر سەختە، بەڵام ئەو سەرچاوانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تا ڕادەیەك شتێك بەدەستەوە دەدەن، بەهۆی ئەوەوە دەتوانین باری ناوخۆ و کۆمەڵایەتی و سیاسی سەرزەمینی ماد، لە سەدەی شەشەمی پێش زایین بێنینە بەرچاومان، لەم ڕووەوە سەرچاوەکان جیاوازیان لەنێودا نیە.

لەسەردەمی سەڵتەنەتی ئاستیاگ دا سنووری پان و پۆڕی ئیمپراتۆری ماد هێندە فراوان بوو، باسێك لە داگیرکردن نەمابوو، ئەم سنوورە فراوانە پێویستی بە هاتنە ئارای دۆخێکی هێمن و ئاشتی و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە هەبوو، هیرۆدۆت دەڵێ: لەسەردەمی سەڵتەنەتی ئاستیاگ دا هیچ جۆرە شەڕێکی

گەورە نەکراوە و هیچ شوێنێك داگیر نەکرا، لەو سەردەمەدا حکومەتێکی بە دەسەڵات و خاوەن پادشا لە ماد، تەنیا مەرجی بەربەرەکانێی گەورەکان و پشتبەستن بەخەڵکە ئازادەکان دەیتوانی بێتەدی. ئاستیاگ دەیویست وڵات بە ئاشتی و هاوکاری خەڵکە هەژارەکان بەڕێوە ببات، خانەدان و گەورە پیاوەکانی پشت گوێ خست، هیرۆدۆت دەڵێ: ئاستیاگ سەبارەت بە پیاوە گەورەکانی ماد یان (یەکەمین کەسانی نێو مادەکان) بێ بەزەیی بووە، و پاشماوەکانی پادشایانی دهیوپتی Dahypati وا بووە.

ئاستیاگ لە سیاسەتی خۆیدا لە ئامۆژگاری و ئایینی موغەکان سوودی وەردەگرت، بەپێی وتەی هیرۆدۆت موغەکان لای ئەو ڕێزیان گیراوە و ئاستیاگ زۆر جار پرسوڕای پێ کردوون، ئەو ئامۆژگارییانە بەپێی وتەی (ئی، م، دیانۆکۆف) لەو سەردەمەدا هێشتا لەگەڵ نەریتی سەرەتایی بەناوی زراتوشترا ناودەبرا، زۆر جیاواز نەبوون، زۆر جێگای سەرنجی خەڵکی بوون.

ئاستیاگ لەگەڵ بنەماڵەی زراتوشترا موغەکانی ئەو سەردەمە، لەدەوری کۆبوونەوە و خزمایەتیان بووە، ئەوەمان لەیاد نەچێ، بەرلەزەردەشت پاشاکان خۆیان کاهن بوون، لەئەنجامدا قودرەت و دەسەڵات و ناویان لە پلەیەکی ئایینی دابوو، بەم جۆرە ئەو تاکە ئایینەی موغەکان نوێنەری بوون، هەرچۆنێك بوو گەلێك بایەخی بۆ پادشایانی ماد هەبوو.

هەڵبژاردنی ئاسپیتام مێردی ئامیتیدا کچی ئاستیاگ بۆ جێنشینی لەنێوان خەڵك و خاوەن کۆیلەکان، کە لایەنگیری ئاستیاگ بوون، لەلایەك و گەورە پیاوان و سەرپێچیکارەکان لەلایەکی تر بەربەرەکانێ و ناکۆکی زۆری هێنا، بەتایبەت لەسەردەمی سەڵتەنەتی ئاستیاگ دا هیچ جۆرە شەڕێکی گەورە نەکراوە و هیچ شوێنێك داگیر نەکرا، لەئەنجامدا گەورە و کاربەدەستانی لەشکر بێ کار و دەست بەتاڵ مانەوە، هیچ جۆرە تاڵانیەکیان لەم ڕێگایەوە دەست نەکەوت و بەرژەوەندیەکانیان تەواو شکستی هێنا بوو، لەبەرئەوە بەتوندی بەرهەڵستی پادشا وەستان و کەوتنە گلەیی و گازەندە و جموجۆڵ لە دژی ئاستیاگ، هەرچۆن بێ لە کیشوەری ئاشووریشدا هەر بەم جۆرە بوو.

هیرۆدۆت خۆی دەڵێ: ئاستیاگ هارپاك ی کرد بە فەرماندەی لەشکری مادەکان، لەم ڕووەوە هیرۆدۆت وتەی دەست و پێوەندەکانی – هارپاك-ی نووسیوەتەوە، بەوتەی ئەو بەر لە شۆڕشی پارسەکان لەلایەن گەورەکانی مادەوە کۆبوونەوە و جموجۆڵ دەستی پێکرد، لە دژی سەڵتەنەتی ئاستیاگ، کە هارپاك دایمەزراند بوو، بەهۆی ئەوەی زۆر لە ئەستیاگ ڕەنجا بوو.

کۆڕش یەکەمین کەسی خانەدانی هەخامنشی، باوکی کۆڕش کەمبۆجیەی یەکەم و باپیری ئەو کۆڕشی یەکەم لە زنجیرەی پاشایان بوون، کۆڕش بەرلە نەخۆشی و مردنی باوکی ماوەیەك لە دەرباری ماد ژیاوە و بەشداری لەشکرکێشیەکانی مادەکانی کردووە، لەسەرەتای شەڕدا چەند ساڵ بووە، لەسەر سەڵتەنەتی پارس یان جێنشینی کەمبۆجیەی دووەم بووە.

بەپێی وتەی کتسیاس کۆڕش ئەو کاتەی لەدەرباری ئاستیاگ دابووە، لەلایەن ئەستیاگەوە بەنوێنەری چوو بوو بۆ لای پێشەوای کادۆسییەکان، ئەمانە هۆزێکی گرنگی سەربەخۆ بوون، لە چیاکانی خواروورتری ڕووباری ئاراس، کۆڕش (ئیبار)ی مەیتەری لەگەڵ خۆیدا برد، کە لەوەبەر وەکو کۆیلە دەستگیر کرابوو،

ئیبار داخی زۆری بەرامبەر بەماد لە دڵ دابوو، لەبەرئەوە کۆڕشی هاندا بۆ ئەوەی دەسەڵات لەدەست مادەکان دەربێنێت و بکەوێتە دەست پارسەکان.

بەڕای زۆربەی مێژوونووسان پێکهێنانی پێشەکی کارەکان دژی ئاستیاگ، کۆبوونەوە و جموجۆڵی چینەکانی ناوەوەی گەورەکانی ماد بەدەستی هارپاگ و لەلایەکی تریشەوە هاندانی هۆزە جۆربەجۆرەکان بۆ ناو شۆڕش بەهۆی ئیبارەوە بووە.

هەروەها بەوتەی کتسیاس ڕووداوەکانی دواتر بەم جۆرەیە، کۆڕش لەسەر زەمینی کادۆسیەکان گەڕایەوە بۆ ئەکباتان، گوایە دوایی مۆڵەتی لە ئەستیاگ وەرگرتووە بچێت بۆ لای باوکی لە پارس، لەمەدا موغەکانیش هاوکاریان کرد، ئیتر ئاستیاگ ڕازی بوو سەردانی باوکی بکات، هیرۆدۆتیش لەم بارەیەوە نووسیویە: بەڵام لە ڕاستیدا کۆڕش دەیویست ڕابەری شۆڕشگێڕەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی، کە (ئاترادات) پێشەوای مەزن بەرپای کردبوو، لەم کاتەدا بەرێکەوت ژنێك پیلانەکەی دۆزیبووەوە و ئاستیاگ پێی زانی و دەستوبرد کەوتە خۆ لە دژی یاخی بووەکان لەشکری کێشا.

ئەو کاتە هارپاگ نووسراوێکی بۆ کۆڕش نارد، کە لەفارس نیشتەجێ بوو، لەو نامەیەدا هارپاك کۆڕشی هاندا تا پارسیەکان بێنێتە شۆڕشەوە و بێتەسەر ئاستیاگ، لەم ڕووەوە بەڵێنی پێدا گەورە پیاوانی لەشکری ماد، لەلایەن ئاستیاگەوە کراون بە فەرماندەی سوپا هەموویان لایەنگری ئەو دەکەن.

ئاستیاگ کە بەم خۆڕێکخستنە سوپاییەی کۆڕشی زانی، ئەوی بانگ کرد، بۆ لای خۆی، بەڵام کۆڕش لەوەڵامدا شەڕ کردنی ڕاگەیاند، سەرچاوە بابلییەکان بەمجۆرە دەڵێن، کەشەڕ لەنێوان کۆڕش و ئاستیاگ سێ ساڵ درێژەی کێشا، بەم هۆیەوە هیرۆدۆت تەنیا باسی دوو شەڕ و شۆڕی دوایی مادەکان دەکات، لەڕاستیدا بە ئاشکرا بگرە و بەردەو ڕووداوەکان بەکورتی باس دەکات، لەشەڕێکدا هارپاك فەرماندە بووە و لەشەڕێکی تردا ئاستیاگ خۆی. بەوتەی کتسیاس، ئاستیاگ لەسەرەتادا لەگەڵ لەشکری کۆڕشدا کەوتە شەڕەوە شکاندنی، ئاترادات پێشەوای مەردەکان لەشەڕدا کوژرا، ئینجا ئاستیاگ کەوتە شوێن پارسەکان و لەسەر زەمینی پارس (پرسید) لەبەرامبەر گەردنەیەك، کە لەبارەگای پادشایانی پارس واتا – پاسارگاد- کۆتایی پێ دێت، جارێکی تر شکاندنیەوە، چۆنێتی پارسەکان زۆر ناهەموار بوو، شکست یان بە ئاڵۆزی شکا، ژنان لە حەساری قەڵاکان دەهاتنە دەرەوە و هانی شەرکەرەکانیان دەدا، پرسیان ئایا دەتانەوێ ڕابکەنەوە ناو سکی دایکتان و ژنەکانتان بێننەوە.

ئەو شەڕە ئەوەندە بەڕاستی و گەرم بووە، مادەکان لەناکاو لەشکرەکانی خۆیان لە سنوورەکاندا ئاگادارکردەوە و ماوەیان بە نابونید پاشای بابل دا، تاکو لە ساڵی ٥٥٢ پێش زایین شاری حەڕان کە هینی مادەکان بوو، لە ژووررووی (بین النهرین) بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

لە گەرمەی شەڕی کۆڕش لەگەڵ ئاستیاگدا، هارپاگ، کە فەرماندەی لەشکری مادەکان بوو، لەگەڵ گەورە پیاوانی سوپا و سەرکردە لەشکرییەکاندا ئاستیاگی بەجێ هێشت و چوون بۆ لای کۆڕش و چوونە ناو ڕیزی لەشکرەکەیەوە.

لەوە بەدواوە هەواڵێك لە هیرۆدۆتەوە دەگێڕێتەوە، گوایە ئاستیاگ لەشەڕێکدا دەستگیر کراوە، کە لە دواییدا ڕووی داوە، بەشێوەیەکی تر باس دەکات، چونکە بەر لە شەڕەکەی پاسارگاد باسی سێ شەڕی تر

دەکات، پارسەکان تیایا سەرنەکەوتون، شەڕێك کە لەژێر دیواری حەساری قەڵای پاسارگاد ڕوویدا بوو، بە خاڵی گۆڕینی چارەنووسی شەڕەکە، لەدوای ئەوە هۆزەکانی سەر بە ماد، وەکو هیرکانیەکان و لە دواییدا پارتەکان ڕوویان کردە ناو پارسەکانەوە.

لە ساڵی ٥٥٠ پێش زایینی لەگەڵ خیانەتی هارپاگ و شەڕی سەروماڵی دەست پێدەکات، هیرکانیەکان و پارتەکان، ڕوویان کردە پارسەکان و ئاستیاگ هەوڵی دا، تاکو پەلاماری پارسەکان ڕابووەستێ و دوایی ڕای کرد، بۆ ئەکباتانا و پارسەکان پایتەختی مادیان داگیرکرد.

دوای ئەوە کتسیاس بە ڕوونی باسی ڕووداوەکە ناگێڕێتەوە، هەروەکو وترا شەڕ دوور و درێژ بووە، سەرکەوتن هەر تاوەی بەدەست لایەکەوە بوو، هەروەکو کتسیاس باسی شەڕەکان دەگێڕێتەوە، هۆی بنەڕەتی سەرکەوتنەکەی کۆڕش هەمان خیانەتی گەورە پیاوە سوپاییەکانی مادە، کە هارپاگ سەرکردەی هەموویان بوو، هیرۆدۆت باسی ئەوە دەکات، بەڵام کتسیاس لەم بارەیەوە بێ دەنگە، لەوە دەچێ پارچە پارچە بوونی هۆزەکانی سەر بە ماد ئەوانیشی بەو خیانەتە دابێتە قەڵەم، وەکو سەرنج دراوە، لەنێو نووسینەکانی کتسیاسدا شتی ڕاست هەیە، مێژووی بابلی و نابونید و کتسیاس و هیرۆدۆت دەتوانین کۆبکەینەوە و لەنێوان هەموویاندا وێنەیەکی ڕاستی ڕووداوەکە بخەینە ڕوو.

هەواڵەکانی هیرۆدۆت ڕاستە، چونکە مێژووی ڕووداوەکانی بابل لایەنگیری ئەم نووسینەی هیرۆدۆت دەکەن، مێژووی ناوبراو ئەو ڕووداوانە لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایین دەگێڕێتەوە، واتا کۆتایی شەڕەکە باس دەکات، بەڵام دەبێ زانیارییەکانی کتسیاس لەبارەی قۆناغی سەرەتایی شەڕەکەوە بخرێتەسەر هەواڵەکانی هیرۆدۆت.

هیرۆدۆت لەبارەی دوا دەسەڵاتدارێتی ئاستیاگەوە بەم جۆرە دەڵێت: ئاستیاگ موغەکانی خنکاند – لەگەڵ ئەوەدا تا ئەو سەردەمە باشترین پەیوەندی لەگەڵیاندا بوو، چونکە ئامۆژگارییان کردبوو، کە ڕێگای کۆڕش بدات بڕوات، وەکو وتراوە بەشێك لە کاهینەکان – موغەکان لەگەڵ پارسە یاخیەکاندا پەیوەندییەکیان دروست کردبوو، لە ڕاستیدا دەبینین لە دوای ئەو ڕووداوانە موغەکانی دەرباری کۆڕش و کوڕەکەی کمبوجیەی دووەم، گەلێك ڕێزیان لێگیراوە، سروشتی بیروباوەڕی ئایینی و چۆنێتی باری کۆمەڵایەتی کاهنەکان وا بووە، ماوەی نەدەدا ئەوانە ماوەیەکی درێژ خاوەنی سوود و خێر و بێری گشت خەڵك بن.

### کۆتایی سەڵتەنەتی ئاستیاگ

لە دواییدا کە پارسەکان ڕوو لە سەرکەوتن بوون، ئاستیاگ هەموو دانیشتوانی ئەکباتانای پڕ چەك کرد و لە حەساری شار هاتنە دەرەوە، بەڵام دەرەقەتی پارسەکان نەهاتن و دیسانەوە شکان و ئاستیاگ بە دیل گیرا، گفتوگۆی هارپاگ لەگەڵ ئاستیاگ لەدوای گرتنی ئاستیاگ، هارپاك چووە لای خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەگیرانی، ئاستیاگ بە هارپاك دەڵێت: تۆ وەزیری حکومەتی من بووی، کە بەرزترین دەسەڵاتە لە دوای پاشا، ئەی لەوێ دەبی بەچی، هیرۆدۆت هارپاگ بەبێ ئەقڵترین و بێ ویژدان ترین کەس دادەنێ، پارسەکان ئەکباتانایان داگیرکرد، بەپێی مێژووی نابونید ئەکباتانایان تاڵان کرد و ژمارەیەك لە خەڵکەکانیان بە تاڵانی دەستگیرکرد و بردیانن.

بە وتەی کتسیاس ئاستیاگ دەمودەس دوا بە دوای شکستەکەی بەدیل نەگیرا، بەڵکو یەکەم جار ڕای کرد بۆ ئەکباتانا و لەوێ خۆی شاردەوە، کۆڕش دوای ئەوەی گەیشتە ئەکباتانا، فەرمانیدا ئامیتیدا کچی ئاستیاگ و مێردەکەی (ئاسپیتام) و کوڕەکانیان ئەسپیتاك و مهابران – ئازار بدەن، دوای ئەوە ئاستیاگ خۆیدا بەدەستەوە، تاکو ئەوانەی لە دەوروبەری ئەون ئازار نەدرێن.

ئاستیاگ لە کوشتن ڕزگاری بوو، (هردۆت و کتسیاس هەردووکیان باسی ئەمەیان کردووە، لەمێژووی ڕووداوەکانی بابلدا شتێك پێچەوانەی ئەم باسە نییە، بەوتەی کتسیاس بەناوی جێنشینی حاکمی هیرکانییەوە، زۆر بەڕێزەوە نێردرا بۆ ئەو سەر زەمینە و دوورخرایەوە، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو خواجەیەك کە ناوی (پتساگ) بوو (ئیبار) هانیدابوو بە بیانوی دیدەنی کچەکەیەوە، بردی بۆ بیابانێك و لەوێ بەرەڵڵای کرد، تاکو بەسەرگەردانی لەبرساندا بمرێ. کتسیاس دەڵێ: دوای ئەوە ئامیتیدا چەرمەسەریەکی زۆری بۆ پتساگ نایەوە، ئیبار خۆی کوشت، لەگەڵ ئەوەدا کۆڕش نەیدەویست سزای بدات.

لەم نووسینانەی سەرەوەدا بەتەواوی دەردەکەوێ، مادەکان بەدرێژایی ڕۆژگاری شەڕ بەهێزەوە ڕاوەستان و ئەگەر گەورەکانی ماد لەناوخۆی کیشوەرەکەدا دەستیان بە خیانەت نەکردایە، حکومەت نەدەکەوتە دەست پارسەکان.

سەرکەوتنی کۆڕش بەسەر ئاستیاگ دا ئەو سەرکەوتنەی، کە بەهۆی گەورەکانی مادەوە دەستی کەوتبوو، دەستەبەری ئەوە بوو، یاسای تازەی حکومەتی کۆڕش بەڕواڵەت لەگەڵ مادەکاندا بگونجێ، بەم هۆیەوە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەکباتانا تاڵان کرا و هەندێك لە مادەکان بەدیلی و بەتاڵانی دەستگیر کران و بران، بەڵام هەروەکو وڵاتێکی داگیرکراو و خەراج و باجیان خستنەسەر، لە وتەیەکی ئاستیاگ لەگەڵ هارپاگ، کە هیرۆدۆت باسی کردووە، ئاستیاگ دەڵێ: هارپاگ مادەکانی بەدیلی گەیاند، ئەگینا تا ئەو کاتەش مادەکان هەموو کارەکانیان بەدەستەوە بوو، تەنیا وەکو شتێکی ڕواڵەتی پارسەکان سەرکەوتوبوون، نوێنەرەکانی ئاسپارت خشاریاشایان بەپادشای مادەکان ناودەبرد، چەندان نموونەی تر لەم ڕووەوە هەیە، ئەوە دەزانین، یۆنانیەکان شەڕەکانی نێوان یۆنان و پارسیان بەشەڕی یۆنانییەکان و مادەکان ناودەبرد، لەگەڵ ئەمەشدا بۆ ئەوەی ڕازی بکرێن، گەورەکانی ماد زنجیرە دەسەڵاتێکی گونجاویان پێدرا، بۆ نموونە: کۆڕش پادشایانی مادی نەگۆڕی و لەناوی نەبردن، بەڵکو خۆی کرد بەپادشای ماد و خۆی هەر بەناوی پێشووەوە ناونا پادشای پارس، تەنانەت لە زۆربەی نووسراوەکانی سەردەمی داریۆشی یەکەم، ماد و پارس لەڕووی کیشوەرەکانی تردا یەك بوون، لە نووسراوی نووسەرە یۆنانیەکاندا هاتووە ماوەیەك لە دوای ئەوە و لەکاتی زنجیرەی ناوی پیاوە گەورەکانی ئیمپڕاتۆریەتی هەخامەنشی، ناوی نوێنەرەکانی ماد دەبینین، یۆنانیەکان و هۆزەکانی ڕۆژهەڵات پادشای ئیمپڕاتۆریەتی هەخامەنشیان بەپاشای ماد ناودەبرد، لەگەڵ ئەوەدا کۆڕش لە بابلدا پادشای مادی هێشتەوە و ساتراپێکی تیا دروست کرد و یەکەمین ساتراپی ماد ئویبار بوو.

بەوتەی کتسیاس کۆڕش لەگەڵ کچی ئاستیاگ، کە ناوی ئامیتیدا بوو زەماوەندی کرد، ئەم هەواڵە لە گومان بەدەر نیە. لەڕاستیدا ناوی ئامی تیدا بەپێی وتەی بروس لەناو بنەماڵەی مادەکاندا بەکارهێنراوە، لەدواییدا بۆ ناوی ژنە هەخامەنیشیەکان بەکارهاتووە، بەڵام پێشتر مێردەکەی ئامیتیدا (ئاسپیتام)ی

کوشت، کە حەقداری تاج و تەخت و دوژمنی ئەو بوو. مەبەستی ئەوە بوو بۆ داواکاری خۆی واتا حکومەتی (قانونی) بەسەر ئیمپڕاتۆری ئاستیاگ بکا بەبەڵگە.. لەنێوان مادەکان و پارسەکاندا – وەکو میسرییەکان نەریت وابوو، کچە زادە یان زاوا (مێردی کچ) ی پادشای پێشوو بەپێی یاسا حوکمی وڵات بکات.

ژمارەیەك لە گەورەکانی ماد چوونە لای کۆڕش، وەکو هارپاگ، کە یەکێك بوو لەسەردارانی سوپای ماد، سێیەمین حاکمی کیشوەری لیدی بوو، هارپاگ یونیەی بۆ کۆڕش داگیرکرد و حەزی نەدەکرد بگەڕێتەوە بۆ سەرزەمینی ماد، لەئاسیای بچووك جێگیر بوو، موڵك و زەوی و زارێکی زۆری خستە ژێر دەست خۆیەوە، لە لیکیە نووسراوێك بە زمانی لیکەیی و یۆنانی ماوەتەوە، لەو نووسراوەیەدا یەکێك لە نەوەی ئەوە (؟) کتسیاس دەڵێ: کوڕەکانی ئامیتیدا کە لە ئاسپیتام یەکەم مێردەکەی ناویان ئاسپیتاگ و مهابرن – بوو، لەلایەن کۆڕشەوە کرا بە ساتراپ و براکەی کە (پارمیس) کوڕی ناشەرعی ئاستیاگ یان کوڕی دایکی ئامیتیدا لەمێردێکی ترەوە- یەکێك لەسەردارانی سوپایی پارس بووە، بەشێوەیەکی گشتی باسەکانی کتسیاس بەلای ماددا دادەتاشێ و ڕقەبەری کۆڕش دەکات، لەنووسراوی بێستوندا داریۆشی یەکەم ناوی هەندێك لەسەردارانی پارس دەبات کەمادی بوون، تەنانەت تا سەردەمی خشاریاشا ناوی هەندێك لەگەورەکانی پیاوانی مادی بردووە، کە لە دەرباری ئیدارەی هەخامەنشیەکاندا پلە و پایەیەکی بەرزیان بەودەستەوە بوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تەنانەت گەورەکانی ماد، لەبارەی داگیرکردنی ئەو کیشوەرەوە لەلایەن پارسەکانەوە بێ لایەن بوون، هەروەها لەسەردەمی داریوشی یەکەمدا گەلێك شوێن و پلە و پایەی گرنگیان بەدەستەوە بوو، بە تایبەتی نەوەی ئەو حەوت خانەدانەی کە لە کودەتاکەی داریوشدا بەشداریان کردووە، ژمارەیەکی کەم لە بنەماڵە و خانەدانەکانی ماد لەگەڵ گەورەکانی پارسدا تێکەڵ بوون و زۆربەی ئیشوکاری سادەیان گرتەدەست، یان لە ڕۆژگاری پڕ لە ئاژاوە و سەرەتای سەڵتەنەتی داریوشی یەکەمدا (٥٢١- ٥٢٢) پێش زایین، ڕەنگە لەسەردەمی خشاریاشا دیسان ٤٨٤-٤٨٦ی پێش زایینی دا لەناوچوون.

ئەمە بەسەرهات و مێژووی دوا پادشای ماد و سەڵتەنەتی ئاستیاگ بوو، بە ڕای زۆربەی مێژوونووسانی ئەو سەردەمە، کە بە دیقەتەوە ڕووداوەکانیان تۆمار کردووە، ئایا کۆتایی سەڵتەنەتی ئاستیاگ، کوێی لە کۆتایی زوحاك یا ئاژدەهاکی ماربەشان دەچێت، هیچ باسێك لە زوڵمی ئاستیاگ و چەکوشەکەی کاوە و پەلامارە لە ناکاوەی فەرەیدون نیە، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن، شەڕی هەخامەنشی لەگەڵ ماد، کۆڕش لەگەڵ ئاستیاگ لە ساڵی ٥٥٣ تا ٥٥٠ پێش زایین درێژەی کێشا و شەڕ بەردەوام بوو، لە شەڕیشدا هەرجارە لایەکیان سەردەکەوت، تا دواجار بەهۆی خیانەتی هارپاك و پیاوە گەورەکانی ماد پارسەکان توانیان بە تەواوی سەرکەون، بەم جۆرە ڕووداوێکی مێژوویی لەگەڵ ئەفسانە تێکەڵ دەکەن، بەداخەوە کورد تائێستاش ڕابردووی خۆی خۆشناوێت و بەرامبەر بە مێژوو و کەلتوور و سیاسەت و خانەدان و پیاوە گەورە و کەسایەتیە قارەمانەکانی ڕابردووی خۆی کەمتەرخەمە، زۆر بەسادەیی و بێباکانە دەست لە خاك و خەڵك و مێژووی خۆی هەڵدەگرێ، بۆ دراوسێ و لایەنانی تر، هەر قسەیەك گومان بخاتە سەر ڕابردووی، بێ چەند و چوون باوەڕی پێ دێنێ، دەبێ کەی ئەو ڕۆژە بێت ئێمەش بەدوای مێژووی دزراوی خۆماندا بگەڕێین و بیدۆزینەوە و وەری بگرینەوە، دواجار ماڵ بۆ خاوەن ماڵ بگەڕێتەوە.

**ئەم بابەتە لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


١- ئی. م. دیانۆکۆف، میدیا، وەرگێڕانی: بورهان قانع، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر، ٢٠٠٨.

٢- حەبیبوڵڵای تابانی، هاونەتەوەیی کورد و ماد، وەرگێڕانی: جەلیل گادانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١٠.


هەواڵنامەی کتێب

# کۆنگرەی ئاشتی و چارەنووسی گەلی کورد

لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەو وڵاتانەی لەجەنگدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، بڕیاریاندا لە٦ی شوباتی١٩١٩(کۆنگرەی ئاشتی) پێکبێنن،کۆنگرە بۆ سێ بابەتی گرنگ بەسترا، یەکێك لەوانە چارەنووسی زەویە داگیرکراوەکان، کەپێشتر لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دابوون، هۆکارێکی تر دانانی نەخشەیەکی تازەبوو بۆ ئەورووپا، چونکە هەریەك لەبەشداربووانی جەنگ دەیانویست پێگەی خۆیان لەرۆژهەڵات دیاری بکەن،بەتایبەتی لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، هۆکارێکی تر بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو پەیماننامە نهێنیانەی پێش کۆنگرە بەسترابوون، وەکو پەماننامەی سایکس–بیکۆ و سان ریمۆ، بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنی ئەو دەستکەوتانەی لەجەنگ بەدەستیانهێنابوو، ئامانجیش لەبەستنی ئەم کۆنگرەیە لەدوای جەنگ چەسپاندنی ئاشتی بوو، لەجیهان و ئاوردانەوە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە تێکشکاوەکانی جەنگ، لەبەرامبەردا ئەو نەتەوانەی ماوەیەکی زۆربوو، لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا چەوسێنرابوونەوە، تێدەکۆشان ئازادی و سەربەستی بەدەستبێنن، نەتەوەی کوردیش یەکێك بوو، لەو نەتەوە چەوسێنراوانە.

ئەم کۆنگرەیە تایبەت نەبوو بەکورد، بەڵام کۆمەڵێك هۆکار هاندەربوون بۆئەوەی کوردیش بەشداری لەم کۆنگرەیەدابکات، یەکێك لەو هاندەرانە بڵاوبوونەوەی چوارده بەندەکەی (ویلسن)ی سەرۆکی ئەمریکابوو، بەتایبەتی بەندی دوانزە، کەباس لەچارەنووسی نەتەوە ژێردەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، کوردیش یەکێك بوو، لەو نەتەوانەی ژێردەسەڵاتی عوسمانی دەیویست مافی چارەی خۆنووسینی بەدەست بێنێ،هۆکارێکی تربوونی چەندین رێکخراوی سیاسی بوو لەئەستەمبوڵ،بۆ نموونە (کۆمەڵی تەعالی کوردستان) کۆمەڵێك سیاسی و رۆشنبیری کورد تیایدابەشداربوون، هەوڵیان دەدا لەمەیدانی سیاسەتدا بەشێك لەمافەکانی کورد بەدەست بێنن، ئەمانە وای کرد، کورد نوێنەرێك هەڵبژێرێ تالە کۆنگرەی ئاشتیدا داکۆکی لەمافەکانی خۆی بکات.

لەبەرئەوە شەریف پاشابووە نوێنەری کورد لەکۆنگرەی ئاشتیدا، رەفیق حیلمی دەڵێت: " کۆمەڵی نیشتمانی کورد لەئەستەمبوڵ، لەگەڵ نوێنەری دەوڵەتە سوێندخۆرەکان کەوتە گفتوگۆکردن،هەموویان بڕیاریاندا شەریف پاشا بەناوی نوێنەری کوردەوە لەکۆنگرەی ئاشتیدا، داوای مافی نەتەوەی کورد بکا".

لەباشوری کوردستانیش هەوڵدرا شەریف پاشا وەك نوێنەری خۆیان بناسێنن، شێخ مەحمود وەکو سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ بۆ پشتگیری شەریف پاشا، مەزبەتەیەك بەعەشایرەکان و رۆشنبیرانی ناوچەکە مۆردەکات، نوێنەریشی ناردبۆ ئێران، ئەو مەزبەتەیە بەکوردەکانی ئەوێش مۆربکرێت، دواتر هەموو مەزبەتەکان ناردران بۆ شەریف پاشای خەندان و مافی ئەوەی درابۆیە بەناوی کوردەوە لەکۆنگرەی ئاشتی داوای مافی کوردبکا. بەڵام نوێنەرەکان لەرێگاگیران و نەیانتوانی مەزبەتەکان بگەیەننە شەریف پاشا، بەڵام کوردەکانی باکوور توانیبوویان داواکارییەك بەناوی خۆیان و هەموو کوردەوەبنێرن، بۆ شەریف پاشا و بیکەن بەنوێنەری خۆیان، لە(کۆنگرەی ئاشتی) لەپاریس.

جەنەراڵ شەریف پاشا بەشێوەیەکی دبلۆماسیانەی زۆربەرز توانی لەکۆنفراسی ئاشتی لەپاریس دەوڵەتانی هاوپەیمان قایل بکات، یاداشتنامە بەناوبانگەکەی لەگەڵ نەخشەی کوردستاندا پێشکەش بکات، ئەم دبلۆماسیەتە بووە هۆی ئەوەی لەرێکەوتنامە بەناوبانگەکەی سیڤەری١٩٢٠بەئاشکرا دان نرا بەمافی گەلی کورد، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، (ئەدمۆندس) دەربارەی چالاکیەکانی شەریف پاشادەڵێت:" هۆی باسکردنی نەتەوەی کورد لەڤرسای دەگەرێتەوە بۆ ئەو کۆششەی شەریف پاشای خەندان کەخەڵکی سلێمانی بوودابووی، شەریف پاشا رۆڵێکی زۆر گەورەی بینیووە، لەدانان و دارشتنی ئەو مادانەی پێوەندیان بەکوردەوە هەبوو، لەکۆنگرەی ڤرسای دا".

شەریف پاشا کەسێکی دیپلۆماتکار و شارەزا بوو، سەرەرای هەوڵەکانی لەکۆنگرەی ئاشتی بۆ بەدەستهێنانی مافی کورد، بههەوڵە دیپلۆماسییەکەی توانی لەگەڵ نوبار پاشای نوێنەری ئەرمەنەکان کۆبێتەوە، دۆستایەتی کورد و ئەرمەنەکان بەهێزبکا و ئەو ناکۆکیەی جاران نەهێڵێ، کەتورکەکان دەیانویست تاوانەکانیان بەرامبەر بەئەرمەنەکان بخەنەئەستۆی کوردەوە، دوای گفتوگۆیەکی دۆستانە، رێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ئەرمەنەکان مۆرکرد، بەهەردوولایان یاداشتێکی دووقۆڵیان دابەکۆنگرەی ئاشتی و توانی سەرنجی وڵاتانی کۆنگرە بەرامبەر رووی ئاشتیخوازانەی گەلی کورددا رابکێشێت و یاداشتێك بەزمانی فەرەنسی پێشکەش بەکۆنگرەی ئاشتی بکا، باسی نوێنەرایەتی خۆی و مافی نەتەوایەتی کوردی تێداکردووە. کەبووە هۆی ئەوەی لەقازانجی گەلی کورد سێ بەندی (٦٢، ٦٣، ٦٤) دەربارەی باسی سەربەخۆیی کورد و کوردستان بخرێتە پەیمانی سیڤەرەوە.

بەداخەوە کۆمەڵێك هۆکار بوونە هۆی سەرنەگرتنی هەوڵەکانی شەریف پاشا، سەرەرای هۆکاری دەرەکی بەتایبەتی ئینگلیز و فەرەنسا و عوسمانی و کەمالیەکان بۆ دژایەتی هەوڵەکانی شەریف پاشا، کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆی کوردهەبوون، کەهەوڵەکانی شەریف پاشا بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کورد پێکنەیەت، لەوانە: دووبەرەکی و ناکۆکی ناوخۆی کورد هۆکارێکی سەرەکی شکستهێنانی هەوڵەکانی شەریف پاشابوو، لەو سەردەمەدا بەهۆی دووبەرەکی و ناکۆکی نێوان کوردان دابەش بوون بۆ دووبەرە، بەرەیەکیان پشتیوانی لەهەوڵەکانی شەریف پاشادەکرد، بۆ بەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی، بەرەکەی تر داوای دروستبوونی دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمی دەکرد، لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا. ئەوە بوو بەکێشەیەك لەنێوان سیاسیەکانی کوردستان و رۆشنبیرەکان.

لەبەڵگەنامەیەکی بەریتانیا ژمارە ( F.o- ٢٧No. -٣٧١-٥٠٦٧ ی رۆژی (٢٢- ٢- ١٩٢٠) لەلاپەرە (١٦٠)دا، باسی نامەیەکی ئەدمیراڵ دەکا، لەئەستەمبوڵەوە ناردوویەتی بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، دەربارەی ناکۆکی کوردەکانی تورکیا لەناو خۆیاندادەڵێت: "کێشەیەکی گەورە پەیدابووە لەناو کوردەکاندا، بەهۆی شەریف پاشاوە، دوورنیە ئەو ناکۆکیە ببێتە هۆی ئەوەی کوردستان بکەوێتە ژێر دەسەڵات و چاودێری دەوڵەتی فەرەنسا و بەریتانیاوە، شەریف پاشا دەیەوێ سەربەخۆیی بۆ هەموو کوردستان بێ، بەڵام یەکێکی وەکو عەبدولقادر شەمزینی دەیەوێ کوردستان لەژێر سایەی تورکدابێ، بەڵام وادیارە بەدرخانیەکان لەگەڵ ئەوەدا نین".

لەئەنجامی ئەو ناکۆکیەدا کارگەیشتە رادەیەك عەبدولقادر شەمزینی و هاورێکانی بڵاویانکردەوە، ئیتر شەریف پاشا بەنوێنەری کورد ناژمێردرێ لەکۆنگرەی پاریسدا، هەرچەندە شەریف پاشا گوێی بەو تەلگرافە نەدا و خۆی تەلگرافێکی نارد کە نوێنەری کوردە، بەڵام دواتر شەریف پاشاش وەکو

تورەبوونێك وازیهێنا و لە٢٧ی ٤ی ١٩٢٠ دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لەنوێنەرایەتی کردنی گەلی کورد ڕاگەیاند، ئەم هەڵوێستە سوودێکی زۆری هەبوو بۆ تورکیزمەکان.

ڕەفیق حیلمی لەیاداشتەکانیدا ڕەخنەیەکی توندی گرتووە، لەهەڵوێستی کوردەکانی تورکیا، بەرامبەر بەشەریف پاشا وتویەتی:"کوردەکانی تورکیا پشتیوانیان لەشەریف پاشانەکردووە، بەڵکو بەهاندان و چاوترساندن و دەم شیرین کردن، بەتەقەلای مستەفا کەمال و تورکیزمەکان، توانرا بەناوی کورد تەلگراف بنێرن بۆ کۆنگرەی ئاشتی، وتبوویان شەریف پاشا نوێنەری کوردنییە".

هەوڵەکانی شەریف پاشا و بەندەکانی پەیمانی سیڤەر هەنگاوێکی گەورەبوو، بەرەو سەربەخۆیی کوردستان،بەڵام کورد ئەم هەلە گەورەیەی لەدەستچوو، هیچی دەستنەکەوت،لەبەر نەشارەزایی و کەمتەرخەمی و کەم ئەزمونی و پەرتەوازەیی، سوودی لەم دەرفەتە گرنگە وەرنەگرت و هیوای سەربەخۆیی کورد و کوردستان بووە بڵقی سەرئاو.

خەبات و قوربانیدان و فیداکاری کورد کرایە قوربانی سیاسەتی دەوڵەتان وئەو ڕۆشنبیر و سیاسیانەی کورد، کەبەداخەوە بەهۆی نەبوونی یەکێتی و دووبەرەکی و ململانێی نێوانیان بۆ هەڵپەی بەرژەوەندخوازی و ساویلکەیی و کورت بینی لەناو کوردەکاندا ئەو هەل و دەرفەتە لەدەستچوو، ماڵوێرانی کوردی لێکەوتۆتەوە. ئەگەر چاوێك بەیاداشت و نووسینەکانی خۆماندا، وەکو: بلەچ شێکۆ و جەلادەت بەدرخان و ڕەفیق حلمی و ئەحمەد تەقی ... بێگرین، بەئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ کەمتەرخەمی کورد خۆی، بووە هۆی کێشە و ململانێ و هەڵپەی سەرکردایەتی کردن، ئەمانەش هەمووی بەزیانی کورد و دەستگیرنەبوونی مافی کورد، بەهۆی خۆیەوە بووە و دوژمنانی کورد، هەمیشە سوودیان لەو نارێکی و دووبەرەکیە وەرگرتووە کەلەنێوان کوردەکاندا هەبووە، لەبەرامبەردا هەمیشە دوژمنانی کورد هاوکاری یەکتریان کردووە، بۆ لەناوبردنی هەوڵ و تێکۆشانی کورد، زۆرجار بەپیلان و گوشار هەندێك حزبەکانیشیان لەیەکتر هانداوە، دواتر هاوپەیمانان لەبەڵێنە نارووونەکانیان لەپەیمانی سیڤر پەشیمانبوونەوە و بەریتانیا و تورکیا لەناو خۆیاندا ڕێکەوتن، بڕیاریاندا پرسی ویلایەتی موسڵ ڕەوانەی کۆمەڵەی گەلان بکرێت، دواتریش درابەعیراق، و مادەکانی پەیمانی سیڤر کاڵبوونەوە ولەدواییدا سڕێنرانەوە، ئیدی ئەو بەڵینانەی لەپەیماننامەی (سیڤر)دا هەبوون بوونە بەشێك لەبیرەوەریی و هیوای کوردەکان، لەئەنجامدا ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانەی گەلی کورد هەمووی بەفیڕۆچوو، ئایا کورد تاکەی لەکێشە و ململانێ لەگەڵ یەکتر بەردەوام دەبن و هەڵەکانی ڕابردوویان دووبارە دەکەنەوە و چارەنووسی خۆیان تێکدەشێنن.

**سەرچاوەی ئەم بابەتانە:**

https://dengekan.info/archives/author/rasulboskeni

هەواڵنامەی کتێب